مەشقی ئەستێرەی گەش
برەو بە ئاسایشی ناوچەیی دەدات

پاپەندبوونی ئەردەن
بۆ بەرگریکردن لە دەریای سوور

عێراق ڕاهێنانەوە بە خێزانەکانی
تیرۆریستانی داعش دەکات

# UNIPATH



# ئاشتی و ئاشتەوایی



مسگەرێکی عێراقی لە بازارێکی نەریتی
لە ناوەڕاستی شاری بەغداد لە
دوکانەکەیدا دەفرێکی قاوە دەکوتێت.
AFP/گێتی ئیمەیجس

# گرتەکانی سەرەتا




پەیکەرێک لە دۆحە، پایتەختی قەتەر، هێمای دەستکەوتەکانی خەڵاتی باڵای نێودەوڵەتیی شێخ تەمیم بن حەمەد ئال سانییە دژ بە گەندەڵی.

دەستەی یونیپاس

# پێڕست


**6** **هێزە فرەنەتەوەییەکان خۆیان بۆ ئەرکە هاوچەرخەکان ئامادە دەکەن**

زیاتر لە 8,600 سەرباز بەشداری لە مەشقی سەربازیی ئەستێرەی گەشدا دەکەن، کە لایەن میسر و ئەمریکاوە سەرپەرشتی دەکرێت

**11** **هێزەکانی یەمەن دەگەڕێنەوە بۆ مەشقی ئەستێرەی گەش**

**لیوا ئیسماعیل حەسەن زەهزۆح**، فەرماندەی هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت، کۆماری یەمەن

**12** **جێگیر لە دەریادا**

یەکێتی یەکلاکەرەوەی 26 پابەندبوونی هاوبەش بۆ بەرگریکردن لە کەناراوەکانی لوبنان نیشان دەدات

**14** **ڕێبازی هێزی نەرمی عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی توندڕەوەکان**

دەزگای دژەتیرۆر ڕاهێنانەوە و یەکخستنەوەی خێزانەکانی تیرۆریستانی داعش دەکاتە ئامانج

**دەزگای دژەتیرۆری عێراق**

**16** **ڕێنمایی دەستەبژێر**

لقێکی هێزە چەکدارەکانی ئەردەن لە ئەمریکا مەشقی چڕی شەڕکردن وەردەگرێت

**20** **مەشخەڵی هیوا لە کەنداوی عەرەبی**

ئیمارات یارمەتی ئاسایشی ئەو ناوچانە دەدات کە بەدەست جەنگ، کارەساتی سروشتی و قەیرانە مرۆییەکانەوە دەناڵێنن

**مریەم ئەل رومیسی**، بەڕێوەبەری گشتی دامەزراوەی گەشەپێدانی خێزانی ئیمارات

**24** **توندکردنی بەڕێوەبردنی سنوور**

فەریق عومەر عەدنان ئەل وائلی، سەرۆکی کۆمیسیۆنی بەندەرە سنوورییەکان، ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن عێراق لە 22 خاڵی پەڕینەوەی وڵاتەکە کار بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایش دەکات

**28** **چارەسەری دوای ململانێ لە غەززە**

**ئەیمەن سەفادی**، جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری کاروباری دەرەوە و هاوڵاتیانی تاراوگە، ئەردەن

**30** **پاسەوانی کەناراوەکانی یەمەن: هێڵی یەکەمی بەرگرییە بۆ ئاسایشی دەریایی**

**پاسەوانی کەناراوەکانی یەمەن**

**34** **کاریگەریی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لە تێکشکاندنی تیرۆریزم**

**پرۆفیسۆر د. ئینعام ئەلحەق غازی**، سەرۆک، ناوەندی تۆێژینەوەکانی وەرگێڕان و فرە زمانەوانی، ئیسلام ئاباد، پاکستان

**38** **سعودیە هەماهەنگیی سەربازی لەگەڵ ئەمریکا فراوانتر دەکات**

سەردانێکی سەرۆک وەزیرانی سعودیە بۆ ئەمریکا بەڵێنی کرینی فڕۆکەی جەنگیی پێشکەوتوو لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت

**40** **چاودێریکردنی پۆلیس**

کۆمیسیۆنی پشکنینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراق بەرەنگاری گەندەڵی دەبێتەوە و ئەدای کرداریی پۆلیس بەرەوپێش دەبات

**فەریق عاتف ئەل سودانی**، سەرۆکی کۆمیسیۆنی پشکنینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراق

**44** **پاراستنی ناوچەی دەریای سوور**

سەربازانی هێزی دەریایی شاهانەی ئەردەن و هێزێکی گەرۆکی هێزی دەریایی ئەمریکا لە تورەی ڕەسەنی 25 مەشق دەکەن

**فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا**

**46** **ئاسایش و خۆشگوزەرانی**

وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و کەنداوی عەرەبی هەماهەنگیی ستراتیژی قووڵتر دەکەن

**50** **تیمێکی نەبەرد**

هێزە تایبەتەکانی قەتەر و ئەمریکا لە میانی مانۆڕێکی سەربازیی هاوبەشدا هێرشێکی چەکی بایۆلۆژی خەیاڵی پوچەڵدەکەنەوە


**52** **گۆڕانکارییەکی ئاشتییانە لە شام**

**دکتۆر مەنال ڕەزوان**، نوێنەری باڵای کاربەدەست، سەرۆکی تیمی دانوستانکار، وەزارەتی دەرەوە، سعودیە

**54** **پرۆفایلی سەرکردەی باڵا**

جێگری فەریق مازن عەبدولواحید ئەلعامری، هێزی دەریایی عێراق

**58** **لە سەرانسەری ناوچەکە**


**لەسەر بەرگ**

ئاشتی و ئاشتەوایی پێویستی بە بەشداریکردنی هێزی چەکداری هاوچەرخ، چوست و تەواو ئامادەباش هەیە.

شێوەسازی یونیپاس


# UNIPATH

## ئاشتی و ئاشتەوایی

بەرگی 13، ژمارە 4

زستانی 2026


## فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا

فەریقی یەکەم براد کووپەر، هێزی دەریایی ئەمریکا




## پەیوەندیمان پێوە بکە

**Unipath**
c/o Commander
U.S. Central Command
7115 S. Boundary Blvd.
MacDill AFB, FL 33621 USA

**CENTCOM.
UNIPATH@MAIL.MIL**



یونیپاس گۆڤارێکی پیشەیی سەربازییە کە بەشێوەی وەرزی لەلایەن فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکاوە وەکو کۆڕبەندێکی نێودەوڵەتی بۆ ئەفسەرانی سەربازیی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشوری ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاست بڵاودەکرێتەوە. هەر تێڕوانینێك کە لەم گۆڤارەدا دەخرێتە ڕوو بەهیچ جۆرێك دەرخەری سیاسەت و بۆچوونی ئەم فەرماندەییە یان هەر دەزگایەکی حکومەتی ئەمریکا نییە. وتارە هەڵبژێردراوەکان لەلایەن دەستەی یونیپاسەوە نووسراون، بە ئاماژەکردن بە ناوەڕۆکەکانی تر ئەگەر پێویست بێت. وەزیری جەنگ ئەوەی ڕوونکردەوە کە بڵاوکردنەوەی ئەم گۆڤارە گرینگی خۆی هەیە لە ئەنجامدانی کاروباری گشتی وەک ئەوەی بەگوێرەی یاسا لە وەزارەتی جەنگ داواکراوە.

# پەیامی سەرەکیی سەرۆک



**سعودیە** لەسەر بنەمای شوێنی ستراتیژی، ڕوانگەی سەرکردایەتی، هێزی ئابووری و ڕۆڵی پاشاکەی وەک پارێزەری دوو مزگەوتی پیرۆز، بەردی بناغەی سەقامگیریی ناوچەیی و جیهانییە. هێزە چەکدارەکانی سعودیە لە ڕێگەی ڕێگریی کاریگەر، ئامادەیی بەرز و هاوبەشیی بەردەوامەوە ئەم بەرپرسیارێتییە لە ئەستۆ دەگرن، وە بە پابەندبوونێکی تەواو بە پیشەییبوون و بنەما مرۆییەکان ڕێنمایی دەکرێن.

وەک بەشێک لە بەرپرسیارێتیی هاوبەش لەپێناو ئاسایشی ناوچەیی و جیهانی، سعودیە لە پابەندبوون بە پەرەپێدانی توانا هاوبەشەکان بەردەوام دەبێت تا بتوانێت بۆ کارکردن لەگەڵ هاوپەیمانان و هاوبەشەکان لەنزیکەوە هەماهەنگیی ئەنجام بدات. هەر لەبەر ئەمەش یەکخستنی هێزەکان، ڕێگریکردنی یەکخراو و چالاکیی پێکەوەیی لە داهاتوودا بۆ پاراستنی سەقامگیری و پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان، بە تایبەت لە ژینگەی ئۆپەراسیۆنی ئاڵۆزی ئێمەدا ئێجگار گرنگە.

لە چوارچێوەی ڕوانگەی 2030، بۆ پاراستنی سەروەری و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان لە هەمان کاتدا بەشداریکردن لە ئاسایشی بەکۆمەڵ، سعودیە بەردەوامە لە هاوچەرخکردنی هێزە چەکدارەکانی. چەمکی سەربازیی ئێمە بۆ پاراستنی کاریگەری لە بەرامبەر هەر لایەنێکی هەڕەشەی پەرەسەندوودا ئامادەیی ئۆپەراسیۆنی، یەکخستنی هاوبەش، باڵادەستیی تەکنەلۆژی، وەڵامدانەوەی خێرا و یەکخستنی هێز لەگەڵ وڵاتانی هاوبەش لە داهاتوودا لە پێشینەی کارەکانی دادەنێت.

ڕێگرکردنی هاوچەرخ سنووری ڕەقەکاڵا تێدەپەڕێت. ئەمە بەندە لەسەر خۆڕاگریی نیشتمانی، پیشەسازییەکانی بەرگریی ناوخۆیی، سەرمایەی مرۆیی لێهاتوو و ئامادەیی لە سەرانسەری هەموو بوارە ئۆپەراسیۆنییەکان، لەوانەش ئەلیکترۆنی و بۆشایی ئاسمان. ئەم هەوڵانە مانەوەی هێزە چەکدارەکانی سعودیە بە ئامادەباشی مسۆگەردەکەن تا بتوانن شانبەشانی هاوبەشەکانیان لە ژینگە ئاڵۆز و کێبڕکێکارەکاندا کاربکەن.

یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی ڕێبازی شانشینەکە بریتییە لە بەهێزکردنی بەرگریی ئاسمانی و مووشەکی، بەرەوپێشبردنی تۆڕێکی یەکخراوی فرە ئاستی بەرگریی ئاسمانی و مووشەکی کە ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە باشتر دەکات، دەستنیشانکردنی هەڕەشە پشێدەخات و مەترسییەکانی هەڵسەنگاندنی هەڵە و پەرەسەندن کەمدەکاتەوە. وەبەرهێنان لە سیستەمەکانی وەک بەرگریی کۆتای ناوچەی زۆر بەرز (THAAD)، پێکهاتەی بەرگری کە بۆ پاراستنی ژێرخانی گرنگ و پشتیوانیکردن لە سەقامگیریی ناوچەیی داڕێژراوە، بەهێزتر دەکات.

هاوبەشییەکان بناغەی ئاسایشی بەکۆمەڵ، مەشقی هاوبەش و هەماهەنگیین. بە هەمان شێوە، هەماهەنگیی بەرگری بۆ باشترکردنی کاریگەریی ئۆپەراسیۆن و بەهێزکردنی متمانەی هاوبەش، لە ڕێگەی پلانی هەماهەنگیی ئاسایشی، وە فراوانکردنی هاوبەشییەکانمان لەگەڵ هاوپەیمانان، لەوانە بەرنامەی هاوبەشی ویلایەتیی پاسەوانی نیشتمانیی ئەمریکا لەگەڵ یەکەکانی ئیندیانا و ئۆکلاهۆما، زۆر گرنگە. ئەم هەوڵانە ڕەنگدانەوەی پابەندبوونێکی درێژخایەنن بە ئامانجی ئاسایشی هاوبەش و هەماهەنگیی کرداریی سەربازی.

ژینگەی جیۆستراتیژی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە ئاڵۆزی و ناسەقامگیری تایبەتمەندە، ئەمەش لە یەمەن، ئێران، غەززە، سوریا، لوبنان و گرژییە بەردەوامەکانی دەوروبەری باب ئەل مەندەبدا ڕەنگی داوەتەوە. سەرەڕای ئەوەش، ململانێکان لە سودان لە زیانگەیاندن بە یەکێتی و سەقامگیری، بە هەمان شێوە ئاسایشی دەریای سوور، بەردەوامە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە چۆن دەستدرێژیی ناوخۆیی دەتوانێت هەڕەشە لە بازرگانیی جیهانی، جوڵەی وزە و ئاسایشی دەریایی بکات. ناتوانرێت ئاسایشی دەریایی سعودیە و جیهان لە سەقامگیریی گشتیی ڕێڕەوە دەریاییە نێودەوڵەتییەکان جیابکرێنەوە. بەم پێیە، شانشینییەکە بۆ دەستەبەرکردنی ڕێڕەوی ئاویی ستراتیژی، بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە دەریاییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی بازرگانیکردن و قاچاخچێتی نایاسایی لە نزیکەوە لەگەڵ فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا و هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان کار دەکات.

هەڕەشە نانەریتییەکان بەردەوامن لە تێکدانی سەقامگیریی ناوچەکە. پشتیوانیکردنی گروپە چەکدارەکانی دەرەوەی دامەزراوە دەستوورییەکانی دەوڵەت ئاڵنگارییەکی ڕاستەوخۆ بۆ نەزمی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای یاساکان دروست دەکات. چارەسەرکردنی ئەم ئاڵنگارییانە یەکگرتوویی هاوپەیمانێتی، جێبەجێکردنی بەردەوامی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و پابەندبوونی هاوبەش بە ڕەتکردنەوەی بوار بۆ ڕەفتاری ناسەقامگیرکەر پێویست دەکات.

سعودیە ڕۆڵی لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و توندڕەوی توندوتیژدا هەبووە و بەردەوامیش دەبێت. جەنگ دژ بە توندڕەوی ناتوانێت تەنها پشت بە ئۆپەراسیۆنی جوڵەیی ببەستێت. هاوپەیمانیی سەربازیی ئیسلامیی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر کە لە ساڵی 2015ـدا لە ڕیاز دامەزرا، چوارچێوەیەکی کاری کرداریی بۆ هەماهەنگیی هەوڵە هاوبەشەکان، بەرزکردنەوەی ئاستی هاوبەشپێکردنی زانیاری و بەهێزکردنی کاریگەریی پێکەوەیی لە نێوان گەلانی هاوبەش دابین دەکات. هەوڵە سەرەکییەکانمان بۆ بەرەنگاربوونەوەی بیروباوەڕی توندڕەوی سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت و یاخیبوون و تێکشکاندنی ئەو تۆڕانەی پاڵپشتیی دارایی تیرۆریستین کە هەڕەشەی نێودەوڵەتی دروست دەکەن.

بە لەبەرچاوگرتنی قەبارەی هەڕەشەکان لە دەوروبەری ژینگەی ئاسایشی شانشینەکە، هێزە چەکدارەکانی بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی تەواوەتی بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی و ڕێساکانی شەڕی چەکداری، لە ئاستێکی بەرزی ئامادەباشیدان. شانشینەکە پابەندە بە ڕەفتاری مرۆڤانە، دادپەروەری و پاراستنی شکۆی مرۆڤ. ئەم بنەمایانە بەشێکی دانەبڕاون لە هێزە چەکدارەکانمان.

لە کۆتاییدا، ناتوانرێت ئاسایش لە بەرپرسیارێتی مرۆیی جیابکرێتەوە. لە ڕێگەی ناوەندی فریاگوزاری و هاوکاریی مرۆیی شا سەلمانەوە، سعودیە بە گوێرەی بنەماکانی بێلایەنی و جیاکاری نەکردن هاوکاریی مرۆیی بەرفراوانی لە سەرانسەری جیهاندا پێشکەش کردووە. تەنها لە یەمەن زیاتر لە 1,900 پرۆژە پێداویستییە گرنگەکانی لە ئاسایشی خۆراک، ئاو، چاودێریی تەندروستی و پەروەردە چارەسەر کردووە، ئەمەش بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی ململانێی درێژخایەن یارمەتیدەر بووە.

سعودیە لە پەیڕەوکردنی ڕێبازێکی هاوسەنگ و بەرپرسیارانە سەبارەت بە ئاسایش بەردەوام دەبێت، ڕێبازێک کە توانای سەربازی، هاوچەرخکردن، پەیوەندیی ستراتیژی، هاوبەشیی بەهێز، بەشداریکردنی مرۆیی و گەشەپێدانی هێز بە ئاراستەی داهاتوو یەکبخات. لە ڕێگەی ئەم ڕێبازەوە، شانشینەکە هەوڵدەدات سەقامگیری بەهێز بکات، پشتیوانی لە ئاسایشی بەکۆمەڵ بکات و بەشداری لە خۆڕاگریی سیستەمی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بکات.

**فەریقی یەکەم فەیاز بن حەمەد ئەلرووەیلی**

سەرۆکی گشتیی دەستەی ئەرکان، هێزە چەکدارەکانی سعودیە



# هێزە فرەنەتەوەییەکان

## خۆیان بۆ ئەرکە هاوچەرخەکان ئامادە دەکەن

زیاتر لە 8,600 سەرباز بەشداری لە **مەشقی سەربازیی ئەستێرەی گەشدا** دەکەن، کە لایەن میسڕ و ئەمریکاوە سەرپەرشتی دەکرێت

دەستەی یونیپاس

**درۆنێکی بچووکی کۆپتەری چوار پەروانەیی بێ کارمەند،** ئامێرێک کە لە بازاڕی بازرگانیدا بە چەند سەد دۆلارێک دەستدەکەوێت، لە نزیک گوندێک دەکەونە خوارەوە.

دوکەڵی سەوز لە تانکیەکەوە کە بە جەستەی درۆنەکەوە لکێنراوە، بڵاودەبێتەوە. هاوارێک هێمنیی بەیانی دەشێوێنێت: "گاز!"

پێنج گوندنشین لەسەر زەوی دەکەون، و هەناسەبڕکێیانە و پەلەقاژێ دەکەن. ئەمە نیشانەی بەرکەوتنە بە ماددەیەکی کیمیایی جەنگی، کە ئەگەر چارەسەر نەکرێت، ئەوا دەکرێت قوربانییەکانی بخنکێنێت.

تیمێکی فرەنەتەوەیی لە سەربازانی میسڕ، قەتەڕ و هیندستان دەگەنە شوێنی ڕووداوەکە.

کاتێک گوێزەرەوەیەکی بەڕێوەبراو لە دوورەوە خۆی دەگەیەنێت بۆ لێکۆڵینەوە لە پاشماوەی درۆنەکە، سەربازێک هاوار دەکات "ڕۆبۆتەکە بەگەڕبخە!". سەربازانی قەتەڕیی شارەزا لە ناسینەوەی ماددە کیمیایی، بایۆلۆژی و تیشکییەکان لە شوێنی ڕووداوەکە نموونە وەردەگرن. ئەوا گومان دەکەن گازەکە بریتی بێت لە ماددەیەکی دەماری کە بە VX ناودەبرێت.

لە ناوەندێکی خێرا پێکهێنراوی پاقژکردنەوەی قوربانیی بەکۆمەڵدا، میسری و هیندییەکان کە جل و بەرگی دژە ماددەی مەترسیداریان لەبەردایە، بەرلەوەی بە ئۆتۆمبێلی فریاگوزاری بەپەلە ڕەوانەی نەخۆشخانەیان بکەن، قوربانییەکان لە ماددە پیسکەرەکان پاقژدەکەنەوە.

گرنگیدان بە کاری تیم لە سەرانسەری دامەزراوە سەربازییەکان، ئەو یەکانەی کە لە هەندێک دۆخدا هەرگیز پێشتر پێکەوە کاریان نەکردبوو، زیاتر لە 8,600 سەربازی فرەنەتەوەیی بۆ مەشقکردن لە مەشقی سەربازیی ئەستێرەی گەشی 25 هێنایە میسڕ.

ئەستێرەی گەش کە لە 28ـی مانگی ئاب هەتا 10ـی مانگی ئەیلوولی 2025 بەردەوام بوو، سەرنجی خستە سەر هەڕەشە ئاوێتە هاوچەرخەکان کە بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە وا پێویست دەکەن هێزە زەمینی، دەریایی و ئاسمانییەکان وەکو هاوبەش کاربکەن. زۆرێک لەم هەڕەشانە بریتیین لە ئۆپەراسیۆنی نهێنی کە مەبەست لێیان تێپەڕاندنی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆیە لەگەڵ هێزە

سەربازانی ئەستێرەی گەشی 2025 لە بنکەی سەربازی محەمەد نەجیب مەشقی تۆپهاوێژی دەکەن. جۆسێپ کومزاک/سوپای ئەمریکا



ئەندامانی خزمەتگوزاریی فرەنەتەوەیی بەشداری لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی ئەستێرەی گەشی 2025 دەکەن. عەریفی دەستە ئەندرۆ ڤالێنزا / سوپای ئەمریکا

باڵادەستەکان، بەڵام ئەستێرەی گەش سیناریۆکانی ڕاهێنانی خۆی بۆ داواکارییەکانی ئەو جەنگە هاوچەرخە داڕشت.

چواردە وڵات بەشداربووانی ڕاهێنانیان بۆ ئەستێرەی گەش دابین کرد. جگە لە پۆلە سەربازییە گەورەکانی میسڕ و ئەمریکا، هێزەکانی ئەردەن، کوەیت، کۆماری قرغستان، قەتەڕ، سعودیە، یەمەن، قوبرس، یۆنان، هیندستان، ئیتاڵیا، باشووری ئەفریقا و بەریتانیا بەشدارییان لە چالاکییەکانی مەشقەکەدا کرد. سی و پێنج وڵات چاودێریان ڕەوانەکرد.

فەریق ئەحمەد خەلیفە، سەرۆکی دەستەی ئەرکانی هێزە چەکدارەکانی میسڕ، وەکو یەکێک لە گەورەترین مەشقە سەربازییە هاوبەشەکان لە جیهاندا ستایشی ئەستێرەی گەش دەکات. لەدوای ئەوەی بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1980 میوانداری ئەستێرەی گەشی کرد، میسڕ و ئەمریکا 19 جار مەشقەکەیان ئەنجامداوە.

"بە لەبەرچاوگرتنی ژمارەی زۆری وڵاتانی بەشداربوو و ئاڵوگۆڕی شارەزایی و زانیاری کە پێشکەش بە هەموو لایەنە بەشداربووەکان دەکرێت، دەمەوێت جەخت لەسەر گرنگی مەشقی هاوبەش بکەمەوە، بەتایبەتی ئەستێرەی گەش،" کاتێک سەرۆکایەتی ئامادەکارییەکانی بۆ مەشقەکە دەکرد، فەریق خەلیفە ئاماژەی بەوە دا.



**پەرەشوتوانێکی میسری لە جیزە بازدانێکی ئاسمانی کە دەیان سەربازی 13 وڵات تێیدا بەشداربوون، تەواو دەکات.**
جۆسێپ کومزاک/سوپای ئەمریکا



**فڕۆکەیەکی جەنگیی فاڵکۆنی F-16ی میسر بەسەر ئاسمانی باکووری میسردا بۆ پڕکردنەوەی سووتەمەنی لە فڕۆکەیەکی ستراتۆتانکەری KC-135ی هێزی ئاسمانیی ئەمریکا نزیک دەبێتەوە.** فڕۆکەوانی باڵا ناتالی جۆنز/هێزی ئاسمانیی ئەمریکا

"ئەم جۆرە ڕاهێنانە هاوبەشانە ئاستی ئۆپەراسیۆنەکانی داهاتوومان بەرز دەکەنەوە. من پێشتر بەشداریم لە مەشقەکانی ئەستێرەی گەشدا کردووە، وە کاریگەریی بەرچاو و بەردەوامیان هەبووە، هەتا ئەمڕۆش بەردەوام سوودیان لێوەردەگرم."

یەکەیەکی دەریایی کە لە 10 کەشتیی میسر، قەتەر، سعودیە، ئەمریکا، یۆنان و ئیتاڵیا پێکهاتبوو، کە بەسەر سێ هێزی ئەرکدا دابەشکرابوون، پاسەوانیی کەناراوەکانی باکووری میسریان دەکرد. جگە لە ئەرکە نەریتییەکانی وەک ڕاهێنانی کرداریی تۆپهاوێژی، هێزە ئەرکییەکان تەقاندنەوەی مینە ژێر ئاوییەکان، یاوەریکردنی هێزە جوڵەپێکراوەکان بۆ کەنار، گەیاندنی فریاگوزاریی مرۆیی و دەستبەسەرداگرتنی ئەو بەلەمانەی لە دەریادا تیرۆریستان و قاچاخچییەکانی تێدابوو، نمایشکرد.

یەکە ئاسمانییە فرەنەتەوەییەکان پێکەوە لە پێکهاتەی جیاوازدا فڕین، ئۆپەراسیۆنی وردی پڕکردنەوەی سووتەمەنی ئاسمانییان ئەنجامدا، سەربازانی هێزی ئاسمانییان دابەزاندە خوارەوە و مەشقی گواستنەوەی قوربانییان ئەنجامدا.

سەربازانی هێزی پیادە، زرێپۆش و تۆپهاوێژ درۆنەکانی دوژمنیان خستە خوارەوە و دزەکردنە سنوورییەکانیان بەرپەرچ دایەوە، لە کاتێکدا لەناو چادرەکاندا کە سیستەمی بانکیی کۆمپیوتەرییان تێدابوو، جەنگاوەرانی ئەلیکترۆنی لەبەرامبەر هێرشە ئەلیکترۆنییەکان بەرگرییان لە سیستەمەکانی فەرماندان، بەڕێوەبردن و پەیوەندییەکان کرد.

هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت کە یەکپۆشیی چەندین وڵاتیان لەبەردا بوو، دوای ئەوەی بە پەرەشوت بە خێرایی بەرەو زەوی دابەزین، گوندێکیان کۆنترۆڵکردەوە کە لەلایەن تیرۆریستانەوە داگیرکرابوو.

"ئەم هەمەچەشنییە بە بەراورد بەو مەشقانەی کە گرنگی بە یەک چالاکی دەدەن سوودێکی سەرەکی دەگەیەنن، ئەمەش وایکردووە ببێتە سەکۆیەکی نایاب بۆ تاقیکردنەوە و پەرەپێدانی یەکخستن لە سەرانسەری لقە سەربازییە جیاوازەکاندا،" عەمید ڕوکن غەریب عەبدولحافز غەریب وتەبێژی سەربازیی میسر ڕایگەیاند.

"ئەستێرەی گەش بۆ پەرەپێدانی تواناکانی هێزەکانی ئەمریکا و میسر بۆ ئەنجامدانی ئەرکی هاوبەش و دوولایەنە کە مامەڵە لەگەڵ هەموو جۆرە هەڕەشەیەکی ڕێک و نارێکدا دەکات، دەرفەتێکی باش دەڕەخسێنێت."

هەماهەنگیی شان بە شان نموونەی ئەو ڕاهێنانە تایبەتمەندە بوو کە لە بنکە

بچووکەکان لە زەوییە بیابانییەکانی بنکەی سەربازی محەمەد نەجیب لە باکووری میسڕ ئەنجامدرا. لێرەدا سەربازەکان داماڵینی ئامێرەکانی بۆمبی چێنراو، جێگیرکردنی برینەکانی سەنگەر، بەرپەرچدانەوەی درۆن، و پاککردنەوەی تونێلە سنوورییەکان و لێدانی ئامانجەکان بە چەکی قەناس فێربوون.

لە نیوەڕۆدە لەناو چادرێک، پزیشکانی ئەمریکی تەکنیکەکانی ڕزگارکردنی ژیان، لەنێویاندا ڕاگرتنی خوێنبەربوونی برینەکانی سەنگەر بە برینپێچ بۆ سەربازانی قرغستان و میسڕ نمایش کرد.

کاتێک کە بەکارهێنانی بەستەری برینی بۆ خاوکردنەوەی لێچوونی خوێنی لە خوێنبەرێکی پچڕاوی قاچ نمایش دەکرد، عەریفی دەستە جوشوا ئەیمس لە سوپای پاسەوانی نیشتمانیی ئەمریکا لە ویلایەتی تێنێسی ئاماژەی بە پێویستی خێرایی کرد سەرەڕای بوونی ئاڵۆزییەکانی شەڕ.

"ئەمە خوێنبەربوونەکە دەوەستێنێت،" عەریفی دەستە ئەیمس کاتێک بەستەری برینەکەی جێگیر کرد، ئاماژەی پێدا. "بەڵام ئەگەر بۆ ماوەی دوو، سێ یان چوار کاتژمێر ئەمەی لەسەر بهێڵمەوە، ئەوا لەوانەیە قاچی لەدەست بدات."

کۆماری قرغستان، تەنها دەوڵەت لە ئاسیای ناوەڕاست کە بەشداری لە مەشقی ئەمریکا و میسڕدا کردووە، 14 سەربازی پزیشکی ڕەوانەکرد.

"مەشقکردن لەگەڵ سەربازانی ئەمریکا، میسڕ و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕێکخستنی پشتیوانیی پزیشکی لە بەرەکانی شەڕدا ئەزموونمان پێدەبەخشێت،" موقەدەم ئیسماعیلۆڤ ئولوکبێک، سەرۆکی بەشی پزیشکیی سەربازی لە وەزارەتی بەرگریی قرغزستان ڕایگەیاند. "لە ئێستادا ئێمە خەریکی ئامادەکردنی نەخۆشخانەیەکی مەیدانیی سەربازیین بۆ جێگیرکردن بۆ ئۆپەراسیۆنێکی ئاشتیپارێزی، وە ئەو ئەزموونەی لە ئەستێرەی گەشدا بەدەستمان هێناوە بە دڵنیاییەوە سوودمان پێدەگەیەنێت."



فەریقی یەکەمی هێزی دەریایی ئەمریکا براد کووپەر، چەپ، فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا و فەریق ئەحمەد فەتحی خەلیفە، سەرۆک ئەرکانی گشتیی هێزە چەکدارەکانی میسڕ، لە چالاکییەکی یەکخراوی تەقەکردنی ڕاستەوخۆی چەک لە ئەستێرەی گەش ئامادە دەبن. عەریف ئەینجێلا ویکۆکس/ هێزی دەریایی ئەمریکا

هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت لە ئەستێرەی گەش لە ڕزگارکردنی بارمتەکان لە هێرشی دەستوبردەوە تا دەگاتە خستنەخوارەوەی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی بێ تەل (UAV) بە مووشەک، مەشقی پێشکەوتوویان وەرگرت. بە هەمان شێوە هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت بازدانێکی نمایشییان بەسەر هەرەمەکانی جیزەدا ڕێکخست. ئەوان بەشێک بوون لە نزیکەی ئەو 90 سەربازەی کە دابەزینەکەیان ئەنجامدا. بەشێکی زۆریان لە کاتی دابەزینیان بە پەرەشوت بۆ شوێنەوارە بەناوبانگەکان ئاڵای نیشتمانی خۆیان هەڵدا.

موقەدەم وەلید ئەبو ئەلغەنام، ئەفسەری بەرپرسی 50 سەربازی هێزی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی ئەردەن لە ئەستێرەی گەش، تیشکی خستە سەر دەرفەتی مەشقکردن لەگەڵ هاوبەشەکانی وەک ئەمریکا.

سەربازانی هیندستان لە بیابانی بنکەی سەربازیی محەمەد نەجیب بەکارهێنانی ئامێری دۆزینەوەی مین نمایش دەکەن. پسپۆر سینتزیا گۆمێز بێلتران / سوپای ئەمریکا





تانکەکانی ئەبرامزی ئەمریکا و سعودیە بۆ بەرپەرچدانەوەی دزەکردنی چەکداری لە سنوورەکان، ئەرکێکی هاوبەش لە ئەستێرەی گەش ئەنجام دەدەن. جۆسێپ کومزاک/سوپای ئەمریکا



بەلەمێکی پاسەوانیی میسرِ بە پشتیوانیی هێزە دەریاییەکان لە دەریاوە یارمەتی ئەنجامدانی هێرشێکی زەمینی و ئاوی دەدات. جۆسێپ کومزاک/سوپای ئەمریکا

"هاوبەشی لەگەڵ ئەمریکا یارمەتیی هێزە تایبەتەکانی ئەردەن دەدات پەرە بە ئامرازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ هەڕەشە هاوچەرخەکانی وەک جەنگی ئەلیکترۆنی، هێرشی درۆن و ئۆپەراسیۆنە ناهاوسەنگەکان بدەن. ئەم گونجاندنە لە ژینگەیەکی ئاسایشی خێرا گۆڕدراو و پێشبینی نەکراودا ئێجگار گرنگە،" موقەدەم ئەلغەنام ئاماژەی پێدا.

یەکێک لە گەورەترین گروپی فێرخوازان لە هێزە چەکدارەکانی هیندستانەوە هاتبوون، کە نزیکەی 600 سەربازیان ڕەوانە کرد، لەنێوانیاندا 137 سەرباز لە سوپا، 137 سەرباز لە هێزی ئاسمانی، 302 سەرباز لە هێزی دەریایی و 23 سەرباز لە بارەگا یەکخراوەکانی وەزارەتی بەرگریی هیندستان. سەربازانی هیندستان بە نزیکەیی لە هەموو چالاکییەک لە ئەستێرەی گەش، لەنێویاندا مانۆڕی ئاسمانیی ئاڵۆز لەگەڵ فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا و میسر دەرکەوتن.

دەستەکەی هیندستان لە ژێر چەمکی ڤاسودایڤا کوتومباکام کە مانای "هەموو جیهان خێزانێکە" دەبەخشێت، کاریان دەکرد، عەقید کاران خورانا، فەرماندەی هێزەکانی هیندستان لە مەشقەکە ڕایگەیاند.

"ئەستێرەی گەش گەورەترین و کۆنترین مەشقی فرەلایەنەیە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا، کە سەکۆیەکی نایاب بۆ یەکخستن و فێربوون لەیەکترەوە بۆ هەموو بەشداربووان دابین دەکات،" عەقید کاران خورانا ئاماژەی پێدا. "گەیشتن بە کارکردنی پێکەوەیی لەگەڵ وڵاتانی هاوبەش، پەرەپێدانی توانا هاوبەشەکان و مسۆگەرکردنی هەماهەنگیی بێ کێشە لەگەڵ وڵاتانی هاوبەشمان ئەو هۆکارانەن کە وا دەکەن هێزە چەکدارەکانی هیندستان بە جۆش و خرۆشەوە بەشداری لە ئەستێرەی گەشی 2025ـدا بکەن."

هیندییەکان هاوشانی میسری، قەتەری، سعودی و ئەمریکییەکان لەنێوان 96 بەشداربووەکەی سەکۆی ئەستێرەی گەشدا بوون. ئەمە دیدارێکی پێنج ڕۆژی بوو کە پرسە دیارەکانی ئاساشی وەک ژێربی دەستکرد، درۆن، ئاسایشی ئەلیکترۆنی، هاوکاری مرۆیی و وەڵامدانەوەی کارەساتەکان و یاسای مرۆیی نێودەوڵەتیی تاوتوێ کرد.

سەرەڕای ئەوەی زۆربەی مەشقە مەیدانییەکانی ئەستێرەی گەش تیشکی خستە سەر بەرەنگاربوونەوەی درۆنی دوژمن، بەڵام بەشداربووانی سەکۆکە پرسی گرنگی هاوشێوەیان وروژاند کە بریتی بوو لە ئامێربەندکردنی هێزە دۆستانەکان بە هەمان تەکنەلۆژیا.

"بەکارهێنانی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی بێ تەل و درۆن نەک تەنها بۆ کارمەندان بەڵکو لە ڕووی داراییشەوە باشترە. درۆن بژاردە بە ئێمە، وەک سەرکردە، دەبەخشێت،" ئەفسەرێک ئاماژەی پێدا.

سەبارەت بە ئەستێرەی گەش بە گشتی، 14 وڵات هێزەکانیان لە پێکهاتەکانی زەمینی، دەریایی و ئاسمانیدا بەشداری پێکرد، فەرماندەکانی وەک فەریق پاتریک فرانک، فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی سوپای ئەمریکا بۆ نمایشکردنی لێهاتوویی و کاری تیمی بە جۆش و خرۆش بوون.

"ئەم سەربازانە و هەموو ئەم ئەفسەرانەی دەستە لەسەر بنەمای هاتن بۆ ئەستێرەی گەش و بوون بە بەشێک لەم مەشقە مەزنە کە هەر دوو ساڵ جارێک ئەنجامی دەدەین، دەگەڕێنەوە بۆ سوپای خۆیان و کۆمەڵێک کارامەیی باشتر لەگەڵ خۆیان دەبەنەوە." فەریق فرانک ڕایگەیاند. ✦



# هێزەکانی یەمەن دەگەڕێنەوە
# بۆ مەشقی ئەستێرەی گەش

**لیوا ئیسماعیل حەسەن زەهزۆح**، فەرماندەی هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت، کۆماری یەمەن

**ئامادەبوونی یەمەن** لە ئەستێرەی گەشی 2025 لە شێوەی هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی یەمەن لە تەنها بەشداریکردنێک لە مانۆڕێکی سەربازی نەریتی زیاترە. بەڵکو، نوێنەرایەتی گەڕانەوەی یەمەن بۆ نیشتمان دەکات، چونکە لەدوای ساڵانێک لەو کەنارگیرییەی بەهۆی جەنگ و ململانێ ناوخۆییەکانەوە لە دەرەنجامی کودەتاکەی میلیشیا تیرۆریستییە حوسییەکانەوە سەپێنرا، پەیوەندی بە هاوبەشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانەوە دەکاتەوە.

ئەم بەشدارییە لەدوای ئامادەنەبوون بۆ ماوەیەکی زۆر، ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە یەمەن پێگەی ئاسایی خۆی هاوشان لەگەڵ 44 وڵات، لەوانە میسر، ئەمریکا و سعودیە، لە بەهێزترین مەشقی هاوبەشی سەربازی لە ناوچەکە بەدەستدەهێنێتەوە.

من بۆ میوانداریکردنی بەخشندەییانەیان، پێشوازی گەرم و ئەو گرنگیپێدانەی کە بە ئێمەیان دا، سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی برایانمان لە کۆماری میسری عەرەبی دەکەم. بە هەمان شێوە ئێمە بۆ میوانداریکردن و دەرفەتدان پێمان، دوای ساڵانێک لە ئامادەنەبوونمان، بۆ بەشداریکردن لەم مەشقە نێودەوڵەتییە گرنگەدا، هەروەها بۆ ئەو پشتگیرییەی کە پێشکەشیان کردووە بە درێژایی گەشتەکەمان لە یەمەنەوە تا گەیشتنمان بە میسر، سوپاسی هاوتاکانمان دەکەین لە فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا.

گەڕانەوەی یەمەن بۆ ئەستێرەی گەش ڕەهەندی سیاسی و ئاسایشیی قووڵی هەیە: ئەمە ڕەنگدانەوەی پابەندبوونی یەمەنە بە ڕۆڵی سەرەکی خۆی لە دەستەبەرکردنی ڕێڕەوی کەشتیوانیی نێودەوڵەتی و پاراستنی بازرگانیی جیهانی لە هەڕەشە تیرۆریستییەکان، لەوانەش چالاکییە شەڕانگێزییەکان کە لەلایەن تیرۆریستانی حوسیی پشتیوانیکراو لەلایەن ئێرانەوە ئەنجامدراون.

بوونی یەمەن لە چوارچێوەی کاری هەماهەنگییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بریتییە لە دەرچەیەکی سەلامەتی بۆ سەقامگیری ناوچەکە. لە ڕێگەی ڕاهێنانی هاوبەش لەگەڵ هاوپەیمانان، بەتایبەتی لە بوارەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، شەڕکردن لە ژینگە شاری و بیابانییەکان، بەرگریی ئەلیکترۆنی، هەواڵگری و سیستەمی بێ کارمەند، گرنگی بەشدارکردنی هێزەکانمان زیاتر بووە.

ئەم بەشدارییە نەک بە تەنها تواناکانی هێزە چەکدارەکانی یەمەن بەرز دەکاتەوە بەڵکو پەیامێکی متمانە بۆ گەلی یەمەن دەنێرێت کە وڵاتەکەیان لەتوانایدایە هەڵسێتەوە و شانبەشانی هاوبەشەکانی بەرەنگاری تیرۆریزم ببێتەوە.

گەلی یەمەن ئەو هەواڵە خۆشەیان پێدەگات کە ئێمە هەوڵ بۆ لەناوبردنی میلیشیا تیرۆریستییە حوسییەکان دەدەین، کە دەیان چەوسێننەوە و بەشێک لە خاکی کۆماری یەمەنیان داگیر کردووە. بە ویستی خودا، وە بە هەماهەنگیی برایان و هاوبەشە نێودەوڵەتییەکانمان، ئەم کانگای تیرۆریستییە بنبڕدەکەین.

ئێمە لە ناوچەکەدا هاوبەشین؛ دوژمنەکەمان هەمان دوژمنە، وە هەموومان بۆ سەقامگیرکردنی ناوچەکە تا خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن بەخۆیەوە ببینێت، خواستێکی هاوبەشمان هەیە. بێگومان، ئێمە لەگەڵ هاوبەشەکانمان لە ئەمریکا دەڕوانینە فراوانکردنی ئاسۆ و بوارەکانی هەماهەنگیی سەربازی لە دەرەوەی مەشق و ڕاهێنانەکان. هیواداریین لە هەموو لایەنەکانی پشتیوانیی سەربازی دەست بە هەماهەنگی بکەینەوە.

لەو ڕووەوە ئەستێرەی گەش هەنگاوێکی مەزنە بەرەو پێشەوە. لە میانی مەشقەکەدا، توانیمان ئەزموون و شارەزایی وڵاتانی دۆست بە سەرۆکایەتی ئەمریکا وەربگرین، بە هەمان شێوە گەواهیدەری ئەدای کرداریی براکانمان لە میسر و وڵاتانی تر بووین، کە سوودێکی زۆری پێمان بەخشی.

ئێمە شان بە شانی نوێترین تەکنەلۆژیا و تاکتیکەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئامادەیی هێزەکانمان، هەروەها بواردان بە سەربازەکانمان بۆ بڕیاردانی خێرا لە ژینگە جیاوازەکاندا، زەمینی، دەریایی و ئاسمانی، کاردەکەین.

جەنگی ئەلیکترۆنی بووە بە یەکێک لە لایەنە گرنگەکانی جەنگی نەوەی پێنجەم. یەکێکە لە یەکەم لەپێشینەکان کە لە جەنگە هاوچەرخەکاندا بەکاردەهێنرێت. بە درێژایی ئەستێرەی گەش، لەم بوارەدا فێری تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و ئەنجامدانی ڕاهێنان بووین.

بێ گومان زانیاری زۆر هەیە کە ئێمە دەتوانین سوودیان لێ وەربگرین، بە تایبەت ئەوەی کە دوژمنەکەمان تەکنیک و تەکنۆلۆژیای ئەلیکترۆنی پێشکەوتووی ئێران و وڵاتانی تر کە ئامانجیان تێکدانی ئاسایشی ناوچەکەیە، بەکاردەهێنێت. پێویستە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم مەترسیە، ببین بە خاوەنی ئەم تەکنەلۆژیایانە.

هیواداریین یەمەن لە قۆناغە سەرەتاییەکانی مەشقەکانی داهاتوودا، لەوانە پلاندانان، لۆژستی و دابینکاریی ئامێرەکان بەشداری بکات. بە هەمان شێوە ئومێدەوارین بە هێز و پسپۆڕی باشتر و لە بوارێک زیاتر بەشداری بکەین.

زۆربەی ئەو وڵاتانەی بەشداری لە ئەستێرەی گەشدا دەکەن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن و ئاڵنگاریی ئاسایشیی هاوبەشیان هەیە. بۆیە، ئەم مەشقە دەرفەتێک بۆ چالاکی هاوبەش دەڕەخسێنێت، ئاخۆ لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، ئاسایشی دەریایی بێت یاخود ئۆپەراسیۆنە ئاسمانییەکان. مەشقەکە، کە سیناریۆی جیهانی ڕاستەقینە هاوشێوە دەکات، بۆ بەرزکردنەوەی کارکردن لە ژینگەیەکی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشدا لەپێناو ئاسایشی ناوچەکە دەرفەتێکی ئێجگار باشە.

گەڕانەوەی یەمەن بۆ ئەستێرەی گەش و مەشقە سەربازییە نێودەوڵەتییەکانی تر لە دوای زیاتر لە یەک دەیە بە تەنها بریتی نییە لە گەڕانەوە بۆ بەرنامەکانی مەشقکردن، بەڵکو دووبارە بەدەستهێنانەوەی پێگەی ستراتیژی دەخاتەڕوو کە جارێکی تر وڵاتەکە دەخاتە ناو ئەو چوارچێوە هاوبەشییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییانەی بۆ پاراستنی سەقامگیری ناوچەکە، بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و ئەو ئاژاوەگێڕییانەی هەڕەشەن بۆ سەر کەشتیوانی نێودەوڵەتی کاردەکەن. ✦



# جێگیر لە دەریادا

## یەکێتیی یەکلاکەرەوەی 26 پابەندبوونی هاوبەش بۆ بەرگریکردن لە کەناراوەکانی لوبنان نیشان دەدات

دەستەی یونیپاس | وێنەکان لەلایەن هێزە چەکدارەکانی لوبنان

لەناو جوڵەی جەنجاڵی باڵەکانی هێلیکۆپتەر و پەتە هەڵواسراوەکانی نیشتنەوە، هێزەکانی کۆماندۆی لوبنان توانای خۆیان بۆ هێرشکردنە سەر کەشتییەکی ڕفێنراو لە دەریای ناوەڕاست نیشاندا.

نمایشی لێهاتوویی سەربازی یەکێک بوو لەو چەندین ئۆپەراسیۆنە زەمینی، دەریایی و ئاسمانییەی کە لە مانگی تشرینی یەکەمی 2025ـدا هێزە دەریاییەکانی لوبنان و ئەمریکای لە مەشقی یەکێتیی یەکلاکەرەوەی 26 بەشدار پێکرد.

بە گرنگیدانێکی بەرچاو بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، مانۆڕەکە بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانی هێزە چەکدارەکانی لوبنان بۆ بەرگریکردن لە ناوچە ئاوی و کەناراوەکانی داڕێژرابوو.

هێزی دەریایی لوبنان بە بەشداریی هێزی ئاسمانیی لوبنان و پۆلیسی سەربازی و یەکەکانی ئەندازیاری و کۆماندۆ لە مەشقی یەکێتی نەگۆڕدا ڕۆڵی پێشەنگی گێڕا. هێزی دەریایی هاوبەشی سەر بە هێزی ناوخۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە لوبنان کە لە ساڵی 2006ـەوە لە پاسەوانیکردنی کەناراوەکانی لوبنان هاوکاریی هێزی دەریایی لوبنانی کردووە.

فەرماندەیی ناوەندیی هێزە دەریاییەکانی ئەمریکا (NAVCENT) لە ژێر چاودێریی هێزی ئەرکی 56، کە لەگەڵ هاوبەشە ناوچەییەکان لەسەر تواناکانی وەک لە ناوبردنی کەرەستەی تەقەمەنی، مەلەوانیی ژێر ئاو، وە پەلاماردان، سواربوون، گەڕان و دەستبەسەرداگرتن ڕاهێنان دەکات، کارمەند و کەشتیی بۆ مەشقەکە دابینکرد. بە هەمان شێوە سوپای ئەمریکا و پاسەوانی کەناراوەکان بەشداریان لە یەکێتیی یەکلاکەرەوەی 26ـدا کرد.

"یەکێتیی یەکلاکەرەوەی 26 بواری بۆ ڕەخساندنین زانیاری ئاڵوگۆڕ بکەین، توانا بنیات بنێین و هەماهەنگی لەگەڵ هاوبەشەکانی هێزی دەریایی لوبنان بەهێز بکەین." عەقیدی هێزی دەریایی ئەمریکا برایان ڕێیتەر، فەرماندەی هێزی ئەرکی 56، ڕایگەیاند. "مەشقکردن پێکەوە لە سەرانسەری چەندین کۆمەڵە ئەرکی جیاواز، کاری تیمی و تواناکانی ئاسایشی دەریایی یەکگرتوومان بەرز دەکاتەوە."

سیناریۆکان مەشقی ئاسایشی دەریایی لەخۆگرتبوو. سەربازانی کۆماندۆ ڕێگرییان لە کەشتییەک کرد کە لەلایەن تیرۆریستانەوە ڕفێندرابوو. کەشتییە جەنگییەکان مەشقی تۆپهاوێژیی دەرییاییان ئەنجامدا. سەربازانی پزیشک بە هێلیکۆپتەر هاوکارە بریندارەکانیان بۆ چارەسەرکردن لەلایەن خاچی سووری لوبنانەوە دەربازکرد.

لە کۆتایی مەشقەکەدا، لە کۆمەڵگەی کەناراویی باکووری لوبنان لە حەنوش حەمات، هێزەکانی لوبنان لەبەردەم ئامادەبووانی خاوەن پێگەی باڵا لەوانە فەرماندەی بە وەکالەتی سوپای لوبنان، لیوا حەسەن عەودە و بەرپرسی کاروباری باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە لوبنان کێیس هانیگن، نمایشی لەناوبردنی شانەیەکی تیرۆریستییان ئەنجامدا.

گەڕی پێشووی یەکێتیی یەکلاکەرەوە لە مانگی تەمموزی 2023ـ بەڕێوەچوو. دووبارەبوونەوەی هەر دوو ساڵ جارێک، هەماهەنگی بەهێزتر دەکات و هاوئاهەنگی نێوان هێزەکانی ئەمریکا و لوبنان بنیات دەنێت. ✦

▶ هێزەکانی لوبنان لە سیناریۆیەکی ڕفاندنی تیرۆریستیدا هێرش دەکەنە سەر کەشتییەک.



هێزەکانی لوبنان لە یەکێتیی یەکلاکەرەوەی 26 چالاکیی چۆڵکردنی پزیشکی ئەنجام دەدەن.



سەربازێک لە میانی مانۆڕێکی پەلاماردان، سواربوون، گەڕان و دەستبەسەرداگرتندا لە دەریای ناوەڕاست لە هێلیکۆپتەرێک دادەبەزێتە خوارەوە.



سەربازانی کۆماندۆی لوبنان هەڵیانکوتایە سەر حەشارگەیەکی خەیاڵیی تیرۆریستان لە کەناراوەکان.




# ڕێبازی هێزی نەرمی عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی توندڕەوەکان

## دەزگای دژەتیرۆر ڕاهێنانەوە و یەکخستنەوەی خێزانەکانی تیرۆریستانی داعش دەکاتە ئامانج

دەزگای دژەتیرۆری عێراق | وێنەکان لەلایەن AFP/گێتی ئیمەیجس

بە شێوەیەکی بەرفراوان دەزگای دژەتیرۆری عێراق بە ئۆپەراسیۆنە ئامانجدارە مەیدانییەکانی دژ بە داعش ناسراوە، بەڵام ئەرکی تری کەمتر ناسراو و هاوتاست گرنگ لەخۆدەگرێت: پەیڕەوکردنی ڕێبازی هێزی نەرم بۆ بەرەنگاربوونەوەی بیروباوەڕی توندڕەو. ئەم ڕێبازە لە ڕێگەی پێکهاتەیەک لە هەڵسەنگاندنی وردی ئاسایشی، پشتیوانیی دەروونی، ئاراستەکردنەوەی بیرمەندی و ئایینی، وە بەرنامەکانی ئاوێتەکردنی کۆمەڵگاوە سەرنج دەخاتە سەر ڕاهێنانەوەی بیرمەندی و کۆمەڵایەتیی ئەو کەسانی لە کەمپی ئەلهول سوریاوە هێنراونەتەوە.

کەمپی ئەلهول، لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا، ئاڵنگاریی ئاڵۆزی ئاسایشی و مرۆیی دروست دەکات: دەیان هەزار ژن و منداڵی داڵدە داوە، لە نێوانیاندا ئەندامان یاخود ئەو خێزانانەی پەیوەندییان بە داعشەوە هەیە. دەزگاکانی ئاسایش کەمپەکە وەک ژینگەیەکی بەپیت بۆ بڵاوکردنەوەی توندڕەوی توندوتیژ سەیر دەکەن، چونکە بیروباوەڕی توندڕەوبوون لەناو کەمپەکەدا بەردەوامە لە بڵاوبوونەوە و پەروەردەکردن.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم چوارچێوەیە، لە 11ـی مانگی ئازاری 2025، دەزگای دژەتیرۆری عێراق لەژێر چاودێری و پشتیوانیی ڕاستەوخۆی فەرماندەکەی، فەریق کەریم ئەلتەمیمی، بەرنامەیەکی بۆ پشتیوانیکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی ڕاهێنانەوە دەستپێکرد. بەرنامەکە سەردانکردنی ناوەندی ئەل ئەمەل بۆ ڕاهێنانەوەی دەروونی و کۆمەڵایەتی لە پارێزگای نەینەوا بۆ ڕاپرسی و هەڵسەنگاندنی نموونەیەکی گەڕاوەکانی کەمپی ئەلهول لەخۆگرت. لە میانی ئەو سەردانانەدا، لەگەڵ بەرپرسان و کارمەندانی ناوەندەکە لەنێویاندا نوێنەرانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، بە تایبەتی ئەوانەی ئەمریکا، کە سەرەڕای ئاڵنگارییە کارگێڕی و داراییەکان بەردەوامن لە پێشکەشکردنی پشتیوانی و چاودێریی مرۆیی، چەندین کۆبوونەوە ئەنجامدرا.

بە بەکارهێنانی ئەو زانیاریانەی لەم سەردانانە کۆکرانەوە، وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق لەگەڵ هاوبەشەکانی ئەمریکا کاریان بۆ دارشتنی پلانێک کرد کە بووە هۆی واژۆکردنی ڕێککەوتنێکی هەماهەنگی و هاوکاری لەنێوان وەزارەتەکە و دەزگای دژەتیرۆر لە مانگی تەمموزی 2025.

ڕێککەوتنەکە لایەنەکانی ئاسایش، دەروونی و زانیاری لەخۆدەگرێت کە پشتیوانیکردن لە ئاوێتەکردن، پاراستن و ڕاهێنانەوەی گەڕاوەکانە بۆ عێراق لەدوای چەندین ساڵ ژیان لە ژینگەیەکی بیروباوەڕی وەهادا کە توندڕەوی بەرهەمهێنا، دەکاتە ئامانج.



ڕێبازی دەزگای دژەتیرۆر لەسەر ئەو باوەڕە دامەزراوە کە بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوی لە ڕووی بیرمەندی و کۆمەڵایەتییەوە هێندەی ئۆپەراسیۆنە جوڵەییەکانی دژە تیرۆر گرنگە. بەم پێیە، دەزگاکە چەندین بەرنامەی گرتۆتەبەر:

1. **پشکنینی پێشوەختە:** بەر لە تۆمارکردنی ناوی گەڕاوەکان لە بەرنامەکانی چاکسازیدا، دەزگاکە بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگا ئاسایشییەکانی تر بۆ دەستنیشانکردنی ئاستی هەڕەشە و پۆلێنکردنی تاکەکان لەسەر بنەمانی ڕادەی ئەو مەترسییەی دروستی دەکەن، پشکنینی ورد ئەنجام دەدات.
2. **پشتیوانیی دەروونی و چارەسەری زەبری دەروونی:** زۆرێک لە گەڕاوەکان، بە تایبەتی ژنان و منداڵان، لە ئەنجامی شەڕ و ئاوارەبوون تووشی ڕاتەکانی دەروونی بوون. دەزگاکە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیی فشاری دوای زەبری دەروونی و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی دابڕانی کۆمەڵایەتی و مێشک شۆردنەوەی ئایدیۆلۆژی، لەگەڵ پسپۆڕەکانی تەندروستیی دەروونی کار دەکات.
3. **ئاڕاستەکردنەوەی ئایینی و بیرمەندی:** بە هەماهەنگی لەگەڵ زانایانی ئایینی و دامەزراوە پەروەردەییەکان، دەزگاکە بەرنامەکانی چاکسازی پێشکەش دەکات کە لێکدانەوەی توندڕەوەکان بۆ دەقە ئایینییەکان پووچەڵ دەکاتەوە و جەخت لەسەر پێکەوەژیان و ڕەتکردنەوەی توندوتیژی دەکاتەوە.
4. **بەرنامەکانی یەکخستننی کۆمەڵگا:** دەزگاکە لەگەڵ سەرکردەکانی هۆزەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی و دەسەڵاتە ناوخۆییەکان بۆ ئاسانکردنی گەڕانەوەی تاکەکان بۆ کۆمەڵگەی ڕەسەنی خۆیان هەماهەنگی دەکات، لە هەمان کاتدا کار بۆ کەمکردنەوەی چەواشەکاریی کۆمەڵایەتی و دەستەبەرکردنی چاودێریی ئەرێنی کۆمەڵگا دەکات.

ناکرێت وەک یەک کەیسی ئاسایشی مامەڵە لەگەڵ هەموو گەڕاوەکاندا بکرێت. هەندێکیان پابەندن بە بیروباوەڕی توندڕەو، لەکاتێکدا ئەوانی تر قوربانیی زۆرەملێ بوون. دەستنیشانکردنی ئەم جیاوازیانە بوار بۆ دەزگاکە دەڕەخسێنێت بەرنامەی تایبەتمەند دابڕێژێت کە ئاسایش، پاراستن و ڕاهێنانەوە یەکبخات، ئەمەش دەرفەتی سەرکەوتن زیاد دەکات و مەترسی دووبارەبوونەوەی تاوانەکە کەمدەکاتەوە.

ئەزموونەکان دەریانخستووە کە بەشداریکردنی کۆمەڵگا ناوخۆییەکان لە پرۆسەی ڕاهێنانەوە گرژییەکان کەمدەکاتەوە و ئەگەرەکانی سەرکەوتن زیاد دەکات. بە هەمان شێوە دابینکردنی ڕاهێنانی پیشەیی بۆ گەڕاوەکان ئەنجامێکی باشتری لێدەکەوێتەوە.

ئەزمونی عێراق شێوازێکی گرنگ پێشکەش بە دەوڵەتەکان و دامەزراوە ئاسایشییەکان دەکات. بەرەنگاربوونەوەی بەردەوامی تیرۆر پێویستی بە پێکهاتەیەک لە توانای یەکلاکەرەوەی ئۆپەراسیۆنی و ئەو ئامرازە جەنگییانە هەیە کە ڕەگ و ڕیشەی پرسە تایبەتەکان چارەسەر دەکەن.

دەزگای دژەتیرۆری عێراق گۆڕانکارییەکی گرنگ لە چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوی توندوتیژ بەرجەستە دەکات. بە تەنها هەڕەشەکان لەسەر گۆڕەپان لەناو نابات بەڵکو کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بناغە بیرمەندی و کۆمەڵایەتیانەش دەکات کە ڕێگەیان پێدەدات بڵاوبێتەوە.

ئەم ڕێبازە هاوسەنگانەی هێزی ڕەق و نەرم بریتییە لە بەردی بناغەی بنیاتنانی ئاسایشی بەردەوام. ستراتیژییەکی گونجاوە نەک بە تەنها بۆ عێراق، بەڵکو بۆ ناوچەکە و جیهانیش. ✦

**لاپەڕەی بەرامبەر: ئەندامانی دەزگای دژەتیرۆری عێراق لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغداد بەشداریی لە مەشقی تاکتیکی مشق ئاسنیندا دەکەن.**

**کوڕێک لە کەمپی ئەلهول لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا کە کەسوکاری ئەندامانی داعشی تێدایە، عەرەبانەیەک ڕادەکێشێت.**



# ڕێنمایی دەستەبژێر

## لقێکی هێزە چەکدارەکانی ئەردەن لە ئەمریکا مەشقی چڕی شەڕکردن وەردەگرێت

دەستەی یونیپاس

لە ناو جەنجاڵیی تەقەی دۆشکە، هێرشی هێلیکۆپتەر و هێرشەکانی زرێپۆشدا، بۆ یەکەمجار لقێک لە هێزی کاردانەوەی خێرای سەر بە هێزە چەکدارەکانی ئەردەن (JAF) لە یەکێک لە گۆڕەپانە سەرەکییەکانی مەشقی سەربازی لە ئەمریکا مەشقی ئەنجامدا.

سەربازانی ئەردەن لە مانگی حوزەیرانی 2025 لە ناوەندی مەشقی ئامادەکاریی هاوبەش (JRTC) لە فۆرت پۆلک، ویلایەتی لویزیانا، خولی چڕی مەشقی شەڕکردنی خۆیان تەواو کرد. ئەمە ئەو لوتکەیە بوو نزیکەی ساڵێک ئامادەکاری بۆ کرا بۆ ئەو سەربازانەی بە تایبەت لە نێوان سێ کەرتی هێزی کاردانەوەی خێرای ئەردەندا هەڵبژێردران.

هەرچەندە سەربازانی سوپای ئەمریکا بە شێوەیەکی بەردەوام لەو مەشقانەی کە ئەردەن میواندارییان دەکات، وەکو شێری تامەزرۆ، بەشداری دەکەن، بەڵام ئەمە یەکەمجار بوو کە یەکەیەکی هێزە چەکدارەکانی ئەردەن بە قەبارەی لقێک لە ناوەندێکی مەشقی جەنگیی ئەمریکادا مەشقیان پێبکرێت.

مەشقەکان بەهێزیی هاوبەشیی ئەمریکا و هێزە چەکدارەکانی ئەردەن، وە بە هەمان شێوە کاتێک مانۆڕی هێرشبەری و بەرگرییان لە گۆڕەپانێکی سروشتیدا ئەنجامدا، هەماهەنگیی نێوان هێزەکانی ئەمریکا و ئەردەنی نمایش کرد.

ناوەندی ڕاهێنانی ئامادەکاریی هاوبەش (JRTC) یەکێکە لە سێ ناوەندە

**سەربازێکی ئەردەنی لە میانی مەشقی شەڕدا لە ویلایەتی لویزیانا لە ئەمریکا سەنگەرێکی بەرگری لە دارستانێکدا دەگرێتە دەست.** نەقیب ڕۆبێرت سمیس/فەرماندەیی ناوەندی سوپای ئەمریکا






" ئەم هەوڵە بەهێزکردنی هاوبەشیی نێوان هێزە چەکدارەکانی ئەردەن (JAF)، سوپای ئەمریکا و فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا (USCENTCOM)ـی کردبووە ئامانج، لە هەمان کاتدا کوشندەیی و توانای ئۆپەراسیۆنی یەکخراوی هەردوو سوپاکە نیشان دەدات."

~ **عەقید چارڵز کانۆن**، بەرپرسی هەماهەنگیی ئاسایشی فەرماندەیی ناوەندی سوپای ئەمریکا



هێزێکی کاردانەوەی خێرای ئەردەن لەگەڵ لیوای 3ـی هێزی پشتیوانیی ئاسایشی سوپای ئەمریکا (SFAB) لە گۆڕەپانەکەدا مەشق دەکات.

عەریف دەستە دیڤۆن جۆنز/فەرماندەیی ناوەندی سوپای ئەمریکا

سەرەکییەکەی مەشقی جەنگیی سوپای ئەمریکا. ئەرکەکەی بریتییە لە برەودان بە ئامادەیی سەربازیی لە ڕێگەی مەشقی چەکداریی هاوبەش و یەکخراوی ڕاستەقینەی چڕ. سەربازانی ئەردەن لە ئۆپەراسیۆنی نمایشیی جەنگی دژ بە هێزێکی دوژمن کە پێکهاتبوو لە سەربازانی لێهاتووی ئەمریکا کە ڕۆڵی دوژمنیان دەگێڕا، بەشدارییان کرد.

لە حاڵەتی مانۆڕەکانی مانگی حوزەیرانی 2025ـدا، لەشکری 34ـی پیادەی سوپای ئەمریکا، کە بە گشتی لە سەربازانی پاسەوانی نیشتمانیی سوپای مینیسۆتا

**لە سەرەوە:** بەشداربووانی هێزە چەکدارەکانی ئەردەن لە جێگۆڕکێی مەشقی شەڕدا لە مانگی حوزەیرانی 2025 لە فۆرت پۆلک.

عەریف دەستە دیڤۆن جۆنز/فەرماندەیی ناوەندی سوپای ئەمریکا

و ئایۆوا پێکهاتبوو، ڕیزەکانی تیمی شەڕکەری بەرامبەریان پڕکردەوە.

خاکی ناوەندی مەشقی ئامادەکاریی هاوبەش (JRTC) لە فۆرت پۆلک ئاڵنگاری بۆ هێزەکانی بەشداربووی مەشقەکە دابین دەکات. گەرم و شێدارە و بە دارستانی چڕ داپۆشراوە، ئەمەش پەیوەندی و بینین لە نێوان یەکەکانی جەنگ سنووردار دەکات. بەربەستە ئاوییەکان، لەوانەش ئەو زەلکاوانەی کە مار و تیمساح تێیدا دەژین، چڕی مەشقەکە بەرزتر دەکەنەوە.

سەربازانی ئەردەن بەڵێنیان داوە ئەو مەشقەی لە ئەمریکا بەدەستیان هێناوە لەگەڵ ئەندامانی یەکەکانیان لە نیشتمان هاوبەشی پێبکەن. نەقیب شەرەف ئەل شەوابکە، فەرماندەی لقە ئەردەنییەکە لە لویزیانا ڕایگەیاند.

"تەنیا بە لێرە بوونمان، لە لایەنی سەربازییەوە زۆر شتی جیاواز فێربووین،" نەقیب شەرەف ئەل شەوابکە ئاماژەی پێدا.

بەرلەوەی سەربازانی ئەردەن بەشداری سیناریۆکانی شەڕ بکەن، بۆ چەند مانگێک لەگەڵ هاوتاکانیان لە لیوای 3ـی هێزی پشتیوانیی ئاسایشی سوپای ئەمریکا (SFAB) مەشقیان ئەنجامدا. لیوای هێزی پشتیوانیی ئاسایش (SFAB) لەگەڵ هێزەکانی ئەردەن، سعودیە و ئیمارات مەشقی ئەنجامداوە.

"بینینی دەرچوونی ئەم سەربازانە و سوودمەندبوون لە مەشقەکان ناوازەبوو،" عەریفی دەستەی سوپای ئەمریکا ڕاول لۆپێز ئاماژەی پێدا. "دوای نۆ مانگ لە کارکردنی نزیک لەگەڵیاندا، مەشقکردن، بنیاتنانی هاوبەشی و بەهێزکردنی






هێزە چەکدارەکانی ئەردەن و سەربازانی ئەمریکا بۆ مەشقکردن لە ناوەندی مەشقی ئامادەکاریی هاوبەش، بەرگەی کەشوهەوای گەرم و زەوییە سەختەکان دەگرن.

نەقیب ڕۆبێرت سمیس/فەرماندەیی ناوەندی سوپای ئەمریکا

> "تەنها چەند مانگێک لەمەوبەر، ئەمە بە تەنها دیدگایەک بوو. ئێستا ئێمە لە ناوەندی مەشقی ئامادەکاریی هاوبەش (*JRTC*) بەیەکەوە وەستاوین، ئامادەین بۆ مەشقکردن، شەڕکردن و نیشاندانی کوشندەیی یەکخراوی هێزەکانمان."
>
> ~ **فەریق پاتریک فرانک**، فەرماندەی گشتیی فەرماندەیی ناوەندی سوپای ئەمریکا

لێهاتووییەکانیان، بینیان لە جێبەجێ کردنی ڕاهێنانەکان لە میانی مەشقی تەقەکردنی ڕاستەوخۆدا جێگەی دڵخۆشییە."

هێزە چەکدارەکانی ئەردەن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەرچاوەی سەقامگیری بووە، وە فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا (USCENTCOM)، کە هاوبەشە لە زۆرێک لە چالاکییەکانی مەشق و ڕاهێناندا، تامەزرۆیە بۆ بانگهێشتکردنی سەربازە دەستەبژێرەکانی ئەردن تا مانۆڕی چڕتری شەڕکردن لە ئەمریکا ئەنجام بدەن.

"ئەم هەوڵە بەهێزکردنی هاوبەشیی نێوان هێزە چەکدارەکانی ئەردەن (JAF)، سوپای ئەمریکا و فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا (USCENTCOM) ـی کردبووە ئامانج، لە هەمان کاتدا کوشندەیی و توانای ئۆپەراسیۆنی یەکخراوی هەردوو سوپاکە نیشان دەدات." عەقید چارڵز کانۆن، بەرپرسی هەماهەنگیی ئاسایشی فەرماندەیی ناوەندی سوپای ئەمریکا ڕایگەیاند.

لە میانی سەردانێکیدا لەگەڵ هێزە بەشداربووەکان لە فۆرت پۆلک، فەریق پاتریک فرانک، فەرماندەی گشتیی فەرماندەیی ناوەندی سوپای ئەمریکا، ستایشی بەرزی مانۆڕەکەی کرد، وە جەختی لەسەر بەهێزیی هاوبەشیی نێوان هێزە چەکدارەکانی ئەردەن (JAF) و ئەمریکا کردەوە.

"تەنها چەند مانگێک لەمەوبەر، ئەمە بە تەنها دیدگایەک بوو،" فەریق فرانک ئاماژەی پێکرد. "ئێستا ئێمە لە ناوەندی مەشقی ئامادەکاریی هاوبەش (JRTC) بەیەکەوە وەستاوین، ئامادەین بۆ مەشقکردن، شەڕکردن و نیشاندانی کوشندەیی یەکخراوی هێزەکانمان."

بە هەمان شێوە لە ساڵی 2023، لقێکی ئیمارات مەشقی شەڕکردنی تەقەی ڕاستەوخۆی لە ناوەندی مەشقی ئامادەکاریی هاوبەش (JRTC) تەواو کرد، وە فەرماندەکانی ئەمریکا هیوادارن ئەم چەشنە هەماهەنگییانە لەگەڵ هاوبەشە سەربازییەکانی تر فراوانتر بکەن. ✦



# ئیمارات یارمەتی ئاسایشی ئەو ناوچانە دەدات کە بەدەست جەنگ، کارەساتی سروشتی و قەیرانە مرۆییەکانەوە دەناڵێنن

**مریەم ئەل ڕوموسی**، بەڕێوەبەری گشتیی
دامەزراوەی گەشەپێدانی خێزانیی ئیمارات

وێنەکان لەلایەن ئۆپەراسیۆنی
سوارچاکی جوامێری 3

**لە** یەکەم ڕۆژەکانی دروستبوونیەوە، ئیمارات ئامانجێکی مەزنی بۆ خۆی دیاریکرد: پشتیوانیکردنی کەسانی دۆخناسک. کاری مرۆیی بوو بە پایەیەک لە بنیاتنانی دەوڵەت، بەهایەک کە لە مێژووی خاک و خەڵکەکەیدا ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی داکوتاوە. پیاوانی ئەم وڵاتە لەسەر بنەمای وەستانەوە لەپێناو مرۆڤایەتی و درێژکردنی دەستی یارمەتی، یاخود وەک چۆن دەڵێین، ئەل فەزعە، واتە پەلەکردن بۆ یارمەتیدان، پەروەردە کراون.

ئیمارات وەک "بەخشەری فەزعە" دەمێنێتەوە، هەرگیز لە پێشکەشکردنی یارمەتی و پەلەکردن لە چاکەکردن کەمتەرخەمی ناکات. بووە بە مەشخەڵێکی درەوشاوەی بەخشندەیی، بە هەوڵە مرۆییەکانی ڕۆشنکراوەتەوە و بە ناوەکەی کە لە نێوان چیاکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەنگ دەداتەوە، پێشەنگی بەخشندەیی و ڕۆحییەتی قوڵی مرۆڤدۆستی خۆی هەڵگرتووە.

ڕۆڵی ئیمارات وەک مەشخەڵێکی درەوشاوەی چاکەکاری، بە ڕێکەوت سەری هەڵنەدا. بەڵکو لە دڵیدا "زایدی چاکەکار" هەبوو، باوکی ڕوحی دامەزرێنەری وڵات شێخ زاید بن سوڵتان ئەل نەهیان، خودای مەزن ڕۆحی شاد بکات، کە ژیانی نموونەیەکی خێرخوازی و بەرجەستەکردنی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی بوو. ئێمە لە هەموو بەرەکاندا گەواهیدەری بەکردارکردنی بەهاکانی بووین، میراتێک کە بۆ کەسانی نزیک و دوور ڕوونە، وە میراتێک کە جیهان خۆی گەواهیدەری بووە.

لە سایەی ئەوەوەیە کە وڵاتەکەمان بووەتە نموونەیەک لە کاری مرۆیی، وەک درێژەپێدەری میراتەکەی لەم بوارەدا پێشەنگی گەلانە، ئەو تۆوەی کە زاید چاندی و بە گرنگییەوە پەروەردەی کرد تا گەیاندمانی بە ئەم گەلەی ئەمڕۆ. لەنێوان وتە لەبیرنەکراوەکانیدا ئەمانە هەبوون: "پێویستە دەوڵەمەندان یارمەتی هەژاران بدەن. خودای مەزن ئەم سەروەت و سامانەی بۆ گەشەپێدانی وڵاتەکەمان، لە هەمان کاتدا، بۆ بەشداریکردن لە گەشەپێدانی گەلانی تر بە ئێمە بەخشیووە." بەم قسانە، کە ئەمڕۆ بۆ واقیعێکی زیندوو وەگێڕدراون، وڵاتەکەمان لەسەر ئەو ڕێگایە ماوەتەوە کە زایدی چاکەکار بنیاتی ناوە.



# مەشخەڵی هیوا لە کەنداوی عەرەبی



ناتوانین تیشک نەخەینە سەر ڕۆڵی هێزە چەکدارەکانی ئیمارات، کە لە ساڵی 1976ـەوە بەشدارییەکانی لە ئۆپەراسیۆنە مرۆییەکاندا بەتەواوی دیارە. ئەم پابەندبوونە لەلایەن خاوەن پایە شێخ محەمەد بن زاید ئەل نەهیان، سەرۆکی ئیمارات دووپاتکرایەوە، خودا بیپارێزێت، کە ڕایگەیاند: ”بە پەیڕەوکردنی ڕێگای زایدی چاکەکار، ئێمە لە بەهێزکردنی ڕۆڵی خۆمان لە نێوان گەلانی پێشەنگی جیهان لە پێشکەشکردنی هاوکاریی گەشەپێدان، مرۆیی و خێرخوازی بەردەوام دەبین. ئێمە لە پابەندبوونمان بە درێژکردنی دەستی یارمەتی بۆ کۆمەڵگاکان لە سەرانسەری جیهان، بەبێ گوێدانە ئایین، ڕەگەز و ڕەنگ بەردەوام دەبین.“

## بەشداریکردنە بەرچاوەکان

ئیماڕات لە چەندین بەشداریکردن لە بەرە جۆراوجۆرەکاندا ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبووە. لە لوبنان، ئیماڕات لە ساڵی 1976 وەک بەشێک لە هێزەکانی ڕێگریی عەرەبی بەشداری کرد. لە دەوڵەتی دەستەخوشکی کوەیت، ئیماڕات لە بەشداریکردن لە ئۆپەراسیۆنی ڕزگاریخوازیدا شانبەشانی هێزەکانی هاوپەیمانان لە ساڵی 1991 کەمتەرخەمیی نەکرد. بە هەمان شێوە لە ئەرکی گەڕاندنەوەی هیوا لە کۆماری سۆماڵ لە ساڵی 1991 بەشداری کردووە و یەکێک بوو لە یەکەمین ئەو وڵاتانەی لە ساڵی 1999 بەشداری لە هێزەکانی ئاشتیپارێزیدا کرد لە کۆماری کۆسۆڤۆ.

جگە لەوەش، ئیماڕات لە ساڵی 2001 بەشداری لە ئۆپەراسیۆنی داماڵینی مین لە باشووری لوبنان کرد. لە ساڵی 2003، بوو بە بەشێك لە هێزی خۆڕاگری لە ناو دەوڵەتی کوەیت و دەستبەجێ لە ئەرکی بای چاکەکار ـی لە عێراق، بە هەمان شێوە لە پاکستان و ئەفغانستان بەشداریی کرد.

دەستێوەردانی وڵاتەکە لە پاراستنی ئاسایش لە کۆسۆڤۆ لە ژێر چەتری ناتۆدا تەواو دیارە. ئەم ئەرکە، کە لە ساڵی 1999ـەوە هەتا 2001 بەردەوام بوو، نوێنەرایەتی یەکەم و درێژترین ئۆپەراسیۆنی سەربازی، مرۆیی و فریاگوزاریی ئیماڕاتی کرد لە ئەوروپا. لە میانی ئەم ماوەیەدا، ئیماڕات خزمەتگوزاریی مرۆیی پێشەنگی پێشکەشکرد، بە دامەزراندنی نەخۆشخانەیەکی مەیدانی بۆ چارەسەرکردن و چۆڵکردنی پزیشکی، دابەشکردنی پێداویستییە فریاگوزاری و هاوکارییە مرۆییەکان، دامەزراندنی سیستەمی بەرگریی شارستانی و فریاگوزاریی سەرەتایی تەواو، وە بە هەمان شێوە دروستکردنی نەخۆشخانەی شێخ زاید لە شاری ڤوشتری دەستپێکرد.

هەروەها ئیماڕات گواستنەوە نەخۆشەکانی کۆسۆڤۆی بۆ نەخۆشخانەکانی ئیماڕات و چارەسەرکردنیان لە کاتێکدا لە ناوخۆدا چارەسەریان بەردەوست نەبوو، ڕێکخست. نزیکەی 1,000 ماڵی وێرانکراوی ئاوەدان کردەوە و بنیاتنا.

ڕۆڵی ئیماڕات لە سەرانسەری چەندین بواردا کە هەموویان خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی مرۆڤایەتی دەکەن هەمەلایەن بووە، لە دابینکردنی خۆراک و فریاگوزاریی پزیشکییەوە بگرە تا دەگاتە پاراستن، نۆژەنکردنەوە و پاراستنی بینا و دامەزراوەکان، وە تەنانەت دروستکردنی پارکەکانیش. ئەو هاوکارییانەی پێشکەشی کردووە تەنها لە دابینکردنی ئاسایی پێداویستیی خۆراک یاخود چارەسەری پزیشکیدا سنووردار نەبوو؛ بەڵکو، هەوڵەکانی لەو وتەیەدا بەرجەستە کرد کە دەڵێت: ”ئەگەر هەریەکێک لە ئێوە ئەرکێک ئەنجام دەدات، ئەوا با بە باشی ئەنجامی بدات.“

لە ساڵی 2003، لە دوای چەندین ساڵ لە سەختی درووستبوو بەهۆی سزاکان و شەڕەوە، کە وێرانکاری و نەبوونی ئاسایشی بەدوای خۆیدا جێهێشت، هێزە چەکدارەکانی ئیماڕات بەشدارییان لە ئاوەدانکردنەوەی عێراقدا کرد. لەو کاتەدا، ئیماڕات دەستبەجێ بۆ پاڵپشتیکردنی عێراق لە تاقیکردنەوەکەدا وەڵامی دایەوە، کە بە ئۆپەراسیۆنەکانی دابینکاریی هێزی دەریایی، بە ناردنی سێ کەشتی بارکراو





ئیمارات لە ساڵی 2025 لە میانی ئۆپەراسیۆنی 'سوارچاکی جوامێری 3' لە غەززە، هاوکاریی مرۆیی پێشکەش دەدات.

بە دەرمان، پێداویستیی پزیشکی و ئۆتۆمبێلی فریاگوزاری بۆ بەندەری ئوم قەسر دەستپێکرد. جگە لەوەش، 60 بارهەڵگر بە پێنج کاروانی وشکانی کە کەرەستەی فریاگوزارییان هەڵگرتبوو ڕەوانە کران، بە هەمان شێوە پردێکی ئاسمانیی 24 فڕۆکەیی بۆ گەیاندنی 395 تەن خۆراک و هاوکارییە پێویستەکان دامەزراند.

لە چوارچێوەی ڕۆڵی مرۆیی هەمەلایەنەی خۆیدا، ئیمارات بە هەمان شێوە چەند پرۆژەیەکی تەواو کرد، بەر لە هەموویان نەخۆشخانەی شێخ زاید لە بەغدا. تەنها لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، نەخۆشخانەکە پێشوازی لە 41,196 نەخۆش کرد. سەرەڕای بارودۆخی ئاڵۆز و مەترسیدار، نەخۆشخانەکە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کارامە بەردەوام بوو. لە ڕەنگدانەوەی نیگەرانییەکانی سەرکردایەتی و بەدواداچوونی ڕاستەوخۆ، فەریقی فڕۆکەوان خاوەن پایە شێخ محەممەد بن زاید ئال نەهیان، سەرۆکی دەستەی ئەرکانی ئەوکاتەی هێزە چەکدارەکان، خودی خۆی سەردانی نەخۆشخانەی شێخ زایدی کرد لە بەغدا.

لە میانی سەردانەکەیدا، ڕێنمایی بۆ نۆژەنکردنەوە و پاراستنی چەندین خانەی بێ سەرپەرشتان و چاودێریی بەساڵاچووان دەرکرد. بە هەمان شێوە خاوەن پایە فەرمانی دا بە گواستنەوەی ژمارەیەک نەخۆش کە باری تەندروستیان ناجێگیربوو بۆ نەخۆشخانەکانی ناوخۆی ئیمارات، کە تێیدا 300 عێراقی چاودێریی پزیشکییان پێشکەش کرا. ڕۆڵی ئیمارات لە عێراق کاریگەرییەکی بەردەوامی بەجێهێشت.

## ئۆپەراسیۆنەکانی فریاگوزاری

هاوئاهەنگ لەگەڵ ئەرکە مرۆییە ڕوونەکەی، ئیمارات لە دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی فریاگوزاری بەردەوام بووە، هەرە دیارترینیان بریتییە لە ئۆپەراسیۆنەکانی سوارچاکی جوامێر. یەکەمینیان لە ساڵی 2021ـدا بوو، کە چۆڵکردنی هاووڵاتیانی چەندین وڵاتی لە ئەفغانستان کردبوو بە ئامانج. ژمارەی ئەو ئەفغانی و هاووڵاتیانەی وڵاتانی دۆست کە لە ئەفغانستان دەربازکران، گەیشتە 36,500 کەس. هاوکات ئیمارات بۆ میوانداریکردنی 5,000 هاوڵاتی ئەفغانی، کە لە ئەفغانستانەوە دەربازکران لەکاتێکدا لە ڕێگادابوون بۆ وڵاتانی سێهەم، ڕەزامەندیی دەربڕی.

بە هەمان شێوە لە دوای ئەو بوومەلەرزە وێرانکەرەی کە لە 6ـی مانگی شوباتی 2023ـدا سوریا و تورکیای هەژاند، ئیمارات دەستبەجێ ئەرکی مرۆیی خۆی جێبەجێ کرد. بۆ ماوەی پێنج مانگی یەک لە دوای یەک، ئیمارات ئۆپەراسیۆنی سوارچاکی جوامێری 2 ـی ئەنجامدا، کە پشتیوانیی بۆ ڕزگاربووانی بوومەلەرزەکە دابینکرد، هاوکاری هەوڵەکانی ڕاهێنانەوەی کرد و چارەسەری 13,500 بریندار کرد.

بە هەمان شێوە ئیمارات لە ڕێگەی پردێکی ئاسمانی کە لە 260 گەشتی ئاسمانی پێکهاتبوو، 15,200 تەن هاوکاریی مرۆیی گەیاند، کە 6,912 تەن هاوکاریی فریاگوزاریی بەپەلەی هەڵگرتبوو، لە نێوانیاندا خێمە، پێداویستیی بنەڕەتیی خۆراک و دەرمان. جگە لەوەش، بە بەکارهێنانی چوار کەشتی بارهەڵگر بۆ گواستنەوەی کەرەستەی فریاگوزاری و ئاوەدانکردنەوە بۆ ناوچە زیانلێکەوتووەکان، 8,252 تەن هاوکاریی مرۆیی گەیەنرا.

لە غەززە، لەگەڵ خراپتربوونی قەیرانی مرۆیی، خاوەن پایە شێخ محەممەد بن زاید ئال نەهیان بۆ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی مرۆیی سوارچاکی جوامێری 3 بۆ پشتیوانیکردنی دانیشتوانی غەززە، بە هەماهەنگی تەواو لەگەڵ وەزارەتەکانی ئیمارات و سەرجەم دامەزراوە مرۆیی و خێرخوازییەکان، فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی وەزارەتی بەرگریی کرد. ئەم ئۆپەراسیۆنە لە سوککردنی قەیرانەکە، دابینکردنی پێداویستییە پێویستەکان و بەکارهێنانی سەرچاوە بەردەستەکان بۆ گەیاندنی هاوکارییەکان، لەوانەش لە ڕێگەی دامەزراندنی نەخۆشخانەیەکی مەیدانی، ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی بینیووە.

هەوڵە مرۆییەکانی ئیمارات، وەک چۆن لەلایەن هێزە چەکدارەکانمانەوە بەرجەستە کراوە، سنووری هاوکارییە ماددییەکان تێدەپەڕێت و نوێنەرایەتیی بەهاکانی لێبوردەیی، جوامێری و بەخشندەیی دەکات. ئەوان ڕێگایەکی "هەماهەنگیی لە ڕەوایەتیی"ـن، مەشخەڵێکن بۆ گەشەپێدانی مرۆڤ و بەشداریکردنێک لە ژیانێکی شکۆمەندانە بۆ هەمووان، بەبێ هیچ ناونیشان و پۆلێنکردنێک.

ئەم هەوڵانە وەک مەشخەڵێکی چاکەکاری و بەخشینی بەردەوام وان، کە لەسەر بنەمای لەپێشینە دانانی مرۆڤایەتی، ئەرکی پاراستنی شکۆمەندی و پارێزگاریکردن لە خاک، وە ئەو بۆچوونەی کە هەمووان شایەنی ژیانێکی باشن، دوور لە وێرانکارییەکانی جەنگ، سەرچاوەیان گرتووە. ئەمە ڕوانگەیەکە تێیدا ئاشتی، ئاسایش و سەقامگیری لە سەرانسەری جیهاندا باڵادەست دەبێت و ڕێگە بە گەلان دەدات بە شکۆوە سەرفرازبن. ✦

وەشانێکی ئەم وتارە لە گۆڤاری سەربازیی ئیمارات، قەڵغانی وڵات، بڵاوکراوەتەوە.




# توندکردنی
# بەڕێوەبردنی سنوور

**فەریق عومەر عەدنان ئەل وائلی، سەرۆکی کۆمیسیۆنی بەندەرە سنوورییەکان، ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن عێراق لە 22 خاڵی پەڕینەوەی وڵاتەکە کار بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایش دەکات**

دەستەی یونیپاس | وێنەکان لەلایەن AFP/گێتی ئیمەیجس

**لە** ساڵانی 1990ـەوە، عێراق بەهۆی گەندەڵی و بەڕێوەبردنی بەربڵاو لەلایەن باندی تاوانکاریی ڕێکخراو و قاچاخچییەکان لە هەردوو دیوی سنوورەکە، لە دەروازە سنوورییەکانیدا تووشی پێشێلکارییەکی بێشومار بووە. لە دوای ساڵی 2003، بەهۆی ئەوەی هێزەکانی ئاسایش سەرقاڵ بوون بە بەرەنگاربوونەوەی هێرشە تیرۆریستییەکانی ناوخۆی وڵاتەکە، دۆخەکە ئاڵۆزتر بوو. میلیشیا چەکدارەکان ئەو دەرفەتەیان بۆ کردنەوەی دەروازەی جێگرەوە بۆ بەقاچاخبردنی چەک، ماددەی هۆشبەر و کۆکردنەوەی باجی نایاسایی لەسەر کاڵاکان بەکارهێنا.

بەهۆی ئەوەی چەندین دەزگای حکومی لە ئاسایشی سنوورەکاندا بەشداربوون، ناڕوونییەک لە ئارادابوو کە کام دەزگا بەرپرسە لە دەروازە سنوورییەکان، ئەمەش هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی ئاڵۆزتر کرد و ئاسانکاری بۆ بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و تاوانە ڕێکخراوەکان کرد. لەم ماوەیەدا، دەرمانی پیسبوو و گۆشتی نەگونجاو بۆ خواردن هاتنە ناو وڵاتەوە، ئەمەش ئەنجامی کارەساتباری لێکەوتەوە.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم ناڕوونییە، لە ساڵی 2016ـدا حکومەت بڕیاریدا کۆمیسیۆنی بەندەرە سنوورییەکان، کە ڕاستەوخۆ ڕاپۆرت دەداتە بە سەرۆک وەزیران، پێکبهێنێت. ئەم دەسەڵاتە لە کارکردن و بەڕێوەبردنی دەروازەکان بەرپرسیار دەبێت و ڕێگری لە هاتنە ناوەوەی باندەکانی قاچاخچێتی، تیرۆریستان و کەسانی گەندەڵ دەکات.

یونیپاس لەگەڵ فەریق عومەر عەدنان ئەل وائلی سەرۆکی کۆمیسیۆنی بەندەرە سنوورییەکان کۆبووەوە، ناوبراو باسی لە دەستکەوتەکان، ئاڵنگارییەکان و هەماهەنگیی نێودەوڵەتی کرد لە پشتیوانیکردنی ئەم دەزگا گرنگەدا.

**بەلەمێکی هێزی دەریایی عێراق لە ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشدا لەگەڵ کۆمپانیای گشتیی بۆ بەندەرەکانی عێراق بۆ پەککخستنی قاچاخچێتی نەوت لە کەنداوی عەرەبی لە نزیک نیمچە دوورگەی فاو پاسەوانیی دەکات.**



**یونیپاس:** ڕۆڵی کۆمیسیۆنی بەندەرە سنوورییەکانی عێراق چییە؟

**فەریق ئەل وائلی:** کۆمیسیۆنی بەندەرە سنوورییەکان بەپێی یاسای ژمارە 30ـی ساڵی 2016 دامەزراوە و لە 1ـی مانگی تەمموزی 2017 دەستی بە کارەکانی کردووە. پێکهاتەیەکی سەربەخۆیە، وە ئۆپەراسیۆنی سەربازی و مەدەنی ئەنجام دەدات. کۆمیسیۆنەکە لە چاودێریکردن و سەرپەرشتیکردنی سەرجەم بەشەکانی دەروازە سنوورییەکان بۆ توندکردنەوەی کۆنترۆڵکردن و دڵنیابوون لەوەی کارمەندان بە شێوەیەکی دروست لێکۆڵینەوە و پشکنین بۆ ئەو کەسانە دەکەن کە سنوورەکان دەبڕن، بەرپرسیارە. دامەزراندنی ئەم کۆمیسیۆنە لە زیادکردنی داهات، بەڕێوەبردنی سنوور و دەروازەکان و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی یارمەتیدەر بووە. لیژنەکە بەگوێرەی یاسا و ئەو ڕێنمای و بڕیارانەی لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچن، کاردەکات. 24 کاتژمێر کاردەکات، وە لەگەڵ وەزارەت، دامەزراوە و دەزگا ئاسایشییەکان بۆ توندکردنەوەی بەڕێوەبردن، دابینکردنی زانیاری و پێشکەشکردنی ڕاوێژ لە پەیوەندیدایە. کۆمیسیۆنەکە لە بەندەرە وشکانی، دەریایی و ئاسمانییەکاندا کاردەکات.

**یونیپاس:** ئایا عێراق خاوەنی چەند خاڵی پەڕینەوەیە؟

**فەریق ئەل وائلی:** بە گشتی 22 دەروازەی سنووری هەیە، کە شەش فرۆکەخانە و شەش بەندەری دەریایی لەخۆدەگرێت؛ ئەوانی تریش دەروازە وشکانیەکانن لەگەڵ ئێران، کوەیت، سعودیە، ئەردەن و سوریا.

**یونیپاس:** ئایا لە بوارەکەدا چەند کارمەندت هەیە و کام دەروازەی پەڕینەوە پڕ ئاڵنگاریترینە؟

**فەریق ئەل وائلی:** بە کۆی گشتی کۆمیسیۆنەکە خاوەنی 2,649 کارمەندە، کە ڕێژەی 70%ـیان کارمەندی سەربازین و ئەوانی تریش مەدەنین. زۆرێک لە ئەفسەرەکان لە پسپۆڕیی جۆراوجۆردا خزمەت دەکەن. یەکێک لە سەرکەوتنەکانی کۆمیسیۆنی بەندەرە سنوورییەکان بریتیی بووە لە پەسەندکردنی بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی تەواو لە ئۆپەراسیۆنەکانی ڕێکخستن، بە هەمان شێوە بەکارهێنانی سیستەمی پشکنین (سکانکردن) لە هەموو دەروازە سنوورییەکان بۆ دەستنیشانکردنی جۆری کاڵای گواستراوە و ڕێگریکردن لە هاتنە ژوورەوەی کەلوپەلی نایاسایی، چەک یان ماددەی هۆشبەر. کۆمیسیۆنەکە بووەتە یەکێک لە گرنگترین دامەزراوە حکومییەکانی عێراق چونکە لە زیادکردنی باجی هاوردەکردن و سەپاندنی سەروەری بازرگانیدا بەشدارە، بە هەمان شێوە لە جێبەجێکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت، ڕێگریکردن لە یاریکردن بە سەرچاوەکانی دەوڵەت، بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان، وە ڕێگریکردن لە میلیشیاکان و کەسانی دەرەوەی یاسا لە دەستدرێژیکردنە سەر یاخود سوودمەندبوون لە داهاتی ئەم بەندەرانە.

**یونیپاس:** بۆچی کۆمیسیۆنەکە پێکهێنرا؟ ئایا پرسی ناڕێکخراوەیی و نەبوونی یاسا بوو لەسەر سنوورەکان؟

**فەریق ئەل وائلی:** لەبەر نەبوونی دەسەڵاتی ناوەندی بۆ بەڕێوەبردنی هەموو دەروازەکان و بەهۆی ژمارەی زۆری دەزگا ئاسایشی و حکومییە بەشداربووەکان، ئێمە ڕووبەڕووی ئاڵنگارییەکی گەورە بووینەوە. ئەمەش وای لە حکومەت کرد بۆ هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی کارەکانی هەموو کارمەندان، کۆمیسیۆنی بەندەرە سنوورییەکان دابمەزرێنێت. لە هەر دەروازەیەکی سنوور نزیکەی 15 بەشی جیاواز کاردەکەن، وە هەر بەشێک بە وەزارەتە جیاوازەکان و دەستە سەربەخۆکانەوە بەستراوەتەوە. ئەم ژمارە زۆرانە وایانکرد کە دەستەبەرکردنی کارپێکردن و بەڕێوەبردنی بێ کێشەی ئەم بەشانە قورس بێت. کۆمیسیۆنی بەندەرە سنوورییەکان بۆ ئەوەی ببێت بە دەزگای بەڕێوەبردن، ڕێکخستن، چاودێریکردن، سەرپەرشتیکردن و ڕێکاریکردنی کاری ئەم فرە بەشییە خاوەن پسپۆڕی و دەسەڵاتی دادوەریی جیاوازە بۆ گەیشتن بە یەکێتی بەڕێوەبردن و سەرکردایەتی ناوەندی، بە گوێرەی بنەمای یەکگرتوویی لە ژێر یەک سەرکردایەتی دامەزرا. لە ڕابردوودا، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دەروازە سنوورییەکانمان لە چوارچێوەی وەزارەتی ناوخۆدا بوو، بەڵام بەهۆی گرنگی دەروازە سنوورییەکان و ڕۆڵی ئەوان لە وەبەرهێنانی داهاتی نا نەوتی، بەڕێوەبەرایەتییەکە هەڵوەشێنرایەوە و بە سەرپەرشتی نووسینگەی سەرۆک وەزیران کۆمیسیۆنی سەربەخۆی دەروازە سنوورییەکان پێکهێنرا. ئەم دابڕانە بووەتە هۆی پەیوەندی، جێبەجێکردن و بڕیاردانی خێراتر. لە ماوەی سەرۆکایەتیی ئێمەدا لە کۆمیسیۆنی بەندەرە سنوورییەکان کە ئێستا لە ساڵی پێنجەمیدایە، بڕیاری زۆرمان داوە و ئامانجی زۆرمان بەدیهێناوە، لەوانە دەستبەسەرداگرتنی چەک، ماددەی هۆشبەر و دەرمانی ساختە کە بازرگانان هەوڵیان دابوو بە قاچاخ بیهێننە ناو وڵاتەکەوە. یەکێکی تر لە دەستکەوتە دیارەکان کە ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ کۆمیسیۆنی بەندەرە سنوورییەکان، هەڵمەتی لەناوبردنی گواستنەوەی دارایی ساختەیە، بەمەش ڕێگری دەکرێت لە ڕۆیشتنی نایاسایی دۆلار لە عێراقەوە. ئەو بانک، کۆمپانیا و کەسانەی دەستیان لەم گەندەڵییەدا هەبووە دەستنیشان کران و بە هەماهەنگییەکی نزیک لەگەڵ دادگا و دادوەرەکاندا بەرنامەیەک داڕێژرا. کۆمیسیۆنەکە پشتیوانی حکومەت و بە هەمان شێوە پشتیوانییەکی بەرچاوی دادوەریی لە لایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی باڵای دادوەری و دادوەرەکانی سەرجەم پارێزگاکان بەدەستهێناوە. لەو ماوەیەدا، کۆمیسیۆنەکە توانی خۆی دابمەزرێنێت و ڕەگێکی بەهێز و پتەو لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا جێگیر بکات. ئێمە ئێستا بۆ دەستنیشانکردنی کۆمپانیا گەندەڵەکان و بەدواداچوونکردن بۆ مامەڵەی دارایی گوماناوی و چاودێریکردنی کاری ئەو کۆمپانیایانە، بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی بەرەنگاربوونەوەی سپیکردنەوەی پارە و پاڵپشتیکردنی دارایی تیرۆریستان، بە خێرایی زیاتر کاردەکەین. یەک ڕۆژ تێناپەڕێت کە کۆمیسیۆنەکە گورزی توند بە ئەو قاچاخچی و لایەنانە نەگەیەنێت کە سامانی گشتی قۆرخ دەکەن.

**یونیپاس: ئایا ژمارەیەی ئەو کارمەندانەی ئاماژەت پێدان، تەنها بە کۆمیسیۆنەکەوە پەیوەستن یاخود کارمەندانی دەزگاکانی تری حکومەت لەخۆدەگرێت؟**

**فەریق ئەل وائلی:** ئەو 2,649 کارمەندەی کە ئاماژەم پێدا، کۆی ژمارەی ئەو کەسە مەدەنی و سەربازییانەن کە بە کۆمیسیۆنی بەندەرە سنوورییەکانەوە پەیوەستن. سەبارەت بەو کارمەندانەی کە سەر بە دەزگاکانی ترن، لە ڕووی کارگێڕی، تەکنیکی و ئۆپەراسیۆنییەوە بە کۆمیسیۆنەکەوە پەیوەستن.



بنکەیەکی ئاسایش بەدرێژایی سنووری عێراق لەگەڵ سوریا بەرپرسیارە لە بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە چەک، ماددەی هۆشبەر و کەلوپەلی نایاسایی تر.

**یونیپاس: ئاماژەتان بە ڕۆڵی کۆمیسیۆنەکە کرد لە چاودێریکردنی ئەو مامەڵە بانکییانەی لە عێراق دەردەچن. ئایا کارەکانتان لەسەر سنوورەکان لە جوڵەی چاودێریکردنی فیزیکیی مرۆڤ و کاڵا زیاترە؟**

**فەریق ئەل وائلی:** ڕێنماییە بەردەوامەکانی حکومەت بریتین لە هەنگاونان بەرەو حکومڕانیی ئەلیکترۆنی و خۆکار. ئێمە ئەرکی بەکۆمپیوتەرکردن و پەرەپێدانی حوکمڕانی ئەلیکترۆنیمان گرتۆتە ئەستۆ بۆ ئەوەی هەر پسووڵەیەکی بازرگانی کە لە وڵاتی بنەڕەتییەوە وەربگیرێت، ڕێگری لێبکرێت و پشکنینی بۆ ئەنجام بدرێت. بە کورتی ئێمە ڕێگری لە دەستکاریکردنی پسوڵەی بازرگانی دەکەین. بۆ نموونە، با بڵێین کەسێک 100 ئۆتۆمبێل هاوردە دەکات و پسوڵەیەک بە بڕی نزیکەی 2 ملیۆن دۆلار بۆ کڕینی ئەم 100 ئۆتۆمبێلە پێشکەش بە بانک دەکات. بەڵام کاتێک ئۆتۆمبێلەکان دەگەنە بەندەرەکە، کەسەکە بۆ ئەوەی خۆی لە پێدانی باجی گومرگ لەسەر بەهای ڕاستەقینەی ئۆتۆمبێلەکان بدزێتەوە، پسوڵەیەک بە بڕی 50,000 دۆلار پێشکەش بە دەروازە سنوورییەکە دەکات. بەڵام لە ڕێگەی ڕێکارەکانی وردبینیمانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، وە بە پشکنینی ژمارەی پسوڵەکان، ئەم کەسە ئاشکرا کرا. بە هەمان شێوە ڕێکارەکانی تری وردبینی و چاودێریکردن بۆ سنووردارکردنی قاچاخچێتی نایاسایی دراوە بەهێزەکان بۆ دەرەوەی عێراق یارمەتیدەرن.

**یونیپاس: ڕۆڵی کۆمیسیۆنەکە لە داهاتوودا چۆن دەبینیت؟**

**فەریق ئەل وائلی:** گرنگترین پرۆژەی گەشەپێدان بریتییە لە دروستکردنی دەروازەی سنووریی نموونەیی کە لەگەڵ پێگەی نێودەوڵەتی عێراق و شوێنی گرنگی جوگرافییدا بگونجێت. ئەم پرۆژانە لە ئەستۆی پارێزگاکاندا دەبێت، کە هەر پارێزگایەک بە ڕێژەی لە 50%ـی داهاتی دەروازەکە سوودمەند دەبێت. لە ئەنجامدا، ئەنجومەنی وەزیران بڕیارێکی دەرکرد کە پارێزگاکانی بە ئاوەدانکردنەوە، گەشەپێدان و بنیاتنانی دەروازەی نموونەیی پابەندکرد. ئەمڕۆ ئێمە دەروازەی سنووری سەفوانمان هەیە، کە دەروازەیەکی نموونەییە، وە دەروازەی سنووری زەرباتیە لە حللە ئەلجەدیدە کە بەم نزیکانە دەکرێتەوە. هەروەها لە سنووری پارێزگای بەسرە لە دەروازەی سنووری شیلامجە کارکردن دەستی پێکردووە. جگە لەوەش، پارێزگاری دیالە سەرقاڵی دروستکردن و پەرەپێدانی ژێرخانی دەروازە سنوورییەکانی مەندەلی و مونزرییە. بە هەمان شێوە، پارێزگای ئەنبار دەستیکردووە بە گەورەکردنی دەروازەی ئەلقائیم بە ئاستێک کە لەگەڵ گرنگی ئەم دەروازە سنوورییە لەگەڵ سوریادا بگونجێت، کە لە مانگی حوزەیرانی 2025 کرایەوە. هاوکات حکومەت بۆ کردنەوەی دەروازەیەکی تری سنووری لەگەڵ سوریا، بە دیاریکراوی دەروازەی سنووری ئەلوەلیدە، پلان و ڕێمایی هەیە.

**یونیپاس: لە کارەکانی ڕۆژانەتاندا ڕووبەڕووی چ ئاڵنگارییەک دەبنەوە؟**

**فەریق ئەل وائلی:** ڕاشکاوانە بڵێین، ئەو ئاڵنگارییانەی کە ڕووبەڕوومان دەبنەوە پەیوەندییان بە حوکمڕانیی ئەلیکترۆنییەوە هەیە. ئێمە لەم بوارەدا پێویستمان بە کارمەندی تایبەتمەند و پشتیوانیی حکومەت هەیە. ئێمە لە ڕووی ژێرخان، کۆمپیوتەر و هێڵی وایەرلێی زۆر خێرا و ئینتەرنێتەوە پێویستمان بە لۆژیستی هەیە، بەڵام ئێمە بەو شتانەی کە لەبەردەستماندایە کاردەکەین و سوپاس بۆ خودا توانیومانە ئەرکەکان بە ئەنجام بگەیەنین.

**یونیپاس: چۆن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە هاوچەرخکردن و بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ و باشترکردنی تواناکانی کۆمیسیۆنەکە، پشتیوانی عێراق دەکەن؟**

**فەریق ئەل وائلی:** دەرگای کۆمیسیۆنەکە بە ڕووی هەموو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا کراوەیە. ئێمە ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ناوەندی نیشتمانی بۆ سیاسەتی کۆچ هەماهەنگی دەکەین. ئێمە لەگەڵ بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان، لەگەڵ هەموو ئەو ڕێکخراوە ناحکومییانەی لەلایەن ئەمریکا و باڵیۆزخانەی ئەمریکاوە پاڵپشتی دەکرێن، هەماهەنگی دەکەین، وە هەروەها لەگەڵ ئەو لایەنانەی لەلایەن وڵاتانی ئەوروپی و دراوسێیەوە پاڵپشتی دەکرێن، کاردەکەین. ئێمە لەگەڵ فەرمانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ماددەی هۆشبەر و تاوان پرۆژەی هاوبەشمان هەیە بە دانانی دامەزراوەی چاودێری بار و پاکەت لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا، وە هیواداریین ئەم پرۆژەیە بۆ دەروازە دەریایی و وشکانییەکانی تر فراوانتر بکەین.

**یونیپاس: ئایا تا چەند کۆمیسیۆنەکە لە هاوبەشپێکردنی زانیاریی هەواڵگری لەگەڵ وڵاتانی تر و دەزگاکانی تری عێراق سوودمەندە؟**

**فەریق ئەل وائلی:** ئێمە پەیوەندیی ڕاستەوخۆمان لەگەڵ ئینتەرپۆلدا هەیە و لەگەڵ وڵاتانی دیکە هەماهەنگی و یەکخستن ئەنجام دەدەین. هەروەها



بەلەمەکانی عێراق لە مەراسیمی کردنەوەی بەندەری گراند فاو لە مانگی تشرینی دووەمی 2024، بەشداری دەکەن. بەندەرەکە یەکێکە لە گەورەترین بەندەرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

سیستەمی پارێزراوی بەراورد و هەڵسەنگاندنی ناسنامەی کەسی (PISCES) کە سەر بە دەزگای هەواڵگرییە، بەکاردەهێنین و لەگەڵ هێزەکانی پۆلیسی عەرەب و نێودەوڵەتی، بە هەمان شێوە دەزگاکانی بەڕێوەبردنی سنوورەکان لە وڵاتانی دراوسێ و لە سەرانسەری جیهاندا لە پەیوەندیداین. لە ڕووی بەرەنگاربوونەوەی قاچاخچێتی ماددەی هۆشبەر لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ناوچەکە هەماهەنگی دەکەین و دەزگاکانی ئاسایش زانیاری لەسەر ئەو گومانلێکراوانەی قەدەغەی گەشتکردنیان لەسەرە، هاوبەشپێدەکەن. کارەکانمان لەگەڵ دەزگا لێهاتووەکانی تردا یەکخراوە و لە نزیکەوە لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هەماهەنگی دەکەین.

**یونیپاس: ئایا چ ڕاهێنانێکی نێودەوڵەتی بۆ کارمەندانی کۆمیسیۆنەکە بەردەستە؟**

**فەریق ئەل وائلی:** زۆرێک لە کارمەندەکانمان بۆ بنیاتنانی توانا و بەرزکردنەوەی ئاستی ئامادەیی خۆیان نێردراون بۆ خول لە ناوخۆ و دەرەوەی عێراق. ئێمە لە ئەمریکا، قوبرس و وڵاتانی عەرەبی تر بەشداری لە خولەکاندا دەکەین. ئێمە باوەڕوام وایە کە تەنها لە ڕێگەی پەرەپێدانی لێهاتووییەوە دەتوانرێت پێشکەوت بەدەست بهێنرێت.

**یونیپاس: ئایا بۆ ڕێگریکردن لە گەندەڵی چۆن کارمەندان هەڵدەبژێردرێن و چاودێری دەکرێن؟**

**فەریق ئەل وائلی:** ئێمە فەرمانگەمان هەیە سەر بە فەرمانگەی ئەستۆپاکیی ئاسایشییە کە بە بەردەوامی پێش و دوای دامەزراندنیان پشکنینی ئاسایشی بۆ سەرجەم فەرمانبەران ئەنجام دەدات، ئەمە جگە لە بەدواداچوونی کەسی لەلایەن سەرۆکی کۆمیسیۆنەکەوە. ئێمە بەبێ پشکنینی سەرەتایی لە ڕێگەی دەستەی دەستپاکی، دەسەڵاتی چاودێریی دارایی، دەسەڵاتی بەڵگەی تاوان و دەستەی لێپرسینەوە و دادپەروەرییەوە، کارمەند یاخود ئەفسەر دانامەزرێنین. بە هەمان شێوە بۆ ئەوەی دڵنیا بین لەوەی کە کارمەندەکە داواکراو نییە و سزا نەدراوە، تۆماری تاوانەکان دەپشکنین. بە شێوەیەکی ڕۆتینی ئێمە پشکنینی ئاسایشی بۆ چاودێریکردنی چالاکییەکانی ئەفسەر و فەرمانبەران ئەنجام دەدەین، ئەمە جگە لەوەی ساڵانە چاودێری سامان و هەژماری بانکییان دەکەین. هەروەها پێویستە کارمەندان بەیاننامەی ئاشکراکردنی دارایی پێشکەش بە لیژنەی دەستپاکی بکەن. ئێمە ڕێگە بە هیچ کارمەند یان بەرپرسێک نادەین خۆی لە مەرجی ئاشکراکردنی دارایی بدزێتەوە، وە لە نزیکەوە بەردەوام دەبین لە چاودێریکردنی ئەم بابەتە. ئەگەر ڕاشکاوانە بڵێم، زۆرێک لە کارمەندان و ئەفسەرانی ناو و دەرەوەی کۆمیسیۆنەکە بەهۆی پرسەکانی دەستپاکی و لێپرسینەوە دراونەتە دادگا. کۆمیسیۆنی بەندەرە سنوورییەکان بە دەستە، سەرۆک و فەرمانبەرەکانییەوە بۆ حکومەت و چاودێرانی سەلماندووە کە لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا ڕێگرییەکی کاریگەر و ڕاستەقینەن، وە هەروەها لە بەدەستهێنانی داهات و بوون بە دامەزراوەیەکی نمونەیی، زۆر پابەندە. ✦



# چارەسەری دوای ململانێ لە غەززە

**ئەیمەن سەفادی**، جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری کاروباری دەرەوە و هاوڵاتیانی تاراوگە، ئەردەن
ئەم بابەتە لە وتارێک کە لە گفتوگۆی مەنامەی 2025ـدا پێشەکەشکرا، سەرچاوەی گرتووە

**سەربازێکی ئەردەنی هاوکاریی مرۆیی باردەکاتە سەر فڕۆکەیەکی سەربازی کە لە ساڵی 2025 بۆ غەززە دەچوو.** AFP/گێتی ئیمەیجس

**ململانێ** لە بەشێکی جیهانی ئێمەدا دەرئەنجامی بۆ تەواوی جیهان دەبێت، وە نموونەیەکی دیاری ئەوەیش بریتییە لە ململانێی غەززە. سوپاس بۆ خوا، ئێمە ئاگربەستمان بەدیهێنا، وە ئەمەش پێویستی بە دەستێوەردانی خودی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو تا بەدیهێنانی مسۆگەربکات.

لە ئێستادا کاری لەپێشینەمان بریتییە لەوەی کە ئاگربەستەکە بەردەوام بێت و ڕێز لەو ڕێککەوتنە بگیرێت کە بووە هۆی بەدیهێنانی. کاری ڕاستەقینە لە ئێستاوە دەست پێدەکات. چۆن ئاسایش بەرقەرار بکەینەوە؟ هەتاوەکو ئاسایشمان نەبێت، ئێمە ناتوانین بەرەو پێشەوە هەنگاوبنێین، ناتوانین حوکمڕانیی باشمان هەبێت. دەستەبەرکردنی ئاسایش بۆ هەردوو فەڵەستینی و ئیسرائیلییەکان بە تەنها ئامانجی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە، بەڵکو بەهەمان شێوە ئامانجی ئەوروپا و ئەمریکایشە.

پێشنیارەکەی سەرۆک ترەمپ دەرگای کۆتایی هێنانی بەڕووی کارەساتەکە و هەنگاونان بەرەو داهاتوویەکی باشتر کردەوە. چۆن ئەو پێشنیارە بگۆڕین بۆ کردار، بۆ پلان، بۆ هەنگاو، بۆ ڕێوشوێنێک کە ئاسایش بۆ هەمووان مسۆگەر بکات؟

لە 17ـی تشرینی دووەمی 2025، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان پلانێکی بۆ جێگیرکردنی هێزێکی سەقامگیریی نێودەوڵەتی (ISF) لە غەززە، کە لەلایەن ئەمریکاوە پاڵپشتی کرا، پەسەند کرد. هێزی سەقامگیریی نێودەوڵەتی (ISF) وەڵامی پێکاتەیەکی تازە دروستکراو دەداتەوە، کە بە ئەنجومەنی ئاشتی ناودەبرێت و سەرۆک ترەمپ سەرۆکایەتی دەکات. ئێمە، لە ئەردەن، لەگەڵ براکانمان لە میسڕ، چەندین جار ڕامانگەیاندووە کە ئامادەین، ویستمان هەیە و لە تواناماندایە ڕاهێنان بە پۆلیسی فەڵەستین بکەین و ئەو هێزە جێگیر بکەین.

بێگومان، فیلی زوورەکە بریتی دەبێت لە بوونی ئیسرائیل لە غەززە. سەبارەت بە مانگی کانونی دووەمی ساڵی 2026، ئیسرائیل بە نزیکەیی لە نیوەی غەززەدا ماوەتەوە. ئەگەر هێزەکانی ئیسرائیل لە غەززە بمێننەوە، ئەوا پێموایە ئاسایش دەبێتە ئاڵنگارییەک. زۆر گرنگە کە ئێمە بەرنامەی کاتیمان بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئیسرائیل لە غەززە هەبێت.

هەنگاوە دەستبەجێیەکان ئەمانەن: پێویستە ئێمە پۆلیسی فەڵەستین جێگیر بکەین، دڵنیابین لەوەی کە مەودایەکی ڕوونی کارکردنمان هەیە بۆ پۆلیسی فەڵەستین لە بەرامبەر هێزی سەقامگیریی نێودەوڵەتی (ISF)، و بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سەربازانی ئیسرائیل کە هێشتا لە غەززەدان میکانیزمێک دابڕێژین.

من باوەڕم وایە کە بەهەمان شێوە زۆر گرنگە ئێمە میکانیزمێکی چارەسەرکردنی ناکۆکیمان هەبێت تا سەبارەت بەو هێزانەی بەرپرسیارن لە وەستاندنی خوێنڕێژی و ڕێگریکردن لە گەڕانەوە بۆ ململانێکان هیچ سەرلێشێواوییەک دروست نەبێت.

کاتێک ئاسایشمان بەرقەرارکرد، پێویستە چاو بخەینە سەر حوکمڕانی. بە هەمان شێوە باوەڕم وایە کە زۆر گرنگە فەڵەستینییەکان لەلایەن فەڵەستینییەکانەوە حوکمڕانی بکرێن. هێنانی خەڵک لە دەرەوەی ناوچەکە بۆ حوکمڕانیکردنی غەززە سەرکەوتوو نابێت. هەر لەبەر ئەمەیە لەوە باوەڕەدام کە باسەکە تیشکی خستووەتە سەر لیژنەیەکی تەکنۆکراتیی فەڵەستینی ناسیاسی کە بە بەجۆرێک لە جۆرەکان دەبێت بە دەسەڵاتی فەڵەستینییەوە پەیوەست بکرێت.



ئەیمەن سەفادی وەزیری دەرەوەی ئەردەن بۆچوونەکانی وڵاتەکەی سەبارەت بە ئاشتی و ئاشتەوایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەخاتەڕوو.
دامەزراوەی نێودەوڵەتی بۆ توێژینەوە ستراتیژییەکان

وە بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ چارەی خۆنووسینی فەڵەستین، یەکێک لە خواستەکانی ڕێککەوتنی ئاگربەست، پێویستە غەززە و کەناری ڕۆژئاوا وەکو بەشێکی دانەبڕاوی ڕێگای بەدەوڵەتبوونی فەڵەستین بمێنێتەوە. ئەوە مەرجێکە بۆ ئاشتییەکی درێژخایەن.

بە ئومێدەوە، لەگەڵ بوونی کۆمیسیۆنێکی فەڵەستینی کە کاروباری غەززە بەڕێوەببات، ئەوا نوێنەرایەتییەکی هاوکاریی نێودەوڵەتی دەتوانێت بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی ناوچەیەک کە بۆ ماوەی دوو ساڵ گۆڕەپانی شەڕ بووە، یارمەتی دانیشتووانەکە بدات. نەزمی مەدەنی داڕماوە، ژێرخانی ئاسایش بوونی نییە، حکومەتی کارا بوونی نییە، خزمەتگوزاریی تەندروستی بوونی نییە. پێویستە غەززە لە هاوکاریدا نوقم بکرێت. دوای ئەو هەموو ئازارە، سەختە لەوە تێبگەی کە هاوکارییەکان مشتومڕیان لەسەرە.


کلیلی سەقامگیریی غەززە بریتییە لە کەناری ڕۆژئاوا. ئێمە هەرچییەک لە غەززە ئەنجام بدەین، ئەگەر کەناری ڕۆژئاوا بە ناجێگیری بمێنێتەوە، ئەوا کارە باشەکانمان تێکدەچن. سەرۆک ترەمپ زۆر ڕوون بوو کاتێک ڕایگەیاند کە ڕێگە بە داگیرکردنی کەناری ڕۆژئاوا نادات. ئەگەر کەناری ڕۆژئاوا داگیربکرایە، ئەوا هیچ ئاشتییەک بوونی نەدەبوو.

ئەرکە قورسەکە بۆ چارەسەرکردنی پرسی غەززە و فەڵەستین لە ئێستاوە دەست پێدەکات. لێرەدا پێویستە جەخت لەسەر ڕۆڵی وڵاتانی ئەوروپی بکەمەوە، کە لە ڕووی مێژووییەوە لە گەورەترین بەخشەرەکان بوون بۆ فەڵەستینییەکان. ئێمە لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی غەززەدا پێویستمان پێیان دەبێت، کە تێچووەکەی زۆر گرانبەها دەبێت. ڕۆڵی ئەوروپا لەوە زیاترە تەنها پارە دابین بکات. بە هەمان شێوە بریتییە لە دەنگێکی گرنگ بۆ ئاشتی لە ناوچەکەدا.

شوێنێکی دیکەی جێ ململانێی ناوچەیی، سوریایە، کە هەتا ئێستا بریتی بووە لە چیرۆکێکی سەرکەوتوو. پێویستە ئێمە هەموو هەوڵێک بدەین بۆ یارمەتیدانی حکومەتی سوریا تا وڵاتەکە ئاوەدان بکاتەوە. مسۆگەرکردنی ئاسایشی سوریا، یەکپارچەیی خاکی سوریا، سەلامەتی دانیشتوانەکەی و نوێنەرایەتیکردنی هەموو گەلەکەی گرنگییەکی زۆری هەیە. ئاڵۆزیی سوریا، و ئازار و دەرەنجامەکانی تیرۆریزم، هەڵاتنی پەنابەران و قاچاخچێتی ماددەی هۆشبەر، سوود بە هیچ کەس ناگەیەنێت.

حکومەتی نوێ شایەنی پشتیوانیی ئێمەیە. حکومەتی سوریا بەڕوونی دەڵێت کە دەیەوێت گرنگی بە ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەی بدات و مەترسی بۆ سەر هیچ لایەنێکی دەرەوەی خاکەکەی دروست ناکات. پێویستە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتەکەیدا بوەستێت.

پێویستە حکومەتە هەرێمییەکان و هاوبەشە جیهانییەکانیان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە نە سوورییەکان و نە فەڵەستینییەکان لە بەرەوپێشچوونیان بە ئاڕاستەی ئاشتی و سەقامگیریی درێژخایەن شکست ناهێنن، یەکبگرن. ✦


شێوەسازی یونیپاس

# پاسەوانی کەناراوەکانی یەمەن

## هێڵی یەکەمی بەرگرییە بۆ ئاسایشی دەریایی



**پاسەوانی** کەناراوەکانی یەمەن یاسای دەریایی جێبەجێ دەکات و خاکە ئاوییەکانی کۆماری یەمەن دەپارێزێت. پاسەوانی کەناراوەکان لە ساڵی 2002 دامەزراوە و لە ساڵی 2003 دەستی بە کارکردن کردووە. لە ساڵی 2004ـدا بازنەی کارەکانی بۆ لەخۆگرتنی پاراستنی بەندەرەکان و دامەزراوە گرنگەکان، بەرەنگاربوونەوەی تاوان لە دەریاکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گەڕان و ڕزگارکردن فراوانتر بوو. ناوچەی بەرپرسیارێتییەکەی زیاتر لە 2,500 کیلۆمەتری کەناراوی دەگرێتەوە، کە دەریای سوور، کەنداوی عەدەن، دەریای عەرەبی و زەریای هیندی، بە هەمان شێوە چەندین دوورگەی یەمەنی و ڕێڕەوی ئاوی ستراتیژیی وەک باب ئەل مەندەب لەخۆدەگرێت.

لە بواری پاراستنی ناوچە ئاوییەکاندا، پاسەوانی کەناراوەکان ئاسایشی بەندەرەکان دابین دەکات، ڕێڕەوی کەشتیوانیی نێودەوڵەتی دەپارێزێت، بەرەنگاری قاچاخچێتی، چەتەی دەریایی و ماسیگرتنی نایاسایی دەبێتەوە، ئۆپەراسیۆنی گەڕان و ڕزگارکردن ئەنجام دەدات و ژینگەی دەریایی دەپارێزێت. سەرەڕای ئاڵنگارییە لەڕادەبەدەرەکان کە بەهۆی ململانێی بەردەوامەوە سەریان هەڵداوە، پاسەوانی کەناراوەکان بەردەوامە لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی و لەگەڵ هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاسایشی دەریایی نیشتمانی و ناوچەیی هەماهەنگی دەکات.

### بەهێزکردنی کاریگەری

لە مانگی تشرینی دووەمی 2024، پاسەوانی کەناراوەکانی یەمەن بە دانانان بە گرنگیی ڕۆڵی گرنگی خۆی لە پاراستنی ناوچە ئاوییەکان، پاراستنی بازرگانیی دەریایی و بەرەنگاربوونەوەی نایاساییدا، ستراتیژییەکی گشتگیری بۆ بنیاتنانەوەی تواناکانی ڕاگەیاند. پاسەوانی کەناراوەکان لە بەردەم دووڕیانێکدا وەستاوە، لە کاتێکدا کە هەڕەشەکان لە زیادبووندایە، بە دیاریکراوی هێرشە تیرۆریستییەکانی میلیشیا حوسییەکانی سەر بە ئێران کە هەڕەشەی ڕاستەوخۆن بۆ سەر ئاسایشی دەریای سوور و کەنداوی عەدەن، بە سەرچاوەیەکی سنووردارەوە درێژە بە ئەرکەکەی دەدات. ئەم هەڕەشانە بە زیادکردنی تێچووی بیمە و کەشتیوانی و پەکخستنی بازرگانی دەریایی، ئابووری یەمەن و بازرگانیی جیهانییان بە تەواوی لاوازکردووە.

لە بەرامبەر ئەم ئاڵنگارییانەدا، ئەنجومەنی پێشەوایی سەرۆکایەتی و حکومەتی یەمەن بۆ بەرزکردنەوەی ئاسایشی دەریایی کە ئاوەدانکردنەوە و برەودان بە پاسەوانیی کەناراوەکان تا توانای بەرپەرچدانەوەی ئەم هەڕەشانەی هەبێت، بەهێزکردنی هاوکاری لەگەڵ هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان بۆ دەستەبەرکردنی هەماهەنگیی باشتر و پشتیوانیکردن لە ئابووریی نیشتمانی لەڕێگەی پاراستنی ڕێڕەوە گرنگەکانی کەشتیوانییەوە لەخۆدەگرێت، نەخشە ڕێگایەکی ڕوونیان داڕشتووە.



**هێزەکانی یەمەن بەشێک لەو 750 تەن تەقەمەنییەی لەو بەلەمانەدا دەستیان بەسەردا گرتووە، کە پێدەچێت ئێران بۆ پڕچەککردنی تیرۆریستانی حوسی ناردبێتی، نمایش دەکەن.** فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا

پشتیوانیی حکومەتی بەریتانیا و برایانمان لە سعودیە بووە هۆی دروستبوونی هاوبەشیی ئاسایشی دەریایی یەمەن. ئەمەش لە ڕێگەی برەودان بە تواناکانی کارکردن، بەرەوپێشبردنی ژێرخان و بنیاتنانی سیستەمێکی ئاسایشی دەریایی یەکخراوەوە چوارچێوەیەکی کاری کرداریی بۆ گۆڕینی ئەم ڕوانگەیە بۆ واقیع پێشکەش دەکات. پشتیوانیی هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان

ئەرکی سەرەکیی پاسەوانی کەناراوەکان بریتییە لە بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرەکانی قاچاخچێتی، بەتایبەتی چەک، تەقەمەنی، ماددەی هۆشبەر، سووتەمەنی و مرۆڤ. ئەم تاوانانە نەک تەنها هەڕەشە لە ئاسایشی یەمەن دەکەن، بەڵکو هەڕەشە لە ئاسایشی تەواوی ناوچەکەش دەکەن.

بە تەنیا وەبەرهێنانێک نییە لە پاسەوانی کەناراوەکانی یەمەن بەڵکو وەربەرهێنانە لە سەقامگیریی ناوچەیی و پاراستنی بازرگانیی جیهانیشدا.

لە ژێر ڕۆشنایی پەرەسەندنی ئاڵنگارییە ئاسایشییەکان بەدرێژایی کەناراوە 2,500 کیلۆمەترییەکەی یەمەن، پاسەوانی کەناراوەکانی یەمەن وەک یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی پاراستنی ئاسایشی دەریایی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دەستنیشان دەکرێت. لە نێوان بەرەنگاربوونەوەی قاچاخچێتی و چەتەی دەریایی و پاراستنی ڕێڕەوە دەریاییە گرنگەکان، کارمەندانی پاسەوانی کەناراوەکان لەبەرامبەر هەڕەشە ئاڵۆزەکاندا لە هێڵی پێشەوەی بەرگریکردندان.

## قاچاخچێتی و چەتەی دەریایی

ئەرکی سەرەکیی پاسەوانی کەناراوەکان بریتییە لە بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرەکانی قاچاخچێتی، بەتایبەتی چەک، تەقەمەنی، ماددەی هۆشبەر، سووتەمەنی و مرۆڤ. ئەم تاوانانە نەک تەنها هەڕەشە لە ئاسایشی یەمەن دەکەن، بەڵکو هەڕەشە لە ئاسایشی تەواوی ناوچەکەیش دەکەن. هەروەها پاسەوانی کەناراوەکان لە پاراستنی کەشتییە بازرگانییەکان لە چەتەی دەریایی کە هەڕەشە لە بازرگانیی نێودەوڵەتی دەکەن لە تێپەڕبوون بە دەریای سوور و کەنداوی عەدەندا، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت.

پاسەوانی کەناراوەکان و هاوبەشەکانی، کە هێزەکانی بەرخۆدانی نیشتمانی لە کەناراوەکانی ڕۆژئاوا و کەشتیگەلی پێنجەمی هێزی دەریایی ئەمریکا لەخۆدەگرێت، لە ساڵی 2025 سەرکەوتنی زۆریان بەدەستهێنا. هەرە دیارترینیان ڕێگریکردن بوو لە کەشتییەکی ئێرانی کە ماددەی هۆشبەری هەڵگرتبوو لە کەناراوەکانی ئەل مەهرا و سێ کەشتیی تر لە ناوچەی باشووری دەریای سوور کە بڕێکی زۆر پەین و چەکی پێشکەوتووی هەڵگرتبوو بەرەو ئاراستەی میلیشیا حوسییەکان. بە هەمان شێوە هاوبەشەکان دەستیان بەسەر سەدان کیلۆ ماددەی هۆشبەردا گرتووە و هەوڵەکانی بەقاچاخبردنی سەدان کۆچبەریان بۆ ناو یەمەن پووچەڵکردەوە. ئەم سەرکەوتنانە کاریگەری هەوڵەکانی قەدەغەکردن و توانای پاسەوانی کەناراوەکان بۆ کارکردن لە ژینگە ئاڵۆزەکاندا پشتڕاست دەکەنەوە.

## پێداویستییەکانی ئامێر و مەشقکردن

پاسەوانی کەناراوەکان درک بەوە دەکات کە مەشقی بەردەوام بۆ کارمەندەکانی لەگەڵ دەستڕاگەیشتن بە ئامێرە پێویستەکان باشترین دەستەبەری ئەدای کرداریی ئاست بەرزە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە بەپەرۆشەوە دەڕوانێتە بەشداریکردن لە مەشقە نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەتیش لەگەڵ هێزی دەریایی هاوبەش، بۆ بەدەستهێنانی ئەزموونی کرداریی و فێربوونی نوێترین شێوازەکانی چاودێریکردن، ڕێگریکردن و ڕزگارکردن. ئەم مەشقانە هەماهەنگیی ئۆپەراسیۆنەکان باشتر دەکەن و کاتەکانی وەڵامدانەوە بۆ هەڕەشەکان خێراتر دەکەن.

لە ڕێگەی ئەفسەرانی پەیوەندییەوە، پاسەوانی کەناراوەکانی یەمەن پەیوەندییەکی کارکردنی نزیکی لەگەڵ هێزە دەریاییە یەکخراوەکان، کە هاوپەیمانیی دەریایی 47 وڵاتە و بنکەکەی لە بەحرەینە، وە هێزی ئەرکی کەشتیگەلی پێنجەمی هێزی دەریایی ئەمریکادا هەیە. ئەم پەیوەندییە هاوبەشێکردنی هەواڵگریی دەریایی بەرز دەکاتەوە، هەماهەنگی بۆ

**پاسەوانی کەناراوەکانی یەمەن لە نزیک باب ئەل مەندەب، کە ڕێڕەوێکی ئاوی گرنگە بۆ کەشتیوانی نێودەوڵەتی، پاسەوانی دەکەن.** AFP/گێتی ئیمەیجس





**لە جیهانێکدا کە هەڕەشە دەریاییەکان تێیدا لە زیادبوون و تاوانی ڕێکخراو لە پەرەسەندندایە، پاسەوانی کەناراوەکانی یەمەن بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی مەیدانی قووڵ، هاوبەشیی بەهێز و ڕوانگەیەکی ڕوون بۆ گەشەپێدان، بە ئیرادە و پێداگرییەوە بەردەوامە لە ئەنجامدانی ڕۆڵی خۆی.**

ئۆپەراسیۆنەکانی گەڕان و ڕزگارکردن باشتر دەکات، ئاسایشی دەریایی لە دەریای سوور و کەنداوی عەدەن بەهێزتر دەکات. بە هەمان شێوە پاسەوانی کەناراوەکان پێشوازی لە پشتیوانیی هاوبەشە فرەنەتەوەییەکان دەکات لە پێکهاتەی کەشتییە هاوچەرخەکان، سیستەمی چاودێری، ئامێری پەیوەندیی پێشکەوتوو و بەرنامەکانی مەشقکردن و چاککردنەوەی بەردەوام.

هەرچەندە پاسەوانی کەناراوەکان چەند هەزار کارمەند و بەلەمگەلی بچووکی هەیە، بەڵام درێژی کەناراوەکان و قەبارەی ئاڵنگارییەکان تواناکانی ئێستای تێدەپەڕێنێت. سەرکردایەتییەکە بۆ مەشقپێکردنی زیاتری کارمەندەکانی لە بوارە تایبەتمەندەکاندا، هاوچەرخکردنی بەلەمەکان و فراوانکردنی تۆڕی چاودێریکردن و بەڕێوەبردن بۆ دڵنیابوون لە ڕووماڵکردنی کاریگەرانەی تەواوی کەناراوەکان، پلانێکی گشتگیری گرتۆتەبەر.

هەماهەنگییەکە تەنها لەگەڵ ئەمریکا و ئەوروپا نییە. هەروەها دراوسێ ناوچەییەکانی هاوسنووری دەریای سوور و کەنداوی عەدەن بە

**لە سەرەوە:** ئەندامێکی پاسەوانی کەناراوەکانی یەمەن لە دەریای سوور لە کەناراوەکانی مۆخا پاسەوانی دەکات. AFP/گێتی ئیمەیجس

هاوبەشپێکردنی زانیاریی هەواڵگری، هەماهەنگیی ئۆپەراسیۆنی دەریایی و بانگهێشتکردنی سەربازانی یەمەن بۆ مەشقی هاوبەش هاوکاری دەکەن.

## دەرەنجام

لە جیهانێکدا کە هەڕەشە دەریاییەکان تێیدا لە زیادبوون و تاوانی ڕێکخراو لە پەرەسەندندایە، پاسەوانی کەناراوەکانی یەمەن بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی مەیدانی قووڵ، هاوبەشیی بەهێز و ڕوانگەیەکی ڕوون بۆ گەشەپێدان، بە ئیرادە و پێداگرییەوە بەردەوامە لە ئەنجامدانی ڕۆڵی خۆی. پاراستنی کەناراوەکان نەک تەنها بۆ یەمەن بەڵکو بۆ ئاسایشی دەریایی نێودەوڵەتی و سەقامگیریی ناوچەکەش سوودبەخشە. ✦



## کاریگەریی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی

# لە تێکشکاندنی تیرۆریزم

پرۆفیسۆر د. ئینعام ئەلحەق غازی،
سەرۆک، ناوەندی توێژینەوەکانی وەرگێڕان و فرە زمانەوانی، ئیسلام ئاباد، پاکستان

**حکومەتەکان** بە تێپەڕبوونی کات ستراتیژی جۆراوجۆریان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر گرتۆتەبەر. لە کاتێکدا هیچ یاسایەکی تاوانی نێودەوڵەتی یان هێزێکی ئەرکیی پۆلیسی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بوونی نییە، وڵاتان ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازییان وەک بژاردەیەکی گونجاو بینیوە. ئەمەش لە ڕووی یاساییەوە بەهۆی مافی سروشتیی وڵاتان بۆ بەرگریکردن لە خۆیان لەدوای هێرشێکی چەکداری، وەک لە مادەی 51ـی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە، پشتگیری دەکرێت.

ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی دژ بە تیرۆریزم لە ئێستادا بە بەراورد بە ڕابردوو زیاتر پەرەی سەندووە. توێژەران ئاماژەیان بەوە کردووە کە لە ڕابردوودا ڕووداوی تارادەیەک کەم هەبوون کە تێیدا حکومەتەکان هێزی سەربازییان بەکارهێنابێت، بەڵکو لەبری ئەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە تیرۆر پشتیان بە پۆلیس و دادگاکان بەستووە.

سەرەڕای ئەوەش، لە ماوەی دەیان ساڵدا وڵاتانی جیاواز لە سەرانسەری جیهان چەندین ستراتیژی سەربازیی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریان گرتۆتەبەر:

- **پاراستن:** هێزە سەربازییەکان بۆ پاراستنی هاوڵاتیانی مەدەنی و هاوکاریکردنی دامەزراوە نیشتمانییەکان لە گەڕاندنەوەی یاسا و نەزمی نیشتمانیدا بەکاردەهێنرێن.
- **پێشلێگرتن:** هێزە سەربازییەکان کار بۆ ڕێگریکردن لە هێرشێکی پێشبینیکراو دەکەن.
- **ڕێگریکردن:** هێزی سەربازی بۆ بێهیواکردنی هێرشە تیرۆریستییە ئەگەرییەکان بەکاردەهێنرێت.
- **تۆڵەسەندنەوە:** هێزە سەربازییەکان لە دوای هێرشێک بە تۆڵەسەندنەوە وەڵام دەدەنەوە.
- **لەناوبردن:** هێزە سەربازییەکان بۆ هەڵوەشاندنەوەی تۆڕە تیرۆریستییەکان و پوچەڵکردنەوەی ئۆپەراسیۆنەکانیان، سەرکردە سەرەکییەکانی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان دەکوژن.
- **جەنگی درێژخایەن:** هێزە سەربازییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر بەشداری لە جەنگی درێژخایەنتردا دەکەن.

### پاراستن

ئەمەش دابینکردنی پاراستن و ئاسایش بۆ هاوڵاتیان، گەڕاندنەوەی یاسا و نەزم و دووبارە دامەزراندنەوەی ژێرخانی نیشتمانی و سیستەمە نیشتمانییەکان لەخۆدەگرن. بە واتایەکی کرداریتر دەتوانرێت لە بەرەنگاربوونەوەی چالاکیە تیرۆریستییەکان، هێزی سەربازی بۆ یارمەتیدانی دەسەڵاتدارانی مەدەنی بەکاربهێنرێت. یەکێک لە نموونە کاریگەرەکانی هاوکاری و پاراستنی سەربازی بریتییە لە ڕۆڵی هێزی سەربازی و نیمچە سەربازی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەرکەکانی ڕزگارکردنی بارمتەکان. دەتوانرێت ئەم ئەرکانە بە سەلامەتی وەک بەرگریکارێکی ئاکاری پۆلێن بکرێن، چونکە بە چوارچێوەیەکی یاسایی و دەستووری تەواو پشتگیرییان لێدەکرێت.

بە شێوەیەکی بەرچاوتر لە ساڵانی 1970ـدا، هەندێک لە دەوڵەتان دەستیان کرد بە ئەنجامدان یاخود بەشداریکردن لە توندوتیژیی تیرۆریستی دژ بە ئەمریکا. لە ڕای گشتی ئەمریکادا، بەگشتی هێز وەک یەکێک لە کاریگەرترین ڕێگاکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر هەژماردەکرێت و بە هەمان شێوە بۆ ناردنی پەیامێک کە ناتوانرێت لە ڕێگەی کردەوەی تیرۆریستییەوە ئەمریکا بترسێنرێت یاخود جڵەوبکرێت.

لە ساڵی 1980، دوای ئەوەی خوێندکارانی ئێران لە تاران دەستیان بەسەر باڵیۆزخانەی ئەمریکادا گرت و ئەمریکییەکانیان بە بارمتە گرت، ئەمریکا هەوڵیدا هێزی سەربازی بۆ ڕزگارکردنی بارمتەکان و هێورکردنەوەی دۆخەکە بەکاربهێنێت. ئەرکەکە سەرکەوتوو نەبوو، وە لە ئەنجامی ئەم ڕووداوەدا فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی ئەمریکا دامەزرێنرا و لە ئێستادا سەرپەرشتیی تواناکانی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان، هەماهەنگی و مەشقکردنی ژمارەیەکی زۆر لە بەشە سەربازییەکانی ئەمریکا و هێزەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر دەکات.

دوای ئازادکردنی بارمتەکانی تاران، ئەمریکا سیاسەتی بەکارهێنانی هێزی لە دژی تیرۆریستان لە بەرگرییەوە گۆڕی بۆ هێرشبردن. ئەم ڕێبازە بە هێرشی هێزی ئاسمانیی ئەمریکا بۆ سەر ئامانجە سەربازییە گرنگەکان لەدوای بەدەستگەیشتنی زانیاریی هەواڵگری کە تیرۆریستان لە لیبیا لە ساڵی 1986 یانەیەکی شەوانەیان لە بەرلینی ڕۆژئاوا بۆردوومان کرد، کە بووە هۆی کوژرانی دوو سەربازی ئەمریکی، بەرجەستەکرا.

دەکرێت هەندێک لە وەڵامەکانی بەرەنگاربووەنەوەی تیرۆریزم وا لە حکومەتەکان بکات ژمارەیەکی زۆر لە سەربازی ڕێکخراو لە شەقامەکاندا جێگیر بکەن، بەڵام ئامادەبوونی سەربازی بەشێوەیەکی بەرفراوان ڕەنگە ببێتە هۆی بڵاوبوونەوەی ترس و دڵەڕاوکێ و حکومەتەکان لەلای هاوڵاتییان ناپەسەند بکات.

بە هەمان شێوە دەتوانرێت بۆ پاراستنی ئامانجە ئەگەرییەکانی چالاکییە تیرۆریستییەکان سوود لە هێزە چەکدارەکان وەربگیرێت. ئەمەش ژێرخانی گرنگ، دامەزراوە و کەسایەتییەکان دەگرێتەوە. یەکێک لەو نموونانە دەتوانرێت لە شوراکردنی باڵیۆزخانەکان و پاراستنی دیپلۆماتکارەکاندا بەدی بکرێت.

## پێشلێگرتن

پێشلێگرتن واتە لێدانی پێشوەختە بۆ ڕێگریکردن لە ڕوودانی هێرشێک. ئەمە جیاوازە لە خۆپاراستن، چونکە ئەمەی دوواتریان دەکرێت وەک ڕێوشوێنێک بۆ دەستەبەرکردنی پاراستنی درێژخایەن تەماشا بکرێت لە کاتێکدا پێشلێگرتن بەگشتی لە ئۆپەراسیۆنی کورتخایەن پێکدێت. ئەم ستراتیژە لە دوای 11/9ـەوە سەریهەڵدا و جەختی لەسەر پێشلێگرتنی ئەمریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە تیرۆریستییەکان کردەوە.

ئەمریکا زۆرجار هەڕەشەی پێشوەختە بۆ خۆپاراستن لە مەترسی بەکارهێناوە. دەتوانرێت نموونەی هاوشێوە لە نێوان ساڵانی 1989 بۆ 1990ـدا بەدی بکرێت، کاتێک ئەمریکا هۆشیاریدا لە بڵاوکردنەوەی هێزی سەربازی بۆ داخستنی وێستگەی کیمیایی ڕەبتا لە لیبیا، کە گومانی بەرهەمهێنانی گازی دەماری لێدەکرا (کە وەک چەکێکی کۆمەڵکوژ پۆلێن کراوە). هۆشدارییەکە کاریگەری هەبوو و لە دەرەنجامدا دامەزراوەکە داخرا.

لە کاتێکدا کە دەکرێت پێشلێگرتن کەموکوڕیی هەبێت، هەندێک لە توێژەران دەڵێن کە کاتێک دێتە سەر باسی کوشتنی سەرکردە سەرەکییەکانی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان، ئەوا سەرکەوتنەکانی ڕێوشوێنی پێشلێگرتن زۆر ئاشناترن. پرسێکی دیکەی ڕێوشوێنی پێشوەختە بریبە لە ڕەوایەتیدان و ڕەهەندە ئاکارییەکان. لە کاتێکدا کە دەکرێت ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی پێشلێگرتنی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لەسەر بنەمای زانیاریی هەواڵگری کە گروپە دیاریکراوەکان بە هێرشە ئەگەرییەکانەوە دەبەستێتەوە ئاسانتر بێت، بەڵام ئەم جۆرە ڕێوشوێنانە پێشێلکردنی یاسا و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانیان دەخەنە مەترسییەوە.

## ڕێگریکردن

ئەمەش پاراستنی هەڵوێستێکی سەربازی بەهێز بۆ بێهیواکردن و ڕاوەدوونانی گروپە تیرۆریستییەکان لەخۆدەگرێت. ئۆپەراسیۆنی ڕمی نیپتۆن (ڕمی خوای دەریاکان)، کە لە ساڵی 2011 لەلایەن ئەمریکاوە ئەنجامدرا، بووە هۆی کوژرانی ئوسامە بن لادن، سەرکردەی باڵای تۆڕی ئەل قاعیدە و پلاندانەری پشت هێرشە تیرۆریستییەکانی 11ـی مانگی ئەیلولی 2001. ئەمریکا هێلیکۆپتەرەکانی Black Hawk و هێزی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی دەریایی کە بە باشی بۆ ئەنجامدانی ئەم ئۆپەراسیۆنە لە کۆمەڵگەیەک لە ئەبۆتئاباد، لە پاکستان مەشقپێکرابوون، ڕەوانەکرد. لە ڕێگەی ئەم ئۆپەراسیۆنەوە، ئەمریکا مەبەستی بوو سەبارەت بە دەرئەنجامەکانی ئەنجامدان و پشتیوانیکردنی چالاکیی تیرۆریستی لەسەر خاکی ئەمریکا، پەیامێکی ڕوون بنێرێت. ئۆپەراسیۆنەکە سەرکردایەتی و ورەی ئەل قاعیدەی لاواز کرد و ئیرادەی ئەمریکای بۆ ڕاوەدوونانی تیرۆریستان نیشان دا.

بە هەمان شێوە وڵاتێک کە سوپایەکی بەهێزی هەبێت و تۆماری تۆڵەسەندنەوەی لە دژی هێرشەکان هەبێت، ئەوا دەتوانێت وەک ڕێگرییەکی بەهێز بەرامبەر بە تیرۆریستە ئەگەرییەکان ڕابوەستێت. لە ساڵی 1996، تیرۆریستان هێرشیان کردە سەر شوێنی نیشتەجێبوونی باڵیۆزی ژاپۆن لە شاری لیما، لە پیرۆ، وە دیپلۆماتکار و کەسایەتییە بیانییەکانیان بە بارمتە گرت. هاووڵاتیانی ئەمریکیش لەنێو ئەو کەسانەدابوون کە بە بارمتە گیرابوون.

بەهۆی دەنگۆیەکەوە کە کۆماندۆکانی هێزی دێڵتای ئەمریکی لە لیما نیشتوونەتەوە و خۆیان بۆ هەڵکوتانە سەر شوێنی نیشتەجێبوونەکە ئامادە دەکەن، تیرۆریستان بارمتە ئەمریکییەکانیان ئازاد کرد. ئەوانی تر لەلایەن هێزە تایبەتەکانی پیرۆوە ڕزگارکران. دەرکەوت دەنگۆکە ساختەبوو، بەڵام زۆرێک وای بۆ چوون کە تیرۆریستان لە ترسی دەستێوەردانی سەربازیی ئەمریکا بارمتەکانیان ئازاد کردووە.

هەندێک لە توێژەران دەڵێن کە ڕێگریکردن کەموکوڕیی خۆی هەیە. یەکەم، ڕەنگە کاریگەری جێگرەوە دروست بکات کە تێیدا تیرۆریستان ڕێڕەوی کارکردنیان بگۆڕن یاخود هێرشەکانیان بۆ سەر ئەو شوێنانەی لاوازتر دەردەکەون، بگوازنەوە. بۆ نموونە، دەکرێت لەبری تەقینەوەی خۆکوژی پەنا بۆ ڕفاندن ببەن. مشتومڕێکی تر بریتییە لەوەی کە ڕێگریکردن لە نەهێشتنی تیرۆر بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، هەمیشە سەرکەوتوو نییە. ئاماژە بەوەش کراوە کە هەوڵەکانی ژمارەیەک لە وڵاتان



**کۆماندۆکانی هێزی دەریایی پاکستان لە نزیک شاری کاراچی مانۆڕێکی دەریایی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ئەنجام دەدەن.**

ئەسۆشەیتد پرێس

بۆ ڕێگریکردن لە گروپە تیرۆریستییەکان تەواو سەرکەوتوو نەبوون، بەو پێیەی گروپە تیرۆریستییەکانی تر لە ئەنجامدانی هێرش کەمتەرخەمییان نەکردووە.

## تۆڵەسەندنەوە

لە ئەنجامی بۆردومانەکانی باڵیۆزخانەکانی ئەمریکا لە کینیا و تەنزانیا لەلایەن ئەل قاعیدەوە لە 7ـی مانگی ئابی 1998، سوپای ئەمریکا لە ڕێگەی ئۆپەراسیۆنی دەستڕاگەیشتنی بێ سنوور بە خێرایی تۆڵەی لە تیرۆریستان سەندەوە.

لە ماوەی چەند هەفتەیەک لە دوای تەقینەوەکانی باڵیۆزخانەکە، پلان بۆ ئۆپەراسیۆنەکە داڕێژرابوو. حکومەتی ئەمریکا ئەو ئامانجە ئەگەرییانەی دەستنیشان کرد کە قاعیدە و بن لادن لاواز بکات و پەیامێک بۆ سەرانسەری جیهان بنێرێت کە ئەمریکا و دامەزراوەکانی بەهۆی تیرۆرەوە لاواز نابن.

حکومەتی ئەمریکا دوو ئامانجی دیاریکرد، یەکێکیان کەمپی مەشقی خۆستی تیرۆریستان بوو، کە 161 کیلۆمەتر دوورە لە باشووری کابول لە ئەفغانستان. دەزگا سەربازی و هەواڵگرییەکانی ئەمریکا باوەڕیان وابوو کە کەمپی خۆست بە قووڵی پەیوەندیی بە تۆڕی تیرۆری بن لادنەوە هەیە.

جگە لەوەش، ئەو کۆمەڵگەیەی کە سەرکردە سەرەکییەکانی ئەل قاعیدەی تێدا نیشتەجێبوو، دەرفەتێکی بۆ حکومەتی ئەمریکا ڕەخساند تا ئەو ئامانجانەش لەناوببات. لە 20ـی مانگی ئابی 1998، هێزی دەریایی ئەمریکا ژمارەیەک موشەکی کروزیان ئاڕاستەکرد، کەمپی خۆستیان لەناوبرد.

هەرچەندە دەکرێت ئۆپەراسیۆنی دەستڕاگەیشتنی بێ سنوور بۆ ماوەیەکی کورتخایەن تۆڕی تیرۆریستیی بن لادنی لاواز کردبێت، بەڵام ڕێگریی لە ئەنجامدانی هێرشی زیاتری ئەل قاعیدە بۆ سەر خاکی ئەمریکا نەکرد لە دواتردا.




## لەناوبردن

ستراتیژێکی تری سەربازی کە وڵاتان بۆ لاوازکردن و لەناوبردنی گروپە تیرۆریستییەکان بەکاریدەهێنن، کوشتنی سەرکردە و ئەندامە سەرەکییە تیرۆریستەکانە.

هەندێک حاڵەت هەبووە کە تێیدا کوشتنی سەرکردەکان بە ڕادەیەک لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، لەوانە ئۆپەراسیۆنی ڕمی نیپتۆن دژ بە بن لادن. مردنی ناوبراو ئەل قاعیدەی لاواز کرد و دەکرێت هێرشەکانی داهاتووشی پەکخستبێت.

کاریگەری کوشتنی سەرکردە تیرۆریستەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر هەمیشە بابەتی مشتومڕی توێژەران بووە. زۆرێک پشتیوانی لەو ڕێبازە دەکەن، وە ئۆپەراسیۆنی ڕمی نیپتۆن بە نموونە دەهێننەوە. ئەوان لەو باوەڕەدان لەناوبردنی سەرکردایەتیی سەرەکی ناو ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان تواناکانی ئۆپەراسیۆنی گروپەکان سنووردار دەکات، ئەمەش داڕستنی پلان بۆ هێرشی کوشندە بۆ گروپە تیرۆریستییەکان سەختتر و گرانتر بێت. لە لایەکی دیکەوە، لەناوبردنی سەرکردە دەتوانێت گرووپێکی دیاریکراویش توندڕەو بکات و پاڵنەرێک بۆ تۆڵەسەندنەوە دروست بکات.

## جەنگی درێژخایەن

چەند دەیەی ڕابردوو چەندەها جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی درێژخایەن لە دژی تیرۆریستان بەخۆیەوە بینیوە. بۆ نموونە، هێزە سەربازییەکانی پاکستان ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوانیان بۆ لەناوبردنی پەناگە پارێزراوەکانی تیرۆریستان لە ناوخۆی وڵات و بەرەوپێشبردنی ئاسایشی گشتیی ناوچەکە ئەنجامدا.

ناسراو بە ئۆپەراسیۆنی زەڕب عەزب، سوپا ئۆپەراسیۆنێکی دژ بە تەحریکی تاڵیبانی پاکستان (TTP)، ئەل قاعیدە و گروپە تیرۆریستییەکانی تر لە ناوچەی وەزیرستانی باکوور ئەنجامدا. هێزەکانی پاکستان ئۆپەراسیۆنەکەیان لە دەزگای وەزیرستانی باکوور و ناوچە خێڵەکییەکانی ئیدارەی فیدراڵی لە نزیک سنووری پاکستان و ئەفغانستان دەستپێکرد. زەرب عەزب وەڵامێک بوو بۆ هێرشێکی تیرۆریستی کوشندە کە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی جیناحی لە کاراچ کرد بە ئامانج. نزیکەی 30,000 سەربازی پاکستان بەشداربوون.

زەرب عەزب هێرشی ئاسمانیی هەماهەنگ، هێرشی زەمینی و ئۆپەراسیۆنی گەڕانی لەخۆگرتبوو. دەزگا هەواڵگرییەکانی پاکستان لە دەستنیشانکردنی ئامانجەکان و ڕێگریکردن لە یاخیبوونی تاقمە تیرۆریستییەکان ڕۆڵی سەرەکییان گێڕا. لە هێرشە ئاسمانییەکاندا، هێزی ئاسمانیی پاکستان حەشارگەی تیرۆریستانی لە میرانشای پایتەختی وەزیرستانی باکوور کردە ئامانج.

دوابەدوای ئەو هێرشانە، شەڕێکی زەمینی لە نێوان سوپای پاکستان و چەکدارە تیرۆریستییەکان مسۆگەرکرد. جگە لە هێرشە سەربازییەکان، ئۆپەراسیۆنەکانی گەڕانیش ئەنجامدران. ئەمەش پێکهاتبوو لە دابڕاندنی ناوچە بەئامانجکراوەکان و دەستگیرکردن یاخود لەناوبردنی یاخیبووان و چەک لە ناوچەکەدا. لەبەرئەوەی زۆرینەی شەڕەکان لەنزیک سنووری پاکستان و ئەفغانستان ئەنجامدرا، هەوڵەکان بۆ ئاسایشکردنی سنوور و ڕێگریکردن لە جوڵەی تیرۆریستان بەسەر سنووردا خرانەگەڕ. تا ساڵی 2015، 2,763 تیرۆریست کوژراون و 837 پەناگەی پارێزراوی تیرۆریستان خاپورکران.

**یەکێک لە ڕزگاربووانی تەقینەوەکانی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە ساڵی 1998، لەدوای سزادانی چوار کەس بە تاوانی کوشتن لە هێرشەکانی کینیا و تەنزانیا، بابەتێک دەخوێنێتەوە.** ڕۆیتەرز

ئۆپراسیۆنی سەربازی لە دۆڵی شەوال کۆتا قۆناغی ئۆپەراسیۆنی زەرب عەزب بوو. ئۆپەراسیۆنەکە لە کەمکردنەوەی بەرچاوی تۆڕە تیرۆریستییەکانی ناو پاکستان بە سەرکەوتوو دانرا. ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردایەتی تەحریکی تاڵیبانی پاکستان (TTP) دەستگیرکران یاخود کوژران. هەرچەندە ئۆپەراسیۆنەکە لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بە نموونەیەکی کاریگەری ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی دادەنرێت، بەڵام چالاکیی توندڕەوەکان لە ناوچەکەدا بەردەوامی هەیە و بەرپەرچدانەوەیان پرسێکی ئاڵۆز و بەردەوامە.

## ئەنجامەکان

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، حکومەتەکان بۆچوونیان لەبارەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا گۆڕیوە. لە نیوەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا، هێزی سەربازی وەک بەشێکی تەواو چارەنووسساز لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستاندا هەژمار نەدەکرا. لە ئەمریکا، گرنگی زیاتر بە ڕێبازە یاسایی و وەڵامدانەوەکانی پۆلیس درا. لەگەڵ ئەوەشدا، لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا دوای قەیرانی بارمتەگرتنی ئێران، حکومەتی ئەمریکا هەنگاو بە هەنگاو دەستی بە بەسەربازکردنی ڕێبازەکەی کرد. هێرشەکانی 11/9 لە ئەمریکا ئەو تێگەیشتنەی هێنایە ئاراوە کە پێویستییەک بۆ ڕێوشوێنی بەهێزتری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر هەیە.

بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە ئەرکەکانی ڕزگارکردنی بارمتە و شوراکردنی باڵیۆزخانەکان لە کەمکردنەوەی ژمارەی کوژراوانی مەدەنی و کاریگەریی هێرشە تیرۆریستییەکان یارمەتیدەر بووە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەکرێت ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە سەرباز لە شەقامەکاندا ترس زیاد بکات و سەبارەت بە ئۆپەراسیۆنەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری حکومەتێک بێمتمانەیی دروست بکات.

بە هەمان شێوە پێشلێگرتنیش بابەتێکە مشتومڕی لەسەرە. هەرچەندە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی پێشلێگرتن بوونەتە هۆی کوژرانی ژمارەیەک لە تیرۆریستی گرنگ، بەڵام زۆرجار سەلماندنی ئەوەی کە ئایا ئەو ئۆپەراسیۆنانە ڕێگرییان لە هێرشە کوشندەکانی تر کردووە، ئەستەمە.

ڕێگریکردن پەیامێکی ڕوونی دەسەڵاتی سەربازی و ئیرادەی وڵاتێک بۆ گروپە تیرۆریستییەکان دەنێرێت. وڵاتانی جۆراوجۆر وەڵامی سەربازیی بەهێزیان بۆ ڕێگریکردن لە هێرشە تیرۆریستییەکانی داهاتوو بۆ سەر خاکەکانیان بەکارهێناوە. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرەڕای ڕێوشوێنەکانیش هێشتا چالاکیی تیرۆریستان لە ماوەی درێژخایەندا بەردەوامیی هەیە.

تۆڵەسەندنەوەی سەربازی، کاتێک لەڕێگەی یەکەی سەربازیی مەشقپێکراوی گونجاو و پلانی کاریگەر ئەنجام دەدرێت، ئەوا سەرچاوە گرنگەکانی گروپە تیرۆریستییەکان لەناودەبات و ئەندامەکانیان دەکوژێت. سەرەڕای ئەوەش، کاریگەرییەکەی لە ماوەی درێژخایەندا هێشتا جێگەی مشتومڕە.

کوشتنی کەسایەتییە سەرەکییەکانی ناو پەیکەری ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان دەبێتە هۆی دروستکردنی بۆشایی کورتخایەن لە دەسەڵاتی ناوخۆیی و لە کەمکردنەوەی وەرەی گشتیی گرووپە تیرۆریستییەکان بەشداریدەکات. بەڵام دەکرێت تیرۆرکردن کاریگەری شەهیدبوون دروست بکات و هەندێک جار هانی هێرشی تیرۆریستیی زیاتر دەدات.

جەنگەکان پەناگە تیرۆریستییەکانیان خاپوورکردووە، سەرچاوە داراییەکانیان پەکخستووە و تەنانەت نزیک بوونەتەوە لە بنبڕکردنی هەندێک گرووپی تیرۆریستی. سەرەڕای ئەوەی لەناوبردنی تەواوەتیی چالاکیە تیرۆریستییەکان بەدی نەهێنراوە، بەڵام جەنگەکان توانای ئۆپەراسیۆنی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو کەم کردووەتەوە.



لە مانگی تشرینی دووەمی 2025، سەربازانی پاکستان بەرەو شوێنی تەقینەوەیەکی خۆکوژی تیرۆریستی لە پێشاوار پێشڕەوی دەکەن. گروپی توندڕەوی تەحریکی تاڵیبان بەرپرسیارێتی ڕووداوەکەی لە ئەستۆگرت. پاکستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، پێکهاتەیەک لە ستراتیژی سەربازی و یاسایی بەکاردەهێنێت. AFP/گێتی ئیمەیجس

شەش شێوازەکەی بەکارهێنانی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر زۆربەیان لە ماوەی کورتخایەندا ئەنجامیان بەدیهێناوە. سەرەڕای ئەوە، لە ماوەی درێژخایەندا، هەندێک جار گروپە تیرۆریستییەکان چالاکییە توندوتیژییەکانیان دەستپێ دەکەنەوە. هەرچەندە حاڵەت هەبووە کە تێیدا کردەوەکانی تۆڵەسەندنەوە و جەنگی سەرتاسەری ئەنجامێکی باشتریان بەدەستهێناوە وەک لەوەی چاوەڕوان دەکرا، بەڵام توێژینەوەی زیاتر لەسەر ئەو بارودۆخ و چوارچێوە تایبەتانەی کە تێیدا جەنگەکانی دژ بە تیرۆر لەوانی تر سەرکەوتووتر پێویستە.

بەهەمان شێوە ئێمە ئەوە دەبینین کە تەنها ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی، لەگەڵ هێزێکی نارێکخراو، دەزگای هەواڵگریی لاواز و نەبوونی پشتیوانیی کۆمەڵگا، بەگشتی لە لەناوبردنی گروپە تیرۆریستییەکان سەرکەوتوو نابن.

ڕێگریکردن لە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان لە درێژەدان بە چالاکییەکانیان پێویستی بە بەشداریکردنی کۆمەڵگا هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو بیروباوەڕە توندڕەوانەی لە دروستبوونی گروپە تیرۆریستییەکان بەشدارن. وڵاتانی جۆراو جۆر بۆ زیانگەیاندن بە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بەبێ ئەوەی بینە هۆکاری وێرانکاریی فیزیکی، ستراتیژی جیاواز بەکاردەهێنن.

لەنێوان ئەو ستراتیژانەدا، بەکارهێنانی ڕێوشوێنی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە جیهانی بەرەوپێشچووی دیجیتاڵیمان و پەکخستنی تۆڕە داراییەکان کە پشتیوانی لە تیرۆر هەن. هاوشێوە، هەوڵە دیپلۆماسییەکان و هەماهەنگییە نێودەوڵەتییەکانیش ڕۆڵی خۆیان لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمی جیهانیدا دەگێڕن.

لە کاتێکدا ئێمە بەدوای باشترین ستراتیژ بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر دەگەڕێین، ئەوا بەرلەوەی بەرەو پێشەوە هەنگاوبنێین، پێویستە باشتر لە کاریگەریی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی و ڕێوشوێنەکانی تری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر تێبگەین. ✦

وەشانێکی ئەم بابەت لە لایەن هاوپەیمانیی سەربازیی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری ئیسلامی بڵاوکراوەتەوە.

# سعودیە
# هەماهەنگیی
# سەربازی لەگەڵ
# ئەمریکا فراوانتر دەکات

## سەردانێکی سەرۆک وەزیرانی سعودیە بۆ ئەمریکا بەڵێنی
## **کڕینی فڕۆکەی جەنگیی پێشکەوتوو لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت**

دەستەی یونیپاس

**سعودیە** پێگەی وەک هاوپەیمانێکی سەرەکیی ئەمریکا لە دەرەوەی ناتۆ بەدەستهێناوە، پێگەیەک کە دەستڕاگەیشتنی سعودییەکان بە ئامێرە سەربازییەکانی ئەمریکا و فراوانکردنی مەشق و هەماهەنگیی ئاسایشی ئاسانتر دەکات.

ڕاگەیاندنەکە لە میانی سەردانێکی خاوەن پایە شازادەی جێنشین و سەرۆک وەزیرانی سعودیە محەمەد بن سەلمان لە مانگی تشرینی دووەمی 2025 بۆ واشنتۆن دی سی بڵاوکرایەوە. دیارترین بەشی گەشتەکە بریتیی بوو لە کۆبوونەوەکان لەگەڵ دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا، کە ستایشی ڕێککەوتنە ستراتیژییە نوێیەکەی نێوان هەردوو وڵاتی کرد.

"هاوپەیمانییەکی بەهێزتر و بەتواناتر بەرژەوەندییەکانی هەردوو وڵات بەرەوپێش دەبات، وە بە هەمان شێوە خزمەت بە بەرژەوەندی باڵای ئاشتی دەکات." دۆناڵد ترەمپ لە ئێوارەخوانێکدا لە کۆشکی سپی لەگەڵ شازادە محەمەد بن سەلمان ڕایگەیاند.

لە میانی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان هەردوو سەرکردەدا، ترەمپ فرۆشتنی فڕۆکەی جەنگیی پێشکەوتووی F-35ـی بە سعودیە ڕاگەیاند. بە هەمان شێوە هەردوو وڵات سەبارەت بەوەی سعودیە سەدان تانکی ئەمریکی بکڕێت، گەیشتنە ڕێککەوتن.

شازادە محەمەد بن سەلمان ستایشی پەیوەندییە نۆ دەیەییەکەی نێوان هەردوو وڵاتی کرد و هانی پەیوەندیی قووڵتری دا.

"ئێمە ماوەیەکی زۆرە پێکەوە کاردەکەین،" شازادەی جێنشین سەبارەت بە ئەمریکا ئاماژەی پێدا. "بەڵام ئەمڕۆ لە مێژووی ئێمەدا ساتەوەختێکی زۆر گرنگە."

وڵاتانی تر کە پێگەی هاوپەیمانی سەرەکی دەرەوەی ناتۆیان وەرگرتووە بریتین لە بەحرەین، میسر، ئەردەن، کوەیت، پاکستان و قەتەر.



هەماهەنگیی ئاسایشیی نێوان سعودیە و ئەمریکا لە ساڵی 2025، پێشکەوتنی گەورەی بەخۆیەوە بینی. جگە لەوەش، لە ڕاگەیاندنەکانی مانگی تشرینی دووەم، هێزەکانی سعودیە لە مانگی تەمموزی 2025ـدا سیستەمی بەرگریی کۆتای ناوچەی زۆر بەرز (THAAD)ـی دروستکراوی ئەمریکایان چالاک کرد. یەکەکان لە بەرامبەر هەڕەشەکانی مووشەکی بالیستی بەرگری دەکەن.

لە هەمان مانگدا، سعودیە و ئەمریکا مەشقێکی دەریایی هاوبەشیان بە ناوی بەرگریکاری دەریایی 25 ئەنجامدا. هێزی دەریایی شاهانەی سعودیە و فەرماندەیی ناوەندی هێزە دەرياییەکانی ئەمریکا، کەشتیگەلی پێنجەمی ئەمریکا، بەدرێژایی کەنداوی عەرەبی لە شاری جوبەیلی ڕۆژهەڵاتی سعودیە، مانۆڕێکی هەفتەییان لەسەر لەناوبردنی کەرەستەی تەقەمەنی، ئۆپەراسیۆنەکانی بەرپەرچدانەوەی مین، یەکخستنی سیستەمی بێ

”ئەم مەشق و چالاکییە داینامیکییە سەربازی بۆ سەربازیانە جەخت لەسەر پابەندبوونی هاوبەشمان بۆ سەقامگیریی ناوچەیی، ئامادەیی ئۆپەراسیۆنی و هاوبەشیی بەرگریی بەردەوامی نێوان ئەمریکا و شانشینی سعودیە دەکەنەوە.“

**— دەیڤ ئیستبێرن**، وتەبێژی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا





**تانکێکی سعودیە لە میانی گەڕێکی مەشقکردن لە ناوەندی مەشقی نیشتمانیی ئەمریکا لە فۆرت ئێروین، کالیفۆرنیا، لە تشرینی دووەمی 2025، گولە تانکی ڕاستەقینە دەتەقێنێت.**
عەریفی دەستە دێڤۆن جۆنز/سوپای ئەمریکا

**سەرۆکی ئەمریکا دۆنالد ترەمپ لە مانگی تشرینی دووەمی 2025 لە واشنتۆن، پێشوازی لە خاوەن پایە شازادەی جێنشین و سەرۆک وەزیرانی سعودیە محەمەد بن سەلمان دەکات. هەماهەنگییە سەربازییەکان، لەوانە کڕینی فڕۆکەی جەنگیی F-35 لە لایەن سعودیەوە، تاوتوێ کرا.** گێتی ئیمەیجس

کارمەند، شەڕی ناو شار و پاسەوانیی دەریایی هاوبەش ئەنجامدرا.


ئامانجی مەشقەکە بریتیی بوو لە بەرزکردنەوەی یەکخراوی، هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان هێزی دەریایی هەردوو وڵات بوو؛ گەشەپێدانی توانا بەرگرییەکان بۆ چارەسەرکردنی ئاڵنگارییە ئاسایشییەکان لە ژینگە دەریاییە گرنگەکان لە ناوچەیەکی ناجێگیر؛ وە بەهێزکردنی کاریگەریی ئۆپەراسیۆنی.

بۆ هەنگاونان شانبەشانی پەرەسەندنی ژینگەی سەنگەر، بەرگریکاری دەریایی 25 بە هەمان شێوە مەشقی مەیدانی، شەڕی دەریایی و ئاسمانی، جەنگی دژە ژێردەریایی و ئۆپەراسیۆنەکانی پێکهێنانی هیزی دەریایی لەخۆگرتبوو.

”ئەم مەشق و چالاکییە داینامیکییە سەربازی بۆ سەربازیانە جەخت لەسەر پابەندبونی هاوبەشمان بۆ سەقامگیریی ناوچەیی، ئامادەیی ئۆپەراسیۆنی و هاوبەشیی بەرگریی بەردەوامی نێوان ئەمریکا و شانشینی سعودیە دەکەنەوە.“ دەیڤ ئیستبێرن، وتەبێژی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا بە تۆڕی ئەل عەرەبیەی ڕاگەیاند.

ئەم مەشقە لە دوای سەردانێکی فەریقی یەکەم مایکڵ کوڕیلا، فەرماندەی ئەوکاتەی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا (CENTCOM) بۆ سعودیە ئەنجامدرا، کە لەو میانەدا لەگەڵ فەریقی یەکەم فەیاز بن حەمەد ئەلروەیلی، سەرۆکی دەستەی ئەرکانی گشتیی سعودیە کۆبووەوە. وەک پێزانینی بەردەوامی پشتیوانییەکانی ئەمریکا بۆ بەرگریی ئاسمانیی سعودیە، فەریقی یەکەم ئەلروەیلی بۆ پشکنینی سیستەمی بەرگریی کۆتای ناوچەی زۆر بەرز (THAAD) یاوەریی فەریقی یەکەم کوڕیلا کرد.

سعودیە بە زیاتر لە 140 ملیار دۆلار گرێبەستی کارا، گەورەترین کڕیاری کاڵای سەربازیی بیانی ئەمریکایە. کڕینەکانی فڕۆکەی F-35 و تانکەکان ئەو بڕە گشتییە زیاد دەکات. ✦



# چاودێریکردنی پۆلیس

**کۆمیسیۆنی پشکنینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراق بەرەنگاری گەندەڵی دەبێتەوە و ئەدای کرداریی پۆلیس بەرەوپێش دەبات**

**فەریق عاتف ئەل سودانی**

سەرۆکی کۆمیسیۆنی پشکنینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراق

لە دوای 2003، عێراق بەهۆی چەندین هۆکارەوە سووڕێکی خوێناوی توندوتیژیی بەخۆیەوە بینی، هەرە دیارترینیان بریتیی بوو لە پێکهێنانی بەپەلەی دەزگاکانی ئاسایش لەکاتێکدا عێراق ڕووبەڕووی هێرشی تیرۆریستی دڕندانە و توندوتیژی تیرەگەری دەبووەوە. شەقامەکانی پایتەخت پڕ بوون لە تەرمی نەناسراو و جەنگێکی ڕاگەیاندنیی بەدخوازانە گومانی لەنێوان هاووڵاتیان و هێزەکانی ئاسایش بڵاوکردەوە. هەر لەبەر ئەمەش دڵنیاییدان لەوەی کە دەزگاکانی ئاسایش لە دزەکردن پارێزراون و پشتڕاستکردنەوەی دڵسۆزی کارمەندەکانیان پێویست بوو. وەزارەتی ناوخۆ بە سەرکەوتوویی ئەم قۆناغە گرنگەی تێپەڕراند و بوو بە نموونەیەک بۆ وڵاتانی دیکەی ناوچەکە.

کۆمیسیۆنی پشکنینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بەهۆی ئەو ڕۆڵە کارایەی لە چاودێریکردن، هەڵسەنگاندن و پەرەپێدانی بەردەوامدا دەیگێڕێت، بریتییە لە دەزگایەکی سەرەکیی ناو وەزارەتی ناوخۆ. کۆمیسیۆنەکە لە ڕێگەی کاری مەیدانی، پشکنین و هەوڵە بەردەوامەکانیەوە توانای خۆی بۆ هاندانی چاکسازیی دامەزراوەیی و بەرزکردنەوەی ئامادەیی ئاسایش و خزمەتگوزاری، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و باشترکردنی ئاستی خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان بە هاوڵاتیان سەلماندووە.

یونیپاس لەگەڵ فەریق عاتف ئەل سودانی، سەرۆک دەسەڵات کۆبووەوە، کە باسی لە دەستکەوتەکانی بەشەکەی، ئەو ئالنگارییانەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە و پلانەکانی بۆ باشترکردنی ئەدای کارایی کارمەندانی وەزارەتەکە کرد.

**یونیپاس: لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، حاڵەتی گەندەڵی و بەرتیلوەرگرتن لە چەند بەشێکی ناو وەزارەتدا سەریهەڵداوە. چۆن ئەمانەتان بەڕێوەبرد؟**

**فەریق عاتف:** دەبێت ئەوەمان لەیادبێت کە داڕشتنەوەی خێرا و سەرلێشێواوانەی سەرجەم بەشەکانی وەزارەت، بەبێ پەیڕەوکردنی ڕێکارە سەرەتاییەکان، ئەمە جگە لە دەستوەردانی لایەنە کاریگەرەکان لە پرۆسەی دامەزراندندا، بوونە هۆی دامەزراندنی کەسانی ناکارامە و کەسانێکی تر کە دڵسۆزیی دژبەیەکیان هەبوو. ئەمەش وایکرد ماوەی نێوان ساڵانی 2004 بۆ 2007 ببێتە یەکێک لە سەختترین ئەو ماوەیانەی کە وەزارەتەکە ئەزموونی کردبێت. سەرەڕای ئەوەش بە پیشەیی بوون و متمانە بەخۆبوون توانیمان ڕێڕەو ڕاست بکەینەوە و دەزگا ئاسایشییەکانی پەیوەست بە وەزارەتی ناوخۆ لەو پەیوەندی و وەفادارییانەی لەگەڵ دەوڵەتدا ناکۆکن پاک بکەینەوە. وەزارەتەکە لە شێوەی گەندەڵیی ئیداریدا ڕووبەڕووی ئالنگارییەکی گەورە دەبێتەوە، بێگومان ئەمەش ئالنگارییەکە کە ڕووبەڕووی هەموو وڵاتان دەبێتەوە. لەڕێگەی بەهێزکردنی لیژنەکانی چاودێری و ئەنجامدانی پشکنینی چاوەڕواننەکراوی زیاتر لەو بەڕێوەبەرایەتییە خزمەتگوزاری و ئاسایشییانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان لەگەڵ هاووڵاتیاندا هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی ڕاستەقینەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییانە، کەیسەکانی گەندەڵی کەمبوونەتەوە. بە هەمان شێوە کارمەندەکانمان فێری بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی کرد و یاسای توندمان بۆ سزادانی ئەو کەسانەی بەشداری تێدا دەکەن داناوە.

**یونیپاس: ڕۆڵی ئێوە لە هەڵسەنگاندنی ئەدای کاردایی ئەفسەرانی لێکۆڵەر و سزادانی لەو کەسانەی لە بەجێهێنانی ئەرکەکانیان شکست دەهێنن چییە؟**

**فەریق عاتف:** لە کۆمیسیۆنی پشکنین، ئەرکەکانمان پێکدێن لە هەڵسەنگاندنی ئەدای کاردایی ئەفسەرانی لێکۆڵینەوە لە ڕێگەی لیژنە تایبەتمەندەکانی پشکنینی مەیدانی کە پێداچوونەوە بە کەیسە دۆزراوەکان، ڕەوانەکراوەکان و داخراوەکانی گەندەڵیدا دەکەن، بە هەمان شێوە دڵنیابوون لە پابەندبوون بە ڕێکارە یاساییەکان، ڕێنماییەکان و کۆنترۆڵەکان، وە ئەوەی کە چۆن بە خێرایی لێکۆڵینەوەکان ئەنجام دەدرێن. لە ئەگەری پابەندنەبوون، ڕاپۆرتی ورد ئامادە دەکرێت و بۆ ڕێکاری یاسایی ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکرێت، ئەمەش لێپرسینەوەی کارگێڕی یاخود ڕەوانەکردنی بۆ لیژنەکانی لێکۆڵینەوە بەدووای خۆیدا دەهێنێت، بەمەش پابەندبوونی پیشەیی مسۆگەر دەکرێت و ئاستی ئەدای کاردایی بەرز دەبێتەوە. ئێمە بروانامەی ئەو ئەفسەرانە کە بەربژێر کراون بۆ بەشی لێکۆڵینەوە یاخود شایستەی پلەبەرزکردنەوەن پشتڕاست دەکەینەوە. بە هەمان شێوە ساڵانە هەڵسەنگاندنێکی گشتگیر بۆ فەرمانبەرانی وەزارەت ئەنجام دەدەین بۆ دڵنیابوون لەوەی هیچ سەرپێچییەک، سکاڵا یاخود سزایەک کە کاریگەری لەسەر ئەدای کارەکانیان هەبێت، لە دژی ئەوان لەئارادا نییە. هەموو ئەفسەر و فەرمانبەران بەپێی ستانداردە پیشەییەکان (ڕاپرسیی هەڵسەنگاندن) لەلایەن لیژنەکانی پشکنینەوە هەڵدەسەنگێندرێن (ڕاپۆرتی پشکنین). ئەم هەڵسەنگاندنە بنەمای دامەزراندن و پلە بەرزکردنەوەی کارمەندان پێکدەهێنێت.

**یونیپاس: ڕۆڵی پشکنەری گشتی لە چاودێریکردنی ئەدای کرداریی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیس لە پارێزگا جیاوازەکاندا چییە؟**

**فەریق عاتف:** پشکنەر لە ڕێگەی پشکنینی مەیدانی کە لەلایەن لیژنە تایبەتمەندەکانەوە ئەنجام دەدرێت، چاودێری بەشی پۆلیسی پارێزگاکان دەکات. ئەم لیژنانە پرسەکانی کارگێڕی، مەیدانی و پابەندبوون هەڵدەسەنگێنن، بە هەمان شێوە چاودێری ئاڵنگارییەکان دەکەن و لەڕووی کارمەند، کەرەستە یاخود ژێرخانەوە پێداویستییەکانی هەر بەڕێوەبەرایەتییەک هەڵدەسەنگێنن. پاشان بۆ دەستەبەرکردنی ئەو پشتیوانییەی کە پێویستە بۆ ئەنجامدانی ئەرکە ئاسایشییەکان بە شێوەیەکی کاریگەر، پێشنیارەکانمان پێشکەش بە دەسەڵاتە باڵاکان دەکرێت. هەروەها پشکنین و بەدواداچوون بۆ ئەو سکاڵایانەی لەلایەن هاووڵاتییان یاخود لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە پێشکەش دەکرێن، ئەنجام دەدەین. من دەمەوێت سوپاس و پێزانینی خۆم بۆ ئەو هاوڵاتیانە دەربڕم کە لەڕێگەی ڕاپۆرتکردنی کەمتەرخەمی یاخود گەندەڵی لە وەزارەتی ناوخۆ، ئەرکی نیشتمانیی خۆیان بەجێدەهێنن. ئێمە سکاڵاکان بە جددی وەردەگرین، نووسینگەی وەزیری ناوخۆش بە شێوەیەکی تایبەت بەدواداچوون بۆ ئەم بابەتە دەکات.

**یونیپاس: هەنگاوەکانی پرۆسەی لێکۆڵینەوە لە سەرەتاوە تا کۆتایی باس بکە.**

**فەریق عاتف:** کاتێک سکاڵایەکمان پێدەگات، پێداچوونەوەی بۆ دەکەین و ڕەوانەی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی تایبەتمەندی دەکەین. لێدوان لە هەموو لایەنەکان وەردەگیرێت، وە بەڵگەی کارگێڕیش کۆدەکرێتەوە. دوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوەکە، ڕاسپاردەکان بۆ پەسەندکردن و ڕێکاری گونجاو دەخرێنە بەردەم لیژنە پەیوەندیدارەکان. بە پشت بەستن بە بەڵگەکان، دەکرێت ئەنجامی ئەمە سزادان یاخود داخستنی کەیسەکە بێت. پاشان بۆ دەستەبەرکردنی شەفافییەت و دادپەروەریی کارگێڕی، بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە دەکەین.

**یونیپاس: هەندێک لە عێراقییەکان گلەیی لە مامەڵەی خراپی پۆلیس دەکەن. ئایا چ ڕێکارێک دڵنیای دەدات لەوەی ئەفسەرەکان هێزی زۆر بەکارناهێنن یاخود مامەڵەی خراپ لەگەڵ گومانلێکراوەکاندا ناکەن؟**

**فەریق عاتف:** ئەم دیاردەیە سنووردار نییە بە وڵاتێکی دیاریکراو؛ بەڵکو پرسی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات کێشەیەکە کاریگەری لەسەر تەواوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەیە. چەندین لێکۆڵینەوە و کەیس دەریدەخەن کە هۆکاری سەرەکی بریتییە لە گەندەڵی یاخود توندڕەویی ئایینی یان نەژادی. لە عێراقدا، توانیمان سەردەمی تاریکیی توندوتیژی تیرەگەری تێپەڕێنین و لەم بارەیەوە هیچ پێشێلکارییەکمان تۆمار نەکردووە. سەرەڕای ئەوەش، دەکرێت کەیسی سەربەخۆ هەبێت کە تێیدا ئەندامانی هێزەکانی ئاسایش خراپ مامەڵە لەگەڵ هاوڵاتیاندا بکەن یاخود تەنانەت پەنا بۆ توندوتیژی جەستەیی ناڕەوا ببەن. بێگومان وەزارەت لە بەرامبەر بە هەر سەرپێچییەکی لەو جۆرە، سیاسەتی لێنەبووردنی هەیە. وەزارەتەکە بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت بە مافی مرۆڤی هەیە کە بەرپرسیارە لە چاودێریکردنی ئەم پرسە. ڕۆڵی ئێمە لە کۆمیسیۆنی پشکنین بریتییە چاودێری و هەڵسەنگاندنی ئەدای کرداری ئەم بەڕێوەبەرایەتییە و دڵنیابوون لە کاریگەرییەکەی. بە هەمان شێوە سکاڵا لە هاوڵاتیان وەردەگرین و لە ڕێگەی لیژنەکانی پشکنینەوە بۆ دڵنیابوون لەوەی سەرپێچیکاران لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت و بۆ برەودان بە کلتوری ڕێزگرتن لە هاوڵاتیان و مافەکانی مرۆڤ لەنێو دەزگا ئاسایشییەکان لێکۆڵینەوەیان لێ دەکەین.

**یونیپاس: ئایا ستراتیژی ئێوە چییە بۆ ئەوەی وەزارەتی ناوخۆ بکەن نموونەیەک بۆ دامەزراوەکانی تری دەوڵەت؟**

**فەریق عاتف:** ئێمە ڕێگایەکی دوورمان بڕیووە و خاوەنی تۆمارێکین لە دەستکەوت و سەرکەوتنەکان. پلاندانانی ورد و سەرکردایەتیی ژیرانە لە ماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا، کلیلی سەرکەوتنمان بوون. ئێمە ئێستا لە سەرجەم بەشەکانی وەزارەتدا کار بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئەدای کرداری و ئامادەیی (ئاسایش، شەڕ و خزمەتگوزاری) تاکەکەسی و دامەزراوەیی دەکەین. یەکەکانی پۆلیسی فیدراڵی ئەزموونێکی بەرچاویان لە جەنگی ناو شاردا بەدەستهێناوە، وە ستراتیژی وەزارەتەکە بریتی بووە لە بنیاتنانی تواناکانی شەڕکردن و گرنگیدان بە مەشقی مەیدانی. بە هەمان شێوە ستراتیژییەکەمان بەدواداچوونی توند لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە پێشینەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسانە (لایەنە خراپەکان، بەربەست، ناڕوونی و هەڵسەنگاندنەکان)ـی بەگوێرەی پسپۆڕییەکانی کارکردن لەلایەن لیژنەکانی پشکنینەوە دەستنیشانکراون، لەخۆدەگرێت. هەروەها ئێمە لە پرۆسەی هەڵسەنگاندن و مەشقپێکردنی ئەو یەکانەداین کە هێشتا هەڵسەنگاندنیان بۆ نەکراوە و لەگەڵ دروستکردن، ئاوێتەکردن یاخود داخستنی بەشە جیاوازەکاندا بەردەوامین لە نوێکردنەوەی پێوەرەکانی پشکنین.

**یونیپاس: ئایا تا چەند لەگەڵ هاوتاکانتان لە وڵاتانی تر بۆ ئاڵوگۆڕی شارەزایی و باشترکردنی ئەدای کرداریی، هەماهەنگی ئەنجام دەدەن؟**

**فەریق عاتف:** ئێمە لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیماناندا هەماهەنگیی سنووردارمان هەیە، بەڵام هیواداریین هەماهەنگییەکان زیاتر بکەین تا بواری زیاتر بگرێتەوە. لە ساڵی 2003ـوە. لە وڵاتانی هاوبەشی دۆستەوە ڕاوێژکارمان هەبووە، وە هاوپەیمانییەکە سەرپەرشتی ڕاهێنان و ئامێری یەکەکانی وەزارەتی کردووە. ئێمە ئێستا لە جەنگی چەتەکانی داعشدا هەماهەنگیی هەواڵگریی زیاترمان هەیە. وەزارەت پسپۆڕی بەرپەرچدانەوەی تەقەمەنی بۆ خولە پێشکەوتووەکان لە ئەمریکا ناردووە، هاوکات لە ڕێگەی فەرماندەیی هێزە هاوبەشەکانەوە لە بواری ڕاگەیاندنیشدا هەماهەنگی دەکەین. سەردانەکەمان بۆ واشنتۆن وەک بەشێک لە شاندێکی باڵای حکومەت بۆ بەشداریکردن لە وانەی پلاندانانی ستراتیژی لە ناەندی ڕۆژهەڵاتی نزیک و باشووری ئاسیا بۆ توێژینەوە ستراتیژییەکان بەڵگەیە لەسەر پابەندبوونمان لەگەڵ هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان. هەروەها بەڕێوەبەرایەتی هێزە سنوورییەکان و کۆمیسیۆنی بەندەرەکان لە نزیکەوە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ کار دەکەن. بە هەمان شێوە ئێمە بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی ئەم جۆرە هەماهەنگییە لە ئاڵوگۆڕی ئەزموونەکان، فێربوون لەبارەی باشترین جێبەجێکارییەکانی ڕێکخستن و پەرەپێدان بە میکانیزمەکانی پشکنین کە ستاندارە نێودەوڵەتییەکان بەرجەستەبکات، هیواداریین بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هاوتاکانمان لە وڵاتانی تری جیهان کاربکەین. ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئەدای کرداریی دەزگاکانی ئاسایش و زیادکردنی کارایی پشکنەرەکان.

**یونیپاس: چۆن پێداویستییەکانی بەشە جیاوازەکان دەستنیشان دەکرێن و بودجەکانیان تەرخان دەکرێت؟**

**فەریق عاتف:** پشکنینی مەیدانی کە لەلایەن لیژنە تایبەتمەندەکانەوە ئەنجام دەدرێت، سەرچاوە مرۆیی و ماددییەکان هەڵدەسەنگێنن و هاوکات لەگەڵ ئەو ئەرک و کارانەی بە هەر بەشێک سپێردراوە بەراوردیان دەکەن. بە پشت بەستن بەم زانیاریانە، پێشنیاری ورد دەخرێتە

بەردەم لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەوەی بەگوێرەی لەپێشینەیی و پێداویستییەکانی ئێستا بڕیار لەسەر خەرجکردنی پارە بدەن، هاوکات دڵنیابن لەوەی پارەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش دەکرێن و بە شێوەیەکی کارا بەکاردەهێنرێن. بە هەمان شێوە داواکاری لە فەرماندەکانی یەکە و سەرۆک بەشەکان وەردەگرین و بۆ ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن پشکنەر دەنێرین.

**یونیپاس: چۆن لە دابینکردنی ئامێر و پێداویستییەکانی وەزارەتدا وردبینی ئەنجام دەدرێت؟**

**فەریق عاتف:** لەلایەن لیژنە تایبەتمەندەکانی پشکنینەوە پشکنین بۆ ڕێکارەکانی دابینکاریی ئامێر و پێداویستیەکان ئەنجام دەدرێت، کە لە ڕاگەیاندنی داواکاری پێشنیارەکانەوە تا واژۆکردنی گرێبەست و گەیاندن و پشکنینی تەکنیکی، پێداچوونەوە بە تەواوی پرۆسەکەدا دەکەن. ئێمە ئەوە پشتڕاست دەکەینەوە کە ئایا گرێبەستەکان لەگەڵ ستاندارده یاساییەکان و کەرەستەی دابینکراو لەگەڵ تایبەتمەندییە تەکنیکییەکان دەگونجێن، ئەمە جگە لە پشتڕاستکردنەوەی یەکپارچەیی خەرجییەکان و ڕێکارەکانی ژمێریاری بۆ دەستەبەرکردنی شەفافیەت و ڕێگریکردن لە بەفیڕۆدان و گەندەڵی. خەرجییەکان لەلایەن لیژنە تایبەتمەندەکانی پشکنینی داراییەوە وردبینیان بۆ دەکرێت. ئەوان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە ئایا خەرجییە ڕاستەقینەکان لەگەڵ ئەو پلانی داراییەدا دەگونجێت کە پێشکەش بە وەزارەت کراوە و پەسەندکراوە. بۆ دڵنیابوون لە پابەندبوون بە دابینکاری و بودجە، خەرجییەکان پشتڕاست دەکرێنەوە. لە ئەگەری سەرپێچیکردندا، ڕاپۆرتی ورد بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی و کارگێڕی ئامادە دەکرێت و پێشکەش بە دەسەڵاتە باڵاکان دەکرێت.

**یونیپاس: چۆن کارمەندانی کۆمیسیۆنەکە هەڵدەبژێردرێن، مەشقپێدەکرێن و هەڵدەسەنگێندرێن؟**

**فەریق عاتف:** ئەندامانی کۆمیسیۆنی پشکنین لەسەر بنەمای پێوەرە پیشەییەکان کە دەستپاکی، لێهاتوویی و ئەزموون لەخۆدەگرێت، هەڵدەبژێردرێن. بەربژێرەکان خولی گەشەپێدانی ناوخۆیی و دەرەکی دەخوێنن، و بەشێوەیەکی ماوەیی بە پشتبەستن بە کاری مەیدانی، توانای جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان و پیشەیی بوونیان لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانی تردا، ئەدای کردارییان هەڵدەسەنگێندرێت.

**یونیپاس: لەم دواییانەدا عێراق ڕووبەڕووی هێرشی درۆنی بۆ سەر ژێرخانی سەربازی و ئابووری بووتەوە. چۆن کۆمیسیۆنەکە دەتوانێت تواناکانی پۆلیسی فیدراڵی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم چەکانە بەرز بکاتەوە؟**

**فەریق عاتف:** ئەم پرسە ئاڵنگارییەکی گەورە بۆ هەموو وڵاتانی جیهان دروست دەکات، ئاڵنگارییەک کە پێویستی بە هەوڵی یەکگرتووی هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەت و دەزگاکانی ئاسایش هەیە. پێویستە بۆ دۆزینەوەی ئەو ئامێرانەی کە لە دروستکردنی درۆندا بەکاردەهێنرێن، چاودێریی دەروازە سنوورییەکان بکرێت. ڕۆڵی ئێمە لە وەزارەتی ناوخۆ بریتییە لە هەڵسەنگاندنی ئامادەیی ئاسایشی یەکەکانی پۆلیسی فیدراڵی لە ڕێگەی ڕاپۆرتی مەیدانی و دەستنیشانکردنی کەلێنەکان لە ئامێر و مەشقکردن. ئێمە بۆ خستنەخوارەوەی درۆن، پێشنیاری دەستەبەرکردنی تەکنەلۆژیای ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە و لەکارخستن دەکەین. بە هەمان شێوە بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە وەزارەت، پشتیوانی لە پلانەکانیی مەشقکردن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ درۆن دەکەین.

**یونیپاس: ڕۆڵی ئێوە چییە لە هەماهەنگیکردن لە نێوان پاسەوانی سنوور و دەزگا ئاسایشییەکانی تر بۆ وەستاندنی قاچاخچێتیی ماددەی هۆشبەری نایاسایی بۆ ناو عێراق؟**

**فەریق عاتف:** سەردانی پشکنین بۆ فەرماندەیی هێزە سنوورییەکان و بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر ئەنجام دەدەین، بە هەمان شێوە چاودێری خاڵە لاوازەکانی هەماهەنگیی مەیدانی دەکەین. ئێمە پێشنیار دەکەین هەوڵەکانی هەواڵگری بچەسپێنرێن، میکانیزمەکانی بەڕێوەبردنی سنوور نوێ بکرێنەوە و پێکهاتەکانی دەسەڵات بە شێوەیەک ڕێکبخرێت کە دەزگاکان یەکبخات و لە کەمکردنەوەی قاچاخچێتی بەشداری بکات.

**یونیپاس: ئایا سەرنج دەخەنە لەسەر بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان و سپیکردنەوەی پارە؟**

**فەریق عاتف:** ئێمە لیژنەی پشکنینی تەکنیکیمان هەیە کە بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان هەڵسەنگاندنیان بۆ تاوانە ئەلیکترۆنییەکان و سپیکردنەوەی پارە ئامادە کردووە. ئێمە پێشنیارمان بۆ بەهێزکردنی تواناکانی یەکە پەیوەندیدارەکان، نوێکردنەوەی ڕێساکان و فراوانکردنی دەسەڵاتەکانی لێکۆڵینەوە لە تاوانە دیجیتاڵییەکان لە چوارچێوەی یاساییدا پێشکەش کردووە. دەزگاکانی ئاسایش لە دەستگیرکردنی ئەو کەس و باندانەی کە بەشدارن لە تاوانە ئەلیکترۆنییەکان سەرکەوتوو بوون، وە ئێمەش بۆ ئەم مەبەستە تیمی تایبەتمەندمان هەیە.

**یونیپاس: ئایا ئەدای کرداریی پۆلیسی عێراق چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**فەریق عاتف:** پۆلیسی عێراق لەم ساڵانەی دواییدا لە هەردوو ڕووی ئەدای مەیدانی و پاراستنی ستاندارده ئاسایشی و پیشەییەکانەوە، پێشکەوتنی بەرچاوی بەدیهێناوە. ئەم پێشکەوتنە دەرئەنجامی چەندین هۆکارە، بە تایبەتی ڕۆڵی کۆمیسیۆنی پشکنین لە هەڵسەنگاندنی ئەدای کرداری، چاودێریکردنی کەموکوڕییەکان، و پێشکەشکردنی پێشنیار بۆ پێشخستن، ئەمە سەرەڕای چاودێریکردنی بەردەوامی ئاستی ئامادەیی و پێشکەشکردنی پێشنیاری پێویست بۆ بەرزکردنەوەی پابەندبوون و کارایی لە بوارە جیاوازەکانی کاری پۆلیسدا.

**یونیپاس: ئایا چۆن دەتوانیت ڕێگری لە دزەکردنی بازرگانانی ماددەی هۆشبەر و تاوانبارانی تر بۆ ناو هێزەکانی ئاسایش بکەن؟**

**فەریق عاتف:** لە وەزارەت بەشی ئاسایشی کارمەندانمان هەیە، کە بەرپرسیارە لە پشکنینی پێشینەی فەرمانبەران و بەربژێرەکان بۆ دڵنیابوونەوە لە دەستپاکییان و نەبوونی پەیوەندی گوماناوی. سەبارەت بە ڕۆڵی ئێمە لە کۆمیسیۆنی پشکنین، ڕۆڵەکەمان بۆ چاودێریکردنی ئەدای کرداریی بەشی ئاسایشی کارمەندان، هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ڕێکارەکانی و دڵنیابوونەوەیە لەوەی کە ستانداردەکانی پشتڕاستکردنەوەی ئاسایش و پیشەیی جێبەجێ دەکرێن، بەمەش سیستەمی ئاسایش لە هەر دزەکردنێک یان کاریگەرییەکی نایاسایی دەپارێزێت. ✦

# پاراستنی

# ناوچەی دەریای سوور



هێزی دەریایی ئەردەن و ئەمریکا لە تورەیی ڕەسەندا مەشقی بەئامانجگرتن ئەنجام دەدەن.

سەربازی یەکەم ئیزابێلا ڕامۆس/هێزی دەریایی ئەمریکا

# سەربازانی هێزی دەریایی شاهانەی ئەردەن و هێزێکی گەڕۆکی هێزی دەریایی ئەمریکا لە تۆڕەیی ڕەسەنی 25 مەشق دەکەن

فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا

لە ناو پاشخانی زەوییە بیابانییەکان، فڕەفڕی هێلیکۆپتەرەکان، دەنگی ئۆتۆمبێلە زرێپۆشەکان و چەقینی پێڵاوەکان لەسەر قەراغی هێمای دەستپێکردنی مەشقی تورەیی ڕەسەنی 25، نمایشێکی بەهێزی یەکێتی، هێز و ئامادەیی ستراتیژیی نێوان ئەمریکا و شانشینی هاشمیی ئەردەنە.

لە 10هەمین گەڕدا، تورەیی ڕەسەن لە عەقەبە و باشووری ئەردەن بە بەشداری سەربازانی هێزە چەکدارەکانی ئەردەن و فەرماندەیی ناوەندی هێزەکانی لەشکری هێزی پیادەی دەریایی ئەمریکا (USMARCENT) بەڕێوەچوو.

ئەم مەشقە، لە ناوچەی بەرپرسیارێتی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا (USMARCENT) بەڕێوەچوو، کە 150 سەربازی ئەردەنی و زیاتر لە 600 سەرباز ئەمریکی لە هێزی دەریایی، دەریاوان و سەربازی لە سەرانسەری هێزی گەڕۆکی دەریایی دوو، فەرماندەیی ناوەندی هێزی دەریایی، فەرماندەیی یەکەمی بەردەوامیی شانۆ و یەکە جیاوازەکانی پشتیوانی کۆکردەوە.

مەشقەکە وەک زەمینەیەکی تاقیکردنەوە بۆ ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان داڕێژراوە. تورەیی ڕەسەن گرنگی دا بە بەرزکردنەوەی هەماهەنگیی سەربازی دوولایەنە، بەرەوپێشبردنی کارکردنی هاوبەش و تاقیکردنەوەی توانای بڵاوکردنەوەی خێرا، مانۆڕکردن و هێشتنەوەی ئامادەیی شەڕی هێزەکان لە زەوییە نارێکەکانی ئەردەن.

"تورەیی ڕەسەن لە نیشاندانی هاوبەشییە بەهێز و بەردەوامەکەی نێوان ئەمریکا و ئەردەن بەردەوام دەبێت،" عەقیدی هێزی دەریایی جاسمین سکۆت، وتەبێژی فەرماندەیی ناوەندی هێزەکانی لەشکری هێزی پیادەی دەریایی ئەمریکا (USMARCENT) ڕایگەیاند. "ئەم مەشقە ڕەنگدانەوەی توانای ئێمەیە بۆ ئەنجامدانی ئەرکی لۆژیستی و ئۆپەراسیۆنی ئاڵۆز لەگەڵ هاوبەشەکانمان، لە کاتێکدا برەو بە ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە دەدەین."

لە ناوچەی جیاواز لە سەرتاسەری ئەردەن، مەشقەکە کۆمەڵێک چالاکیی مەشقکردنی چڕی ئاست بەرزی لەخۆگرتبوو، لەوانە مانۆڕی چۆڵکردنی پزیشکی، ئۆپەراسیۆنی بەندەر و لۆژیستی، سیناریۆی شەڕی ناو شار و مەشقی فەرماندان و بەڕێوەبردن. ئەم چالاکییانە ئاڵنگاریی ئۆپەراسیۆنەکانی جیهانی ڕاستەقینەیان نمایشکرد، ئامادەیی هەردوو وڵاتیان بۆ وەڵامدانەوەی قەیرانەکان بەشێوەیەکی دروست و خێرا بەهێزتر کرد.

لایەنێکی گرینگی تورەیی ڕەسەنی 25 بریتی بوو لە جەختکردنەوە لەسەر بەکارهێنانی ژێرخانی گرنگی ئەردەن، بەندەر، فڕۆکەخانە و ڕێڕەوی لۆژیستیی ستراتیژی، بۆ جوڵاندن و بەردەوامیدان بە هێزەکان. هەوڵەکان لەلایەن گروپێکی بەڕێوەبردنی مەشقی یەکخراوەوە ڕێکخرا، کە بە هاوبەشی لەلایەن هێزە چەکدارەکانی ئەردەن و هێزی دەریایی ئەمریکا سەرۆکایەتیان کرا، ئەمەش متمانەی قووڵ و هەماهەنگیی بێ کێشەی نێوان هەردوو هێزە سەبازییەکە دەردەخات.

بە هەمان شێوە تورەیی ڕەسەنی 25 لەگەڵ چالاکییەکانی تری مەشقی ناوچەیی و بەشدارییە ستراتیژییەکان لە سەرانسەری ناوچەکە کە نیشاندانی هەماهەنگی، ئامادەباشی و ڕێزگرتنی هاوبەشی نێوان گەلانی هاوبەشی کردبووە ئامانج، هاوکات بوو.

لە کاتێکدا سەربازەکان لە سەرانسەری خاکی ئەردەن مانۆڕی ئاڵۆزیان ئەنجامدا، کاریگەریی ڕاستەقینەی تورەیی ڕەسەن ڕوون بوو: ئامانج تەنها نیشاندانی دەسەڵات نییە، بەڵکو دروستکردنی متمانە، لێکتێگەیشتن و هاوئاهەنگیی تاکتیکیی پێویستە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەر مامەڵە لەگەڵ پەرەسەندنی ئاڵنگاریی ئاسایشی ناوچەکەدا بکەن.

لە ساڵی 2024ـدا، تورەیی ڕەسەن لە سعودیە و ئیمارات بەڕێوەچوو و گواستنەوەی کاروانێکی سەربازی بە ڕێگای خێرا لە بەندەری یەنبوعی سەر دەریای سوورەوە بۆ کەنداوی عەرەبی بەسەر نیمچە دوورگەی عەرەبیدا بەدوای خۆیدا هێنا. لە تورەیی ڕەسەنی 25ـدا، عەقەبە وەک بەندەری چوونە ژوورەوە خزمەتی کرد. ✦



هێزی دەریایی ئەردەن لەگەڵ کەرتی 77ی هێزی دەریایی لەگەڵ هێزی دەریایی و دەریاوانانی ئەمریکا ڕادەوەستن.
سەربازی یەکەم مێشاک هیڵتۆن/هێزی دەریایی ئەمریکا



# ئاسایش و خۆشگوزەرانی

## وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و کەنداوی عەرەبی هەماهەنگیی ستراتیژیی قووڵتر دەکەن

دەستەی یونیپاس | وێنەکان لەلایەن AFP/گێتی ئیمەیجس

**وڵاتانی** ئاسیای ناوەڕاست و کەنداوی عەرەبی نەک تەنها پەیوەندی کلتووری بەڵکو بەرژەوەندی هاوبەشیشیان لە دەستەبەرکردنی ئاسایش و خۆشگوزەرانی ناوچەکانی خۆیاندا هەیە.

وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و وڵاتانی ئەندامی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو (GCC) لە مانگی نیسانی 2025، بۆ سێیەم جار لە زنجیرەیەک بەشداریکردن بۆ قووڵکردنەوەی پەیوەندییە ستراتیژییەکانیان لە کوەیت کۆبوونەوە.

میواندار، عەبدوڵڵا عەلی ئەل یەحیای وەزیری دەرەوەی کوەیت، کۆبوونەوەکەی بە خاڵی وەرچەرخان لە قووڵکردنەوەی هەماهەنگییەکان لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی هاوبش و ئامانج و بەرژەوەندی هاوبەش پێناسەکرد.

بەشداربووانی لوتکەکە باسیان لە کۆمەڵێک پرس و دەرفەتی بەرفراوانی بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان هەرێمەکان و لە هەمان کاتدا بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتانی جیاواز کرد.

وەزیرانی دەرەوە تیشکیان خستە سەر فراوانکردنی هەماهەنگییەکان لە چەندین کەرتدا، کە گفتوگۆی سیاسی، ئاسایشی ناوچەکە، هەماهەنگیی ئابووری و بازرگانی، هاندانی وەبەرهێنان، پەرەپێدانی ژێرخانی گواستنەوە و بەردەوامیی ژینگەیی لەخۆگرتبوو. بابەتە سەرەکییەکانی تر، ئاسایشی خۆراک و ئاو، ژێرخانی دیجیتاڵی و ژیریی دەستکردی لەخۆگرتبوو، ئەمەش بە ئامانجی پێشخستنی سەقامگیری و گەشەپێدانی بەردەوام.

بە هەمان شیوە باسیان لە پێشهاتە جیۆپۆلەتیکییەکان، لەوانەش دۆخی ئەفغانستان و گرژییە بەردەوامەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەیوەندییە مێژوویی، کلتووری و پەرەسەندنە مرۆییەکانی نێوان ئاسیای ناوەڕاست و ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو (GCC) کرد.

## مێژوو، کلتوور، پەیوەندی

پەیوەندیی نێوان ئاسیای ناوەڕاست و نیمچە دوورگەی عەرەبی بۆ زیاتر لە دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە و بەرگەی چەندین گۆڕانکاریی گرنگی گرتووە. ڕێگای ئاوریشم، کە لە سەدەی دووەمی پێش زایین دامەزراوە، لە سەرەتادا پەیوەندیی بازرگانی بەهێزی نێوان هەرێمەکانی پەرەپێدا. ئاسیای ناوەڕاست وەک ناوەندێکی بازرگانی کە تێیدا کاڵاکانی وەک ئاوریشم و کاغەزی چینی لە سەمەرقەند (لە ئۆزبەکستانی هاوچەرخ)ـەوە بە بخور و خشڵی عەرەبی دەگۆڕدرانەوە، ڕۆڵێکی سەرەکی بینی.

بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە سەدەی هەشتەمدا ئاستێکی ڕۆحی و بیرمەندی بۆ ئەو پەیوەندیانە زیاد کرد. شارەکانی وەک سەمەرقەند و بوخارا بوونە ناوەندی سەرەکیی زانستی ئیسلامی، بیرمەندانی بنچینەیی وەک محەمەد ئەل بوخاری، محەمەد بن موسا ئەل خوارزمی و ئیبن سینای بەرهەم هێنا.

بەڵام لە ئەنجامی گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکییەکان و سەرهەڵدانی بازرگانی دەریایی، پەیوەندییەکان لە سەدەی شانزەدا لاواز بوون. لە سەدەی بیستەمدا، داگیرکاریی سۆڤیەت و دابڕانی ئاسیای ناوەڕاست بووە هۆی دوورکەوتنەوەی زیاتری هەردوو هەرێمەکە. دوای ئەوەی وڵاتانی هاوچەرخی ئاسیای ناوەڕاست لە ساڵی 1991 سەربەخۆییان لە یەکێتی سۆڤیەت وەرگرت، لاپەڕەیەکی نوێ دەستی پێکرد.

پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو هەرێم بە چوار قۆناغ گەشەی کردووە، لە ساڵانی 1990ـەوە بە دامەزراندنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان دەستپێکردووە. تا ساڵانی 2000، هەماهەنگییەکان بۆ بازرگانی، وەبەرهێنان و ڕێککەوتننامەکان فراوانتر بوون. لە ساڵانی 2010 بەدواوە، هەماهەنگییەکان بۆ سەکۆ ئاسایشی و فرەلایەنەکان درێژبوونەوە. وە لە ساڵی 2021ـیوە، هاوبەشییەکە ڕێکخراوتر بووە، کە لە بەرژەوەندیی ئابووریی هاوبەش، گەشەسەندنی گفتوگۆی سیاسی و پەیوەندییە کولتوورییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە.

هەنگاوە سەرەکییەکان، وەک کۆبوونەوەی وەزاری لە ساڵی 2014 لە ڕیاز، سعودیە، کۆدەنگیی سەمەرقەندی 2017 و لوتکەی جەددەی 2023، سعودیە، لە نێوان سەرکردەکانی وڵاتانی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو (GCC) و ئاسیای ناوەڕاست، هاوبەشییەکیان بنیات ناوە کە بەڵێن دەدات فەرمیتر و هەمیشەیی بێت.

لوتکەی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو (GCC) لە تاشکێنت، ئۆزبەکستان، لە ساڵی 2024 هەماهەنگییە ئاسایشی و ئابووری و وزەییەکانی ناوچەکەی پتەوکرد، بە هەمان شێوە ئاسیای ناوەڕاست و بە تایبەتی ئۆزبەکستانی وەک ناوەندێکی گرنگ بۆ بازرگانی و هاوبەشیی ستراتیژی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو جێگیر کرد.

کۆبوونەوەی مانگی نیسانی 2025 لە کوەیت، سەکۆیەکی بۆ پێداچوونەوە بە پێشکەوتنەکان و هێڵکاری داهاتووی هاوبەشییە پەرەسەندووەکە دابین کرد. بڕیارە دووەمین لوتکەی ئاستی باڵا لە نێوان وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو (GCC) لە سەمەرقەند بەڕێوە بچێت.

## هەماهەنگیی ئاسایشی

کارنامەی هاوبەشی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو (GCC) و ئاسیای ناوەڕاست (2023-2027) جەخت لەسەر هەوڵە هەماهەنگەکانی ئاسایشی ناوچەکە دەکاتەوە. کارنامەکە، کە لە میانی کۆبوونەوەیەکی ساڵی 2024 لە تاشکێنت پەسەند کرا، بۆ بەرەنگاربوونەوەی یاخیبوون، تیرۆریزم، توندڕەویی توندوتیژ و تاوانی سنووربەزێن داوای ئەنجامدانی کۆبوونەوەی بەردەوام، ڕێکخستنی ووڕک شۆپی هاوبەش و هاوبەشپێکردنی زانیاریی هەواڵگری دەدات. گفتوگۆکان بەرەو پێکهێنانی ڕاوێژکاریی هەمیشەیی لە نێوان دەزگاکانی ئاسایشی نیشتمانیدا بەرەوپێشچوون.

لە دوایین کۆبوونەوەی وەزاریدا لە کوەیت، کە بەشداربووان تیشکیان خستە سەر پێویستیی چالاکی هاوبەش بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوی توندوتیژ و تیرۆریزم، ئەم هاوبەشییە بەهێزتربوو. ئەم هاوئاهەنگییە بەشێکە لە گۆڕانکارییەکی فراوانتر لە بیرکردنەوەی ناوچەییدا. لە مانگی ئابی 2024، قاسم جۆمارت تۆکاییڤی سەرۆکی کازاخستان داوای پێکهێنانی چوارچێوەیەکی کاری نوێی ئاسایشی ناوچەیی کرد، کە ڕەنگدانەوەی ڕێبازی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو (GCC) بوو بۆ بەرگریی پێکەوەیی کە لە دوورکەوتنەوە لە فرەجەمسەری و دابەشبوونی جیۆپۆلەتیکی سەرچاوەی گرتبێت.

لە کۆبوونەوەی مانگی نیسانی 2025، وەزیری دەرەوەی کوەیت ئەل یەحیا جەختی لە گرنگیی ڕاوێژکاری و هەماهەنگی کردەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییە هاوبەشەکان، بە دیاریکراوی لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، هەڕەشە ئەلیکترۆنیەکان و پشتیوانیکردنی دارایی گروپە توندڕەوەکان. بە هەمان شێوە بۆ هەوڵەکان لە پەرەپێدانی میکانیزمەکانی چالاکی هاوبەش، ستایشی سکرتاریەتی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو (GCC)ـی کرد، وە ئاماژەی بەوەشکرد کە ئاسایش و سەقامگیری وەک پایە بنەڕەتییەکانی هەماهەنگیی نێوان هەرێمەکان دەمێنێتەوە.




**عەبدوڵڵا عەلی ئەل یەحیای وەزیری دەرەوەی کوەیت لە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو لە شاری کوەیت لە مانگی حوزەیرانی 2025، قسە دەکات.**

کۆبوونەوەی مانگی نیسان لەسەر تەوژمی کۆنفرانسی ئاستی باڵای پێشووتر سەبارەت بە "بەهێزکردنی هەماهەنگیی نێودەوڵەتی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و بنیاتنانی میکانیزمی چالاکی ئاسایشی سنوور، قۆناغی کوەیت" لە پرۆسەی دوشانبێ، کە کوەیت لە مانگی تشرینی دووەمی 2024ـدا میوانداری کرد، بنیات دەنرێت.

'پرۆسەی دوشانبێ' لە مانگی ئەیلوولی 2018 لەلایەن تاجاکستان و فەرمانگەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەستپێکرد، کە بریتییە لە زنجیرەیەک کۆبوونەوەی ئاست باڵای بەردەوام بە مەبەستی یارمەتیدانی وڵاتان، بە دیاریکراوی لە ئاسیای ناوەڕاست و کەنداو بۆ پێکەوە کارکردن بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، باشترکردنی ئاسایشی سنوورەکان و وەڵامدانەوەی هێرشە ئەلیکترۆنیەکان و پشتیوانیکردنی دارایی توندڕەوەکان.

بە گرنگیدانێکی بەرفراوان بە هاوبەشپێکردنی هەواڵگری و توندکردنەوەی ئاسایشی سنوورەکان لەسەر زەمین، دەریا و ئاسمان، کۆنفرانسەکە وەک سەکۆیەکی گرنگ بۆ باشترکردنی هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمی ناوچەیی خزمەتی کرد. ڕێکخەران گرنگییەکی تایبەتیان بە باشترکردنی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای چاودێری و ڕووبەڕووبوونەوەی پشتیوانیکردنی دارایی تیرۆر دا.

کۆنفرانسەکە ڕەنگدانەوەی هاوئاهەنگی پەرەسەندنی نێوان وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداوە (GCC) سەبارەت بە ئاڵنگاریی ئاسایشی هاوبەش و پێویستی وەڵامدانەوەیەکی یەکگرتووتری نێوناوچەیی. وا چاوەڕوان دەکرێت لوتکەی داهاتووی سەمەرقەند ئەم هاوبەشییە ستراتیژییە قووڵتر بکات.

## هاوبەشیی ئابووری

بازرگانانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە سوودوەرگرتن لەو دەرفەتانەی کە خواستی ناوچەکە بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستنی ئابووری بە چین و ڕووسیا پێشکەشی دەکات، لە ئاسیای ناوەڕاستدا بەدوای وەبەرهێناندا دەگەڕێن. وڵاتانی کەنداو پێگەی خۆیان وەک هاوبەشی ستراتیژیی نوێ جێگیر دەکەن. بەرژەوەندییەکە هاوبەشە. حکومەتەکانی ئاسیای ناوەڕاست بەدوای وەبەرهێنەری متمانەپێکراوی خاوەن کەمترین ئاڵۆزیی جیۆپۆلەتیکیدا دەگەڕێن. بۆ نموونە ئۆزبەکستان، زیاتر لە 34 ملیار دۆلاری وەبەرهێنانی لە سعودیە و تورکیا ڕاکێشاوە، وە چالاکانە لە وڵاتانی کەنداودا بەدوای هاوبەشی وزەی خاوێندا دەگەڕێت.

پەیوەندیی بەهێزتری نێوان ئاسیای ناوەڕاست و ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو (GCC) لە گەشەسەندنی خێرای پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگی داوەتەوە. لە ساڵی 2022ـەوە، وەبەرهێنانی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو (GCC) لە ئاسیای ناوەڕاست نزیکەی سێ هێندە زیادی کردووە. بانکی گەشەپێدانی ئیسلامی بە بڕی 9.1 ملیار دۆلاری لە دەوڵەتانی ئەنجومەنی وڵاتانی سەربەخۆ وەبەرهێنانی ئەنجامداوە و ڕێژەی 60%ـی ئەو قەبارەیە بۆ ئاسیای ناوەڕاست خەرجکراوە. بە هەمان شێوە گەشتکردن لە وڵاتانی کەنداوەوە بۆ ئاسیای ناوەڕاست، بەتایبەت لە سعودیە و ئیمارات (UAE)ـەوە لە هەڵکشاندایە.

شەپۆلی نوێی هەماهەنگی، سوودی بەرچاو بۆ هەردوولا دەهێنێت. بۆ ئاسیای ناوەڕاست، بریتییە لە دەرفەتێک بۆ بنیاتنانی ئابوورییەکی خۆڕاگرتر. بۆ وڵاتانی ناوچەی کەنداو، بریتییە لە ڕێگایەک بۆ زیادکردنی کاریگەری و دەستکەوتە ئابوورییەکانیان بەبێ ئەوەی لە ململانێی نێوان زلهێزە جیهانییەکان تێوەبگلێن. دەوڵەتانی کەنداو بە دوو ئامانج هاندراون: هەمەچەشنکردنی ئابوورییە پشتبەستووەکەیان بە هایدرۆکاربۆن و وەبەرهێنان لە ڕێڕەوی گواستنەوەی نێودەوڵەتیی ترانس کاسپیان (قەزوین)، کە لە ڕێگەی دەریای قەزوین و قەفقازەوە، ئاسیا بە ئەوروپا دەبەستێتەوە و بە خێراتر و کاراتر دادەنرێن وەک لە ڕێڕەوە نەریتییەکانی گواستنەوە.

وەزیرانی سعودیە سەردانی کۆماری قرغستان و کازاخستانیان کردووە، ئەمەش ئاماژە بە پابەندبوونی قووڵتر بە ناوچەکە دەدات. لە ساڵی 2024، سعودیە لە سندوقی سعودیە بۆ گەشەپێدان بەڵێنیداوە بڕی 20 ملیار دۆلار بۆ پرۆژەی ژێرخانی گەورە لە هەردوو وڵاتدا خەرج بکات.

لەلایەکی ترەوە، مەسدەر و کۆمپانیاکانی تری ئیمارات پرۆژەی گەورەی وزەی نوێبووەوە لە سەرانسەری کۆماری قرغستان و ئۆزبەکستان بەرەوپێش دەبەن. بانکی ئەبوزەبی یەکەم، بوو بە پشتیوانیکەری سەرەکیی دارایی پرۆژەی وێستگەی کارەبای بای زەرەفشانی ئۆزبەکستان، کە وێستگەیەکی 500 مێگاواتیە و گەورەترین پرۆژەی وزەی نوێبووەوەیە لە ئاسیای ناوەڕاست. لە کازاخستان، گروپی ئەی دی پۆرتسی ئیمارات لە ڕێگەی کۆمپانیایەکی هاوبەش لەگەڵ کۆمپانیای گواستنەوەی حکومیی کازاخستان چەندین کەشتی نەوت هەڵگر لە دەریای قەزوین بەڕێوەدەبات. لە ساڵی 2024، کۆمپانیای ئەی دی پۆرتس بەڵێنیدا بۆ فراوانکردنی کەشتیگەلی دەریایی و گەشەپێدانی ژێرخانی کەناراوەکان هاوکاریی کازاخستان بکات. لێشاوی دارایی بەرفراوان لە سعودیە و ئیماراتەوە بۆ ئاسیای ناوەڕاست نەک تەنها لە ژێرخان و وزە، بەڵکو لە بواری تەکنەلۆژیای زانیاری و کشتوکاڵیشدا پاڵپشتی پرۆژەکان دەکات.

بە هەمان شێوە قەتەریش بە شێوەیەکی بەردەوام شوێنپێی دارایی خۆی زیاد دەکات. لە ساڵی 2024، بانکی لێشای قەتەر بە بەهای 134 ملیۆن دۆلار بانکی بێرێکی کازاخستان JSCـی کڕی، ئەمەش یەکەم کڕینی تەواوەتیی بانکێکی ئاسیای ناوەڕاست بوو لەلایەن وەبەرهێنەرێکی کەنداوەوە. سندوقی قەتەر بۆ گەشەپێدان





بەندەری ئاکتاو لە دەریای قەزوین، کازاخستان، هەوڵەدات بەدرێژایی ڕێگا بازرگانییە نوێیەکان کە ئاسیای ناوەڕاست بە بازاڕە نێودەوڵەتییەکانەوە دەبەستێتەوە، ببێت بە ناوەندێکی گرنگ.

50 ملیۆن دۆلاری بۆ تاجاکستان بۆ وێستگەی کارەبای هایدرۆئەلیکتریکی ڕۆگون تەرخانکرد، ئەمە جگە لە وەبەرهێنانەکانی پێشوو لەلایەن سعودی، و ئیماراتی و کوەیتییەکان لە پرۆژەکەدا.

پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی کۆماری قرغستان لەگەڵ عومان ڕەنگدانەوەی فراوانبوونی هەماهەنگییەکانە. لە مانگی شوباتی ساڵی 2025، وەزیرانی دەرەوەیان بۆ دۆزینەوەی دەرفەتی نوێ لە بوارەکانی بازرگانی، وەبەرهێنان و گەشتیاری کۆبونەوە. بۆ بە فەرمیکردنی پەیوەندییەکە، کۆماری قرغستان پێشنیاری پێکهێنانی کۆمیسیۆنێکی نێوحکومەتی و ئەنجومەنی بازرگانیی هاوبەشی کرد. بە هەمان شێوە وەزیری دەرەوەی قرغستان جینبێک کولوبایێڤ بۆ بەشداریکردن لە کۆڕبەندی وەبەرهێنانی ئاسیای ناوەڕاست و ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو (GCC) و لوتکەی جیهانی شاخ لە ساڵی 2027ـدا، بانگهێشتی عومانی کرد. هەردوو سەکۆکان تیشک دەخەنە سەر ئامانجە ئابوورییەکان و بەرژەوەندییە ستراتیژییە هاوبەشەکان.

کۆبوونەوەی نێوان بەرپرسانی قرغستان و عومان بە واژۆکردنی یاداشتێک سەبارەت بە ڕاوێژکارییە سیاسییەکان کە ئاماژەیە بۆ پابەندبوون بە وتووێژی بەردەوام، گەیشتە لوتکە. پشتیوانییەکانی عومان بۆ پێشنیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی کۆماری قرغستان و بەرژەوەندییەکانی لە هاوکاریی دوولایەنەی زیاتردا، ڕەوتی فراوانتری دەوڵەتانی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو (GCC) کە بەدوای ڕۆڵی چالاکتردا دەگەڕێن لە ئاسیای ناوەڕاستدا، دەردەخەن.

لە کاتێکدا بازرگانیی نێوان ئاسیای ناوەڕاست و ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو (GCC) تارادەیەک کەمە کە ساڵانە بە بەهای 4 ملیار دۆلارە، بەڵام دەرفەتی زۆر هەیە بۆ فراوانکردن. لەگەڵ ئەوەشدا، زیادبوونی بازرگانی پشت بە باشترکردنی ژێرخانی گواستنەوە و لۆژیستی دەبەستێت کە هەردوو هەرێمەکە بەیەکەوە پەیوەست دەکات.

بە درککردن بە گرنگی گواستنەوە، سەرۆکی ئۆزبەکستان شەڤکەت میرزیۆیێڤ لە لوتکەی جەددە لە ساڵی 2023 پێشنیاری جێبەجێکردنی پرۆژەی هێڵی ئاسنی ترانس ئەفغانی کرد، کە بەپێی خەمڵاندنەکان دەتوانێت بە ڕێژەی 30% بۆ 40% کاتی گواستنەوە و بە ڕێژەی 15% بۆ 20% تێچووی لۆژیستی کەم بکاتەوە.

سەماکارانی قرغستانی لە فێستیڤاڵی حوشتری شا عەبدولعەزیز لە سعودیە نمایش دەکەن. ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاست و کەنداوی عەرەبی بە چەندین سەدەی پەیوەندیی کولتووری گرێدراون.

جگە لەوەش، وڵاتانی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو (GCC) ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ پشتیوانیکردن لە ڕێگا سەرەکییەکانی گواستنەوە، لەوانە هێڵی ئاسنی چین، قرغستان و ئۆزبەکستان و هێڵی ئاسنی ئۆزبەکستان، ئەفغانستان و پاکستان. ئەم پرۆژانە دەبنە هۆی باشترکردنی دەستڕاگەیشتنی ئاسیای ناوەڕاست بۆ بازاڕە جیهانییەکان.

لەگەڵ بەدواداچوونی بەردەوام لەسەر ژێرخان و پابەندبوونەکانی وەبەرهێنان، هەماهەنگییەکانی ئاسیای ناوەڕاست و ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو (GCC) دەتوانێت گرێبەستە پەرشوبڵاوەکان بۆ هاوبەشییەکی ناوچەیی هەمیشەیی و بەهێزتر بگۆڕێت. سەرەڕای ئەوەش، ئەوەی خەریکە پێکدێت لە بازرگانی زیاترە. بگرە چوارچێوەیەکە بۆ هاوئاهەنگیی درێژخایەنی سیاسی و ستراتیژی، وە سەقامگیریی ناوچەیی. لوتکەی داهاتووی سەمەرقەند زیاتر پەیوەندییەکانی ئاسیای ناوەڕاست و ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو (GCC) پتەوتر دەکات.

## گۆڕانکاریی ستراتیژی ئاسیای ناوەڕاست

بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستن بە چین و ڕووسیا، دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاستیش پەیوەندییەکانیان لەگەڵ قەوقازی باشوور بەهێزتر دەکەن. لەم دواییانەدا، وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست لە حەوتەمین کۆبوونەوەی ڕاوێژکاریی سەرۆک دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست لە تاشکێنت، ئازەربایجانیان وەک بەشداربوویەکی تەواو پەسەندکرد.

لەگەڵ بوونی پلان بۆ دامەزراوە هەمیشەییەکان، سکرتاریەتێکی نۆبەیی و هەماهەنگی دیپلۆماسی بەهێزتر، سەرکردەکانی ئاسیای ناوەڕاست لەسەر گۆڕینی لوتکەی ڕاوێژکاریی خۆیان بۆ گروپێکی ستراتیژی فەرمی بە ناوی "کۆمەڵگەی ئاسیای ناوەڕاست،" ڕێککەوتن. ئەمەش ئەو ناوچەیە پێکدەهێنێت کە بەرپرسان بە "ناوچەیەکی جیۆپۆلەتیک و جیۆئابووریی نوێ"ـی بە توانا بۆ بەرەوپێشبردنی سەقامگیریی بەرفراوانتر پێناسەی دەکەن.

لە هەمان کاتدا، ئەمریکا لە ڕێگەی گروپی C5+1 پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئاسیای ناوەڕاست فراوانتر دەکات. لوتکەی واشنتۆن لە مانگی تشرینی دووەمی 2025، کە یادی دەهەمین ساڵەی گرووپەکە بوو، تیشکی خستە سەر کانزا گرنگەکان. ئاسیای ناوەڕاست بە خەمڵاندن خاوەنی 25 کانزایە لە کۆی ئەو 54 کانزایەی لەلایەن حکومەتی ئەمریکاوە وەک زۆر گرینگ دەستنیشانکراون، لەنێویاندا ڕێژەی 43%ـی یۆرانیۆمی جیهان بە تەنها لە کازاخستاندایە. لوتکەکە ڕێککەوتنی جددی مسۆگەرکرد، لەوانە ڕێککەوتنێکی 4.2 ملیار دۆلاری لە نێوان کازاخستان و کۆمپانیای وابتێکی بەرهەمهێنەری شەمەندەفەری ئەمریکی بۆ نوێکردنەوەی قافڵەی فارگۆنەکانی شۆفێریکردنی وڵاتەکە، بە هەمان شێوە یاداشتنامەیەک سەبارەت بە هەماهەنگیی کانزا گرنگەکان.

ئەم هاوبەشییە گەشەسەندووانە لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبی، ئازەربایجان و ئەمریکا، بەیەکەوە جەخت لەسەر گۆڕانکارییەکی ستراتیژیی فراوانتر لە سیاسەتی دەرەوەی ئاسیای ناوەڕاست دەکەنەوە. حکومەتەکانی ناوچەکە جەخت لەسەر ڕێبازێک دەکەنەوە کە کەمتر پشت بە پەیوەندییەکانی سەردەمی سۆڤیەت ببەستێت. ئەم ڕێگا نوێیە گونجاندنێکی زیاتری ئابووری، ئاسایشی و جیۆپۆلەتیکی پێشکەش دەکات. ✦

# تیمێکی نەبەرد

## هێزە تایبەتەکانی قەتەڕ و ئەمریکا لە میانی مانۆڕێکی سەربازیی هاوبەشدا هێرشێکی چەکی بایۆلۆژیی خەیاڵی پوچەڵدەکەنەوە

دەستەی یونیپاس

**هێزە تایبەتەکانی قەتەڕ** هەڵیانکوتایە سەر سەکۆیەکی نەوتی ژێر دەسەڵاتی دوژمن، بە فڕۆکەیەکی نەفەرهەڵگر بارمتەکانیان ڕزگارکرد، هەڵیانکوتایە سەر شەمەندەفەرێکی میترۆ و شەقامەکانی شارەکەیان پاقژکردەوە.

ئەم هاوشێوەکردنانەی قەیرانەکان بەشێک بوون لە پاسەوانی نەبەردی 2025، کە مەشقێکی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرە و تێیدا سەربازانی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی قەتەڕ و ئەمریکا جارێکی تر سەلماندیان بۆ بەهێزکردنی ئاسایشی ناوچەکە دەتوانن وەک هاوبەش پێکەوە کاربکەن.

قەتەڕ لە 13 هەتا 17ـی مانگی نیسانی 2025 میوانداریی پاسەوانی نەبەردیی کرد، ئەمەش سێیەمجارە لە ماوەی شەش ساڵدا هێزەکانی ئەمریکا بۆ بەشداریکردن لە مانۆڕە سەربازییە هاوبەشەکە بانگهێشت دەکات. گەڕی پێشوو، لە ساڵی 2021، تیشکی خستە سەر دەستەبەرکردنی سەلامەتیی پاڵەوانێتی جامی جیهانیی 2022 لە قەتەڕ.


"لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا، بۆ یەکخستنی هەموو دەزگاکانی ناو هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت، پاسەوانی میری و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی قەتەڕ بۆ ئەنجامدانی ڕاهێنان لە سەرانسەری بوارەکانی زەمینی، ئاسمانی و دەریایی لەگەڵ هاوبەشەکانی ئەمریکادا، پاسەوانی نەبەردی 25 گەشەی پێدرا و پلانی بۆ داڕێژرا،" عەقیدی سوپا لی بریەرد لە سوپای ئەمریکا، بەڕێوەبەری مەشقی پاسەوانی نەبەردیی 25، لە مانگی نیسانی 2025 ڕایگەیاند.

"تیمە ناوەندی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانمان بۆ بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیۆنەکانی وەڵامدانەوە لەسەر بنەمای 24 کاتژمێری چالاک کرد، کە بە شێوەیەکی کاریگەر لەسەر ئەرکە گرنگەکانی فەرماندان و بەڕێوەبردنی کردار ڕاهێنان بە دەستەی ئەفسەرانی ئەمریکا و قەتەڕ دەکات."

سەربازەکان لە ژێر سیناریۆیەکی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا، کە شانەیەکی تیرۆریستیی لەخۆگرتبوو کە بە ماددەی بایۆلۆژییەوە هاتبووە ناو قەتەڕ بۆ بەکارهێنانی دژ بە دامەزراوەکانی قەتەڕ و ئەمریکا، ئۆپەراسیۆنەکانیان ئەنجامدا. ئەرکەکە بریتی بوو لە وەستاندنی هێرشەکان و گرتنی ئەو زانا سەرەکییەی کە ئەرکی کۆکردنەوە و چالاککردنی چەکی بایۆلۆژی پێسپێردرابوو.



**سەربازانی هێزە تایبەتە هاوبەشەکانی قەتەڕ لە میانی نمایشێکدا لە ناوەندی مەشقی بروق بە خێرایی بە پەت دادەبەزنە سەر بنیایەک.**
سەربازی پلە یەک جۆن فلاندەرس / سوپای ئەمریکا





**هێزە تایبەتە هاوبەشەکانی قەتەڕ، چەپ، لە میانی پاسەوانی نەبەردا بۆ هێرشکردنە سەر تاقیگەیەکی تیرۆرستیی خەیاڵی لەگەڵ سەربازانی ئەمریکا لە گروپی پێنجەمی هێزە تایبەتەکان یەکدەگرن.**

**سەربازانی قەتەڕ گومانلێکراوێکی تیرۆریستییان لە میانی نمایشێکدا لە پاسەوانی نەبەردی 25دا دەستگیرکرد.** پسپۆڕ زاکەری بوڤێر / سوپای ئەمریکا

دوو ڕۆژ لە خوێندنی وانە، بەشداربووانی بۆ ئەرکەکانیان لە مەشقەکە ئامادە کرد. جگە لە بەشداریکردن لە گۆڕەپاندا، کارمەندانی سەربازیی دەستەی ناوەندی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی یەکخراویان لەسەر کۆمەڵگەی مەشقی 401ـی قەتەڕ، کە بەم دواییە کرایەوە، پێکهێنا. کۆمەڵگەکە پێکدێت لە گوندێکی ساختە و جەستەی فڕۆکەیەکی سەرنشینی ئەیرباسی 300 کە سەربازەکان دەتوانن مەشقی تێدا بکەن.

هێزی دەریایی ئەمریکای سەر بە تیمی کەشتیگەلی ئاسایشی دژە تیرۆری فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا لەگەڵ هێزەکانی قەتەڕ مەشقیان لەسەر کۆنترۆڵکردنی ئاژاوەگێڕی و تەقەکردنی ڕاستەوخۆ ئەنجامدا. سەربازانی سوپای ئەمریکا لە هێزی ئەرکی سپارتای فەرماندەیی کیمیایی، بایۆلۆژی، تیشکی، ئەتۆمی و تەقەمەنییەکان (CBRNE) و زانایانی چالاکیی شیکاری و چارەسەریی کیمیایی، بایۆلۆژی، تیشکی، ئەتۆمی و تەقەمەنییەکان (CBRNE)ـی سوپای ئەمریکا وانەکانیان پێشکەش بە ئەندامانی خزمەتگوزاریی قەتەڕ کرد.

کاتێک سیناریۆی ڕاستەقینە دەستی پێکرد، کارمەندانی هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی ئەمریکا لە گروپی پێنجەمی هێزە تایبەتەکان و هێزە تایبەتە هاوبەشەکانی قەتەڕ بۆ پووچەڵکردنەوەی پلانە کوشندەکانی تیرۆریستان هێرشیان ئەنجامدا.

"ئەمە سەرکەوتنێکی گەورە بوو،" ڕائید ناسر عەربیات، پلاند داڕێژەری سەرەکی قەتەڕ بۆ پاسەوانی نەبەرد ئاماژەی بەوەدا. "تیمی ئەمریکی بینیان کە چۆن هێزە تایبەتەکانی قەتەڕ کاردەکەن، ئێمەش لە نێوان هێزەکاندا متمانەمان بنیات نا. سیناریۆکە بە شێوەیەکی باش ئامادەکرابوو، سەبارەت بە هەڕەشەکان لە ناوچەکەدا لۆژیکی بوو، کارپێکراو بوو و لێتێگەیشتنی ئاسان بوو. هەماهەنگی ئێجگار گرنگە. ئێمە دوو وڵات، دوو یەکە، دوو کلتوورمان لەیەک نزیکردەوە و بۆ هاوبەشپێکردنی زانیاری و کارکردنی پێکەوەیی سەرکەوتووانە لەیەک نزیکبووینەوە."

لەنێوان ئەرکەکانی مەشقەکە، ئەرکی هەڵکوتانە سەر تاقیگەیەکی گوماناویی چەکی بایۆلۆژی هەبوو. زانیاریی هەواڵگریی کۆکراوە لە شوێنەکە بواری بە سەربازەکان بەخشی بەدوای ئەندامانی تری شانە تیرۆریستییەکاندا بگەڕێن، بەڵام بەر لەوە لە ئەگەری بەرکەوتبن بە ماددە زیانبەخشەکان پێویستییان بە پاقژکردنەوە دەبێت.

لوتکەی پاسەوانی نەبەرد بریتی بوو لە هێرشی هاوبەشی قەتەڕ و ئەمریکا بۆ گرتنی ئەو زانایەی کە بڕیار بوو چەکی بایۆلۆژی چالاک بکات. نمایشی هێز لە ناوەندی مەشقی بروق لە کەناراوەکانی ڕۆژئاوای قەتەڕ ئەنجامدرا.

سەردانکەرانی بەڕێز، لەنێویاندا عەمید ڕوکنی قەتەڕی فەید ڕەشید ئەلمەری، سەرۆکی دەستەی مەشق و ڕاهێنان لە بروق چاودێری تەواوبوونی ئەرکەکەی کرد. ئەفسەرانی باڵا ئاماژەیان بەوە کردووە کە مەشقەکە بەهای هەماهەنگیی سەربازی لە نێوان هێزەکانی وڵاتە هاوبەشەکاندا نیشان دەدات. بە بنیاتنانی متمانە و یەکخستنی تواناکان، سەربازانی قەتەڕ و ئەمریکا ئەدای کرداریی تیمەکانیان باشتر کرد.

"ئەو وانانەی وەرگیران و ئەو هاوبەشییانەی بنیاتنران لەم مەشقەدا لە ساڵانی داهاتوودا بەرزدەنرخێندرێن،" عەقید بریەرد ئاماژەی پێدا. "سەرکەوتنی هاوبەشیی ئەمریکا لە پاسەوانی نەبەردی 25 لەگەڵ برا هاوبەشەکانمان، قەتەڕ، هەماهەنگی و ڕێگریکردنی یەکخراوی لە ناوچەی کەنداودا فراوانتر کرد." ✦



# گۆڕانکارییەکی ئاشتییانە لە شام

شێوەسازی یونیپاس

**دکتۆر مەنال ڕەزوان**، نوێنەری باڵای کاربەدەست، سەرۆکی تیمی دانوستانکار، وەزارەتی دەرەوە، سعودیە

ئەم بابەتە لە وتارێک کە لە گفتوگۆی مەنامەی 2025ـدا پێشکەشکرا، سەرچاوەی گرتووە.

**کاتێک** دێیتە سەر باسی گۆڕانکاریی سیاسی لە شام، هەرێمەکەمان سیاسەتی بەڕێوەبردنی کێشەی بەکارهێناوە، نەگ گۆڕانکاری، و کاریان لەسەر دواخستنی ئەو شتانە کردووە کە حەتمین، نەک واقیعە کاتییەکە.

ئێمە لە هەندێک کاتدا تاقیکردنەوەی شکستخواردوومان دووبارە کردووەتەوە، سروشت یان کولتووری ناوچەکەمان بە هۆکار زانیووە وەک لەو هەلومەرجانەی کە شکستی لەو جۆرەیان بەرهەمهێناوە. ئێمە هەوڵمان داوە ئاگرەکان کۆنترۆڵ بکەین وەک لەوەی بیانکوژێنینەوە، جەنگەکان بوەستێنین وەک لەوەی چارەسەریان بکەین، نائومێدی بەڕێوەببەین وەک لەوەی هیوا بگەڕێنینەوە. پێویستە ئەمجارە جیاواز بێت.

بەڕێوەبردن بارودۆخی ئێستا دەپارێزێت؛ بەڵام گۆڕانکاری دەیگۆڕێت. گۆڕانکاری بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی دەستووری، نوێکردنەوەی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتیی نێوان هاوڵاتی و دەوڵەت، گەڕاندنەوەی متمانە لە نێوان خودی دەوڵەتەکان، ڕووبەڕووبوونەوەی ململانێکان لە ڕەگ و ریشەوە، وە بۆ ڕێگەدان بە خۆڕاگری ڕاستەقینە پێویستی بە بوێری سیاسی، ڕوونیی ئاکاری، بەرپرسیارێتیی پێکەوەیی و لە سەرووی هەمووشیانەوە دەزگای ناوچەیی هەیە.

ئەم وانەیە لە هیچ شوێنێکدا هێندەی دۆخی دیاریکراوی ململانێی غەززە پێویستتر نییە. ئێمە چەندین جار هەموو هێرشەکانمان بۆ سەر خەڵکی مەدەنی سەرکۆنە کردووە، لەنێوانیاندا هێرشەکانی 7ـی تشرینی یەکەمی 2023. بەڵام نابێت شەرعیەت بەو هێرشانەش بدرێت کە لەدوای 8ـی تشرینی یەکەمەوە دژ بە خەڵکی مەدەنیش ئەنجام دەدرێن.

لە کەناری ڕۆژئاوا، توندوتیژی شێوازێکی جیاواز بەڵام بە هاوشێوەی ترسناکی وەرگرتووە. گروپە چەکدارە جێگیرکراوەکان، کە زۆرجار لە ژێر پارێزراوی سوپادا کاردەکەن، خەڵکی مەدەنی تیرۆر دەکەن. عەفاف ئەبو عەلیا، ژنێکی تەمەن 50 ساڵ کە لە گوندەکەی خۆی زەیتون دەچنێتەوە، لەلایەن جێگیرکەرێکی دەمامکدارەوە لێیدرا و بێهۆش بوو. چنینەوەی زەیتون، کە کردارێکی سادەی ژیانکردن و بەردەوامییە، بووەتە کارێکی سەرپێچی.

ئەم جۆرە توندوتیژییە سنووردار نییە. تا ئەو کاتەی پارێزبەندی لە جێگەی لێپرسینەوەدا بێت، نادادپەروەری پەرەدەستێنێت و توندڕەوبوون ڕیشەدەکێشێت. چەند باسی ئاشتی بکەیت، چارەسەری ئەمە ناکات. هیچ ڕێژەیەک لە چاکسازی لە پەیڕەوی پەروەردەییدا چارەسەری ئەمە ناکات. توندوتیژی و بێبایەخکردنی ژیانی مرۆڤ نەک تەنها ئاسایش بەرقەرار ناکات، بەڵکو ململانێی بێکۆتایی دێنێتە کایەوە.

لەناو دۆخی نائومێدیی دوو ساڵی ڕابردوو، بە سەرکردایەتیی سەرۆکی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ و بە دیپلۆماسییەکی چالاکانەی ناوچەیی کە لەلایەن شانشینی سعودیە، دەوڵەتانی قەتەڕ، میسر و تورکیاوە سەرۆکایەتی دەکرا، لەسەر بنچینەی کۆمەڵێک بنەما کە پێویستە ئێستا ڕێگای سیاسی بۆ پێشەوە دیاری بکەن، ئاگربەستێک بەدیهێنرا.

با تیشک بخەمە سەر بەشێکیان: هیچ جۆرە داگیرکارییەکی کەناری ڕۆژئاوا یان غەززە بە تەواوی یان بەشێک لێی ئەنجام نەدرێت؛ هیچ گواستنەوە و ئاوارەکردنێکی غەززییەکان ئەنجام نەدرێت؛ پێویستە ئەوانەی هەڵاتوون ڕێگەیان پێبدرێت بگەڕێنەوە. ئەمانە ئەو مەرجانە بوون کە ئاگربەستەکە لەسەری بنیات نرابوو.

ئێستا کاتی ئەوەیە بڕۆینە قۆناغی داهاتوو، لە گەیشتن بە شتێک کە ساڵانێکە فەڵەستینییەکان داوای دەکەن: جێگیرکردنی هێزێکی سەقامگیریی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی فەڵەستینییەکان، بەهێزکردنی دەسەڵاتی فەڵەستین و پشتیوانیکردن لە پۆلیسی نیشتمانیی فەڵەستین. لە 17ـی تشرینی دووەمی 2025، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێگەی بە دروستکردنی هێزێکی نێودەوڵەتیی لەو شێوەیەی دا.




**د. مەنال ڕەزوانی سعودی لە کۆنفرانسی ئاسایشی گفتوگۆی مەنامەی ساڵی 2025 لە بەحرەین قسە دەکات.** دامەزراوەی نێودەوڵەتی بۆ توێژینەوە ستراتیژییەکان

ئەم هەنگاوانە بریتی نین لە ئامانجی کۆتایی. وەک چۆن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیارنامەکەیدا ئاماژەی پێکردووە، پێویستە سەقامگیری پەرەبسێنێت و ببێت بە ڕێگایەک بۆ چارەی خۆنووسینی فەڵەستینیەکان و دەوڵەتبوونی لە غەززە و کەناری ڕۆژئاوا، کە لە کۆتاییدا ببێتە هۆی یەکخستنی ناوچەیی لەسەر بنەمای ئاسایش، سەقامگیری و خۆشگوزەرانیی هاوبەش بۆ هەموو گەل و دەوڵەتەکانی ناوچەکە. چارەی خۆنووسینی فەڵەستینییەکان بۆ یەکخستنی ناوچەیی بریتییە لە مەرجێکی پێشوەختە.

سەبارەت بە شوێنەکانی تر لە ناوچەکە، سوریایەکی یەکگرتوو و دوور لە دەستێوەردانی دەرەکی، بۆ سەقامگیریی شام وەکو پێویستییەک دەمێنێتەوە. ڕێبازی سعودیە بەتەواوی بەندە لەسەر وەبەرهێنان: سیاسی، دارایی، بەڵام لە سەرووی هەمووشیانەوە وەبەرهێنان لە گەلی سوریا، خۆڕاگری، داهێنان، کارگێڕی، باڵابوون و خۆشەویستی وڵات.

لە لوبنان، ئێمە بەردەوامین لە پشتیوانیکردنی چاکسازی، بەهێزکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت و پرتواناکردنی هێزە چەکدارەکانی لوبنان وەکو بڕبڕەی پشتی سەروەریی نیشتمانی. سەقامگیریی لوبنان پەیوەستە بە سەرکردایەتیکردن و لێپرسینەوە لە ناوخۆی وڵات و دانبەخۆداگرتن لە دەرەوە. ئێمە متمانەمان بە سەرکردایەتیی لوبنانییەکان هەیە و دەبێت پشتیوانییان بۆ مسۆگەر بکەین.

لە ئێران، دەرفەتی چارەسەرکردنی ناکۆکی هەیە. ئێران هێشتا دەتوانێت بەهەڵبژاردنی گەڕاندنەوەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ بەحرەین و بەشداربوون لە دیدگای ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو بۆ ئاسایشی ناوچەکە کە لە جاڕنامەی پەکیندا دارێژراوە، ناڕەزاییەکانی ڕابردوو چاکباتەوە. شانشینی سعودیە لە پێشکەشکردنی فەرمانگە باشەکانی خۆی بۆ برەودان بە کەمکردنەوەی پەرەسەندن، بنیاتنانی متمانە و هەماهەنگی، بەردەوام دەبێت. ✦

# پارێزەری بەندەرەکان





# جێگری فەریقی هێزی دەریایی مازن عەبدولواحید ئەلعامری دەستێکی ئاسنینە لە سەرۆکایەتیی هێزی دەریایی عێراق

دەستەی یونیپاس

لە ساڵی 2023ـەوە، جێگری فەریقی هێزی دەریایی مازن عەبدولواحید ئەلعامری فەرماندەیی هێزی دەریایی عێراقی کردووە، کە گرنگییەکەی وەک بەرگریکاری بەندەرەکانی عێراق کە ئێجگار گرنگن بۆ ئاسایشی ئابووری وڵاتەکە، پەرەی سەندووە.

لە بەلەمی پاسەوانی پێکهاتووە کە پاسەوانی ئاوەکانی نزیک بەندەری قووڵی ئوم قەسر دەکەن لەسەر کەناراوە تەنگەکانی باشووری عێراق. بە هەمان شێوە بەرگریکاری سەرەکیی ناوچە ئاوییەکانی وڵاتەکەیە و بەرژەوەندی و سەروەریی عێراق لە ئاوە تەنیشتییەکان و ناوچە ئابوورییەکان دەپارێزێت.

"هێزی دەریایی بەندەرە بازرگانی و نەوتییەکانی عێراق دەپارێزێت، بەمەش خوێنبەری سەرەکیی ئابووری وڵاتەکە دەپارێزێت. هەر لەبەر ئەمەشە هێزی دەریایی عێراق زۆر گرنگە و ڕۆڵێکی گرنگ لە پاراستنی سەقامگیری و ئابووری وڵاتدا دەگێڕێت،" جێگری فەریق مازن ئاماژەی پێدا. "بە هەمان شێوە ناوچە ئاوییەکانی عێراق دەپارێزێت و لە سەرانسەری ئەم ئاوانەدا بەرەنگاری قاچاخچێتی دەبێتەوە."

ئامانجی جێگری فەریق بریتییە لە دامەزراندنی کەشتیگەلێکی دەریایی تۆکمە کە بۆ سەپاندنی بەڕێوەبردنی تەواو و ڕێگریکردن لە هەموو پێشێلکارییەکان لە ناوچەی بەرپرسیارێتی خۆیدا، بە ڕادەی پێویست گەورەبێت و بە ئامێری باش ئامێربەندکرابێت. ئەمەش لەگەڵ فراوانکردنی دامەزراوە دەریاییەکان وەک کردنەوەی بەندەری ئەل فاو، لە هەموو کاتێک گرنگترە.

بەشێکی گرنگی بەرنامەکەی بریتییە لە پاراستنی هاوبەشیی متمانەپێکراو لەگەڵ ئەو هاوڕێ و هاوپەیمانانەی کە بە یەکسانی پابەندن بە ئاسایشی باکووری کەنداوی عەرەبی.

"ناوچەی کەنداوی عەرەبی بریتییە لە ناوچەیەکی ئابووریی هاوبەشی خاوەن سنووری سەریەککەوتوو و بەرژەوەندی جۆراوجۆر. هەماهەنگیی هاوبەش و بەردەوام لە ڕێگەی ئەم هاوبەشییانەوە بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە کە تێیدا بەرژەوەندییەکان هاوبەشن و لەسەر ئاستی ناوچەیی و جیهانیش کاریگەرن گرنگییەکی ئێجگار زۆری هەیە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی و کاریگەریی ناوچەکە لەسەر ئابووری جیهانی."

جێگری فەریق جەخت لەسەر گرنگی مەشق و ڕاهێنان دەکاتەوە بۆ فراوانکردنی ئەزموونی دەریاوانەکان و ناردنی پەیامێکی بەهێز بۆ نەیارانی ئەگەریی کە عێراق دەتوانێت بەرگری لە کەناراوەکانی خۆی بکات. لە ناوخۆدا، هێزی دەریایی لەگەڵ هاوتاکانی لە هێزی ئاسمانی عێراق و دەزگای دژەتیرۆر مەشق دەکات، کە هەردووکیان کارامەیی ناوازە بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانی هێزی دەریایی دەهێنن.

"ئەم مەشقە عێراقییانە هێزەکان لە ئۆپەراسیۆنە جووڵەپێکراوەکان، ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان، ئازادکردنی دوورگە و خاکەکان، وە ئەرکەکانی ڕزگارکردن و بنیاتنانەوە ڕادەهێنن" جێگری فەریق مازن ئاماژەی پێدا.

هەروەها هێزی دەریایی عێراق لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی بەشداری لە مانۆڕە ناوچەییەکان دەکات، بە هەمان شێوە ئەو مانۆڕە هاوبەشانەی کە بە فەرماندەیی و سەرپەرشتیی کەشتیگەلی پێنجەمی ئەمریکا لە بەحرەین ئەنجام

سەربازێکی هێزی دەریایی عێراق لە بەلەمێکی خێرادا کە پاسەوانیی کەنداوی عەرەبی دەکات لە نزیک نیمچە دوورگەی فاو، سەکۆیەکی پێگەیی خولاوە بەکاردەهێنێت. AFP/گێتی ئیمەیجس



دەدرێن. ئەم مەشقانە جەخت لەسەر کارامەییەکانی وەک پەلاماردان، سواربوون، گەڕان و دەستبەسەرداگرتن؛ پاککردنەوەی مین؛ پاراستنی ژێرخانی گرنگ؛ و تۆپخانەی دەریایی دەکەنەوە.

"ئەوان لە پەرەپێدانی تواناکانی تیمە عێراقییەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن،" جێگری فەریق ئاماژەی پێدا. "ئەزموون و زانیارییەکانیان زیاد دەکەن و توانا و کارامەیی خۆیان لە ئەنجامدانی فەرمان و ئەرکەکاندا پەرەپێدەدەن."

ڕێگریکردنی سەربازی یەکێکە لە ڕێگاکانی دووركەوتنەوە لە شەڕی چەکداری لە ناوچەیەکی ئاڵۆزدا کە ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاری بووەتەوە. وە بە هەمان شێوە هەڵبژاردنی سەرکردەی خاوەن ئەزموون و دانایی بۆ ئەنجامدانی دانوستان لەسەر ململانێکانی ناوچەکە.

"دەبێت سەرکردەی سەرکەوتوو دانایی خۆی لە بڕیارداندا نیشان بدات، نابێت لە شتەکاندا پەلە بکات و لە بەرامبەر ململانێکاندا کاردەنەوەی زیاد لە پێویستی هەبێت و بچێتە ژێر فشارەوە." ناوبراو ڕایگەیاند. "بە هەمان شێوە پێویستە زیرەکیی خێرای هەبێت و لەو سات و بارودۆخانەی کە پێویستی بە بڕیاردانی خێرا و ورد هەیە، ئەرکەکەی بە ئەنجام بگەیەنێت. هەروەها گرنگە سەرکردەکان پەیوەندیی هاوسەنگ لەگەڵ هەموو لایەنەکان بپارێزن و بتوانن لە ڕێگەی تەکتیک و بەڕێوەبردنی باشەوە دیدگاکان یەکبخەن."

جێگری فەریقی هێزی دەریایی مازین لە ماوەی ژیانی سەربازییدا بە گرنگیدان بە بنیاتنانی پیاوان بۆ هێزێکی جەنگیی کاریگەرتر، بە پلەبەندیی هێزی دەریایی عێراقدا سەرکەوت. جگە لە خزمەتکردنی لە ئەنجومەنی پشکنینی دەریایی عێراق کە دڵنیای دەدات لەوەی کە کەشتییەکان دەتوانن ئەرکە ئاسایشییە دەریاییەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، بەشێکی زۆری ژیانی پیشەیی خۆی وەک بەرپرسی ئەکادیمیای کەنداوی عەرەبی بۆ توێژینەوەی دەریایی بەسەربردووە. ئەکادیمیاکە دەکەوێتە سەر شتولعەرەب لە نزیک بەسرە، بڕوانامەی زانستی دەریایی بەو ئەفسەرانەی خۆیان بۆ پەیوەندیکردن بە هێزی دەریایی یاخود دەریایی بازرگانی ئامادە دەکەن، پێشکەش دەکات.

"دەمویست خزمەتی وڵاتەکەم بکەم و لەڕێگەی سەربازییەوە شانازیی خزمەتکردنی ئاڵاکە بەدەستبهێنم و بەرگری لە سەروەری و بەرژەوەندییەکانی عێراق بکەم،" جێگری فەریق مازن ئاماژەی پێدا. "ئەمە یەکێکە لە باڵاترین ئەرکەکان کە بە مرۆڤ سپێردراوە."

جێگری فەریق شانازی بەوەوە دەکات کە خوێندکاری مێژووە و سروش لە سەرکردە سەربازییە ئەفسانەییەکانی وەک خالید کوڕی وەلید وەردەگرێت. فەرماندەی مێژوویی عەرەب کە بە شکستپێهێنانی سەربازانی بێزەنتیی لە شەڕی یارموک لە سەدەی حەوتەمدا بەناوبانگ بوو، کە یەکەم سەرکەوتنی گەورەی سوپای موسڵمانان بوو لە دەرەوەی نیمچە دوورگەی عەرەبی.

"شەڕەکە شەش ڕۆژی خایاند و لە ڕۆژی شەشەمدا خالید ستراتیژی خۆی لە بەرگریکردنەوە گۆڕی بۆ هێرشبردن. بە زیرەکییە لەڕادە بەدەرەکەی توانی هێرشێکی مەترسیدار بکاتە سەر ڕۆمەکان و تاکتیکێکی سەربازی بەکارهێنا کە لەو کاتەدا ناوازە بوو، ئەویش بریتی بوو لە بەکارهێنانی دروستی تواناکانی لیوایەکی ئەسپ سواری خێرا بۆ گۆڕینی شکستی حەتمی بۆ سەرکەوتنێکی ئێجگار گەورە" جێگری فەریق مازن ئاماژەی پێدا.

فەلسەفەی فەرماندەیی جێگری فەریق گرنگی بە چاندنی دڵسۆزی، شانازی و لێهاتوویی دەدات لە سەربازەکانیدا. لە ڕەنگدانەوەی ڕۆژانی ئەو لە ئەکادیمیای هێزی دەریاییدا، ناوبراو چاودێری گەشەکردنی کارمەندەکانی دەکات، پێداویستییەکانیان دەستنیشان دەکات و بۆ ئەو کێشانەی کە دەکرێت ببنە ڕێگر لە بەردەم ئەدای کردارییان، بەدوای چارەسەردا دەگەڕێت.

"من باوەڕم بە خۆتەرخانکردن بۆ پابەندیی سەربازی، فێربوون و کارکردنە بۆ پەرەپێدانی توانا ئەکادیمی و جەستەییەکان تا بتوانن لەگەڵ پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکانی هێزە دەریاییە پێشکەوتووەکانی جیهان هاوشان بن." ناوبراو ڕایگەیاند.



ئەندامێکی هێزی دەریایی عێراق لەسەر بەلەمێکی پاسەوانی پارێزگاریی لە کەنداوی عەرەبی دەکات. AFP/گێتی ئیمەیجس

هێزی دەریایی عێراق لە میانی ئۆپەراسیۆنێکدا بۆ ڕێگریکردن لە قاچاخچێتی نەوت و بەرەودان بە هاتوچۆی سەلامەت لە ساڵی 2025، خۆیان بۆ سواربوونی کەشتییەک ئامادە دەکەن.
AFP/گێتی ئیمەیجس



# عێراق بۆ چارەسەرکردنی ململانێکان پشتیوانیي دیپلۆماسی دەکات

دەستەی یونیپاس

**عێراق**، داکۆکیکارێکی سەرسەختی دیپلۆماسی، لەم ساڵانەی دواییدا بووەتە ناوەندێک کە سەرکردەکانی ناوچەکە تێیدا کۆدەبنەوە و گفتوگۆ لەسەر چارەسەری ململانێکان دەکەن.

لەناو پاشخانی پەرەسەندنی گێژاوی ناوچەییدا، 34ـمین لوتکەی کۆمکاری عەرەبی لە مانگی ئایاری 2025 لە بەغدا، لەژێر دروشمی "دیالۆگ، هاودەنگی و گەشەکردن" بەڕێوەچوو. شەش سەرۆک دەوڵەت، بەرپرسانی باڵا و شاندی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە نێویاندا سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنتۆنیۆ گەتێرێس و سەرۆک وەزیرانی ئیسپانیا پێدرۆ سانچێزی بەلای خۆیدا ڕاکێشا.

بە سەرۆکایەتی سەرۆک کۆماری عێراق عەبدوللەتیف ڕەشید، لوتکەکە چەند تەوەرێکی لەخۆگرتبوو، لەوانە گفتوگۆکردن سەبارەت بە ئاشتی و ئاسایش لە غەززە، بە هەمان شێوە پێویستیی بەپەلەی پەیوەندیی دیپلۆماسی بۆ ڕاگرتنی ململانێی وێرانکەری سودان.

لە مانگی نیسانی 2023ـەوە، ململانێی نێوان هێزە چەکدارەکانی سودان و هێزی پشتیوانی خێرای نیمچە سەربازی، سودانی خستە ناو گێژاو و قەیرانکی قووڵبووەوەی مرۆیی کە ملیۆنان کەسی ئاوارە کردووە.

"بە پشت بەستن بە بنەماکانی دراوسێیەتی باش، دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆ [ـی وڵاتانی تر] و لایەنگری نەکردن، عێراق سیاسەتێکی دەرەکیی پەیڕەو کردووە کە هاوبەشی و هەماهەنگی لەگەڵ ئێوە لە پێشینەی کارەکانیدایە، برەو بە بەرژەوەندی هاوبەشی وڵاتەکانمان دەدات،" سەرۆک وەزیرانی عێراق محەمەد شیاع ئەلسودانی لە لێدوانەکەیدا ئاماژەی پێدا.

"عێراق پابەندە بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بە هەموو شێوەکانییەوە. لەسەر بنچینەی ئەم بنەمایانە، بە پشت بەستن بە گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن پشتیوانیمان لە چارەسەرەکان کرد، لە کۆکردنەوەی چەندین بۆچوونی جیاواز یارمەتیدەر بووین و بۆ ئەوەی لە پەرەپێدانی پەیوەندیی برایانە، ئایینی و بیروباوەڕی میانڕەودا بەشداری بکەین، بەدوای دیپلۆماسییەکی بەرهەمداردا دەگەڕاین."

سەبارەت بە غەززە و باشووری لوبنان، ئەلسودانی پێشنیاری دروستکردنی سندوقێکی عەرەبیی کرد بۆ پشتیوانیکردنی هەوڵەکانی ئاوەدانکردنەوە، هاوکات بەڵێنیشی دا کە 20 ملیۆن دۆلار بۆ پاڵپشتیکردنی ئاوەدانکردنەوەی غەززە و 20 ملیۆن دۆلاری دیکە بۆ باشووری لوبنان تەرخان بکات.

عەبدولفەتاح سیسی سەرۆک کۆماری میسر داوای یەکڕیزی لە بەرامبەر ئاڵنگاریی سەختدا کرد: "ئێمە ئەمڕۆ لوتکەکەمان لە قۆناغێکی سەختی مێژووییدا بەڕێوەدەبەین، لە کاتێکدا ناوچەکەمان ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی ئاڵۆز و بارودۆخی چاوەڕوان نەکراو بووەتەوە کە لەسەر هەموومان، سەرکردە و گەلان، پێویست دەکات بە یەکگرتوویی بمێنینەوە و ئیرادەی نەگۆڕ بۆ پاراستنی نیشتمانەکانمان و پارێزگاریکردن لە گەلەکانمان نیشان بدەین."

هەروەها گۆتێرێس ستایشی ئەو پێشکەوتنانەی کرد کە عێراق لە دوای گەڕانەوەی سەروەری لە ساڵی 2004ـەوە بەدەستی هێناوە، لەوانە چارەسەرکردنی ناکۆکییە هەڵپەسێردراوەکان لە ڕێگەی گفتوگۆ، بەهێزکردنی دامەزراوەکان و برەودان بە گەشەپێدانی بەردەوام و بە هەمان شێوەش مافەکانی مرۆڤ.

"سەرەڕای ئاڵنگارییە گەورەکان، با لێرەوە لە بەغدا وانە و ئومێد وەربگرین. بە کارکردن بە یەکگرتوویی و یەکڕیزی، دەتوانین لە چارەسەرکردنی ململانێ و بنیاتنانی ئایندەیەک لە ئاشتی و خۆشگوزەرانی یارمەتیدەر بین،" ناوبراوی ڕایگەیاند.

سەرچاوەکان: ئەل جەزیرە، نەتەوە یەکگرتووەکان

**سەرکردە عەرەبییەکان بۆ دەستپێکی دانیشتنی 34ـمین لوتکەی کۆمکاری عەرەبی لە بەغدا لە مانگی ئایاری 2025 کۆدەبنەوە.** AFP/گێتی ئیمەیجس





# کازاخستان و ئەمریکا پەیوەندییەکەیان بەهێزدەکەن

دەستەی یونیپاس

جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوەی کازاخستان موراد نورتلێو و وەزیری دەرەوەی ئەمریکا مارکۆ ڕۆبیۆ لە کۆبوونەوەیەک لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە واشنتۆن دەردەچن.

AFP/گێتی ئیمەیجس

جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوەی کازاخستان موراد نورتلێو لە مانگی حوزەیرانی 2025 بۆ گفتوگۆی ئاست بەرز سەبارەت بە بەرەپێشبردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات و فراوانکردنی دەرفەتەکانی بازرگانی و وەبەرهێنان، سەردانی ئەمریکای کرد.

لە میانی کۆبوونەوەی نورتلیۆ لەگەڵ مارکۆ ڕوبیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، دیپلۆماتکارە باڵاکانی هەردوو وڵات "باسیان لە هەماهەنگیی سیاسی و ئابووری، وزە، بازرگانی و لۆژیستی کرد،" وە بەگوێرەی ڕۆژنامەی ئاستانا تایمز، و "بیروڕایان لەسەر ئاڵنگاریی ئاسایشیی ناوچەیی و جیهانی ئاڵوگۆڕ کرد."

نورتلیۆ جەختی لەسەر پابەندبوونی کازاخستان بە "هاوبەشییەکی سووددمەندی دوولایەنە" لەگەڵ ئەمریکا کردەوە و تیشکی خستە سەر ڕۆڵی سەرەکی وڵاتەکەی لە پاراستنی سەقامگیریی وزەی جیهانی و زنجیرەکانی دابینکاریی کانزا گرنگەکان.

ڕوبیۆ لە کۆبوونەوەکەدا سەبارەت بە داهاتووی پەیوەندییەکانی کازاخستان و ئەمریکا گەشبین بوو و بەگوێرەی بەیاننامەیەکی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە کازاخستان، "پابەندبوونی ئەمریکای بە سەربەخۆیی، سەروەری و یەکپارچەیی خاکی کازاخستان،" دووپاتکردەوە.

"ئەمریکا بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی ئابووریی بەرژەوەندی هاوبەش، بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە دەڕوانێتە پەرەپێدان بە هەماهەنگییە لەگەڵ کازاخستان،" ڕوبیۆ ئاماژەی پێدا.

جگە لە زیادبوونی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان، هەردوو نورتلیۆ و ڕوبیۆ بۆ باشتر پشتیوانیکردن لە ئاسایشی نێودەوڵەتی و ناوچەیی جەختیان لەسەر گرنگی بەهێزکردنی هەماهەنگیی ناوچەیی فرەلایەنە کردەوە لە چوارچێوەی کاری C5+1 کە کازاخستان، کۆماری قرغستان ، تاجاکستان، تورکمانستان، ئۆزبەکستان و ئەمریکا لەخۆدەگرێت.

نورتلیۆ لە سەرهەڵدانی ستراتیژییەکی ناوچەیی کە تێیدا دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست، بە سەرۆکایەتی کازاخستان، هەوڵی بەکارهێنانی چوارچێوەی کاری فرەلایەنە، وەک چوارچێوەی کاری C5+1، بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستن بە هاوبەشە بازرگانییە نەریتییەکانی سەردەمی یەکێتی سۆڤیەت، پێشەوایەکی سەرەکی بووە.

هەروەها نوترلیو لەگەڵ نوێنەری بازرگانیی ئەمریکا جەیمسۆن گریر کۆبووەوە. بابەتەکان بریتی بوون لە "ئاسۆی فراوانکردنی ڕێڕەوەکانی گواستنەوە و لۆژیستی، هەمەچەشنکردنی ڕێگاکانی هەناردەکردن، پەرەپێدانی ژێرخانی پەیوەندیدار و باشترکردنی دەستڕاگەیشتنی هاوبەش بە بازاڕە کشتوکاڵییەکان،" ڕۆژنامەی ئاستانە تایمز ڕایگەیاند.

سەرچاوەکان: ڕۆژنامەی ئاستانا تایمز، تایمزی ئاسیای ناوەڕاست، باڵیۆزخانە و کونسوڵخانەی ئەمریکا لە کازاخستان

# هێزەکانی ئاسایشی میسرِ هەڵیانکوتایە سەر حەشارگەی تیرۆریستان

دەستەی یونیپاس

**هێزەکانی** ئاسایشی میشر هەڵیانکوتایە سەر حەشارگەی حەرەکەت سەواعد میسرِ (HASM)، کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە گروپێکی تیرۆریستی دەستنیشانکراوە و بەرپرسیارە لە هێرشکردنە سەر بەرپرسانی حکومی.

لە میانی هەڵمەتەکەدا، لە ڕووداوی ئاڵوگۆڕی تەقەکردن دوو تیرۆریست کوژران، کە پێشتر میسرِ بۆ تاوانەکانی پێشوویان سزای لە سێدارەدانی ئامادەبوونی بەسەریاندا سەپاندبوو، وەزارەتی ناوخۆی میسرِ لە مانگی تەمموزی 2025 ڕایگەیاند.

بە گرتنەبەری ڕێگای دیارینەکراو لە ناوچە چۆڵەکانی سنوور، ئەو دوو تیرۆریستە بە نهێنی لە وڵاتێکی دراوسێی دیارینەکراوەوە هاتبوونە ناو میسرِ. هەروەها حەرەکەت سەواعد میسرِ (HASM) گرتەیەکی ڤیدیۆیی بڵاوکردبووەوە کە تیایدا چەکدارەکانی لە بیابانێکی دەرەوەی میسرِ مەشق دەکەن و بەڵێنی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی تیرۆریستی لە وڵاتەکە داوە.

پۆلیسی میسرِ ڕایگەیاندووە، هەڵاتووانی حەرەکەت سەواعد میسرِ (HASM) پلانیان بۆ چڕکردنەوەی توندوتیژییەکانیان بەرامبەر کارمەندانی ئاسایش و دامەزراوە گشتییەکان دارشتووە.

حەرەکەت سەواعد میسرِ (HASM) (لە زمانی عەرەبییە وەردەگرێردرێت بۆ بزووتنەوەی چەکداریی میسرِ) گروپێکی چەکداریی ئیسلامییە لە میسرِ کە لە ساڵی 2016ـەوە دامەزراوە و چالاکی ئەنجام دەدات. دەسەڵاتدارانی میسرِ، حەرەکەت سەواعد میسرِ (HASM)ـیان بە باڵی چەکداریی ئیخوان موسلیمین ناوزەد کردووە.

لە سەرەتای دامەزراندنیەوە، حەرەکەت سەواعد میسرِ (HASM) بەرپرسیارێتی هێرشەکانی بۆ سەر هێزەکانی ئاسایش، هاوڵاتیانی و ژێرخانی گشتی لە ئەستۆ گرتووە. ئەم هێرشانە هەوڵە شکستخواردووەکانی تیرۆرکردن لە دژی موفتی گەورەی میسرِ عەلی جومعە، زەکەریا عەبدولعەزیز، یاریدەدەری داواکاری گشتی باڵای میسرِ و دادوەر ئەحمەد ئەبو فتوح لە شاری نەسرِ لەخۆدەگرێت.

بە هەمان شێوە گروپەکە لە ساڵی 2016 هێرشیان کردە سەر خاڵێکی پشکنینی پۆلیس، بەهۆیەوە شەش ئەفسەر لە نزیک کۆمەڵگەی هەرەمی جیزە کوژران. لە مانگی ئابی 2019، ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوی حەرەکەت سەواعد میسرِ (HASM) لە بەردەم دامەزراوەی نیشتمانیی شێرپەنجە لە ناوەڕاستی قاهیرە بووە هۆی کوژرانی 20 کەس و برینداربوونی لانیکەم 47 کەس.

بەڕیتانیا لە مانگی کانوونی دووەمی 2017، حەرەکەت سەواعد میسرِ (HASM)ـی وەک "ڕێکخراوێکی تیرۆریستی قەدەغەکراو" دەستنیشان کرد، وە دواتر ئەمریکا ئەو گروپەی بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بیانی ناساند.

سەرچاوەکان: ئەلعەرەبیە، سکای نیوز، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا

# مەشقی ئاک شومکار پەیوەندیی نێوان قرغستان و ئەمریکا بەهێز دەکات

دەستەی یونیپاس

کۆماری قرغستان لە مەشقی ئاک شومکاری 2025 میواندارێی هێزەکانی سەر بە ناوەندی هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا و سوپای مۆنتانا و پاسەوانی نیشتمانیی ئاسمانی مۆنتانای کرد. وەزارەتی بەرگریی قرغستان بۆ فراوانکردنی هاوبەشیی نێوان هەردوو وڵات و بەرزکردنەوەی هاوکاری و هەماهەنگی، لە 23 بۆ 27ـی مانگی حوزەیران لە بیشکێک مانۆڕی هاوبەشی ئەنجامدا.

مانۆڕە سەرپەرشتیکراوەکە لەلایەن قرغستانییەکان لە ڕاهێنانی مەدەنی بۆ سەربازی لە بوارەکانی وەک هاوکاریی مرۆیی و وەڵامدانەوەی کارەساتەکان، چۆڵکردنی پزیشکیی ئاسمانی، گەڕان و ڕزگارکردن و ئاسایشی سنوورەکان پێکهاتبوو. فەریقی هێزی ئاسمانیی ئەمریکا دێریک فرانس، فەرماندەی هێزی ئاسمانی نۆیەم، ئاماژەی بەوەدا کە مەشقەکە "لە بەهێزکردنی هەماهەنگییە ئاسایشییەکان لەگەڵ هاوبەشە قرغستانیەکانمان، هەنگاوێکی بەرچاوە بەرەو پێشەوە،" وە ئەزموونە هاوبەشەکە لە بنیاتنانی بناغەیەک بۆ هەماهەنگییەکانی داهاتوو یارمەتیدەر دەبێت.

هەرچەندە چالاکییەکانی ساڵی 2025 یەکەم گەڕی ئاک شومکار بوون، بەڵام سوپای قرغستان و ئەمریکا لە ڕابردوودا لە چوارچێوەیەکی کاری فرەنەتەوەیی لەگەڵ هێزە سەربازییەکانی دیکەی ئاسیای ناوەڕاست و باشووری ئاسیا، وەک بەشێک لە زنجیرە مەشقەکانی هەماهەنگیی ناوچەیی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا، پێکەوە مەشقیان ئەنجامداوە.

بە هەمان شێوە کۆماری قرغستان و پاسەوانی نیشتمانیی مۆنتانا لە ساڵی 1996ـەوە وەک بەشێک لە بەرنامەی هاوبەشی ویلایەتیی پاسەوانی نیشتمانیی ئەمریکا، بە شێوەیەکی بەردەوام مەشق و ئاڵوگۆڕی پسپۆڕیی بابەتەکانیان ئەنجامداوە.

باڵیۆزی ئەمریکا لە کۆماری قرغستان لێسلی ڤیگری سەبارەت بە بەشداریی قرغستان لە هاوبەشییە بەردەوامەکەدا ئاماژەی بەوەدا: "قرغستان لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا لە ڕێگەی هەماهەنگیی ئاسایشییەوە. وەبەرهێنانی لە بەهێزکردنی هاوبەشیی دوولایەنەماندا کردووە. ئاک شۆمکار دەرفەتی نایابی بۆ هێزە هاوبەشەکانمان ڕەخساندووە بۆ ئەوەی ئەزموونەکانیان لەپێناو بەرزکردنەوەی سەقامگیریی ناوچەکە لەڕێگەی هەماهەنگییەوە ئاڵوگۆڕبکەن."

سەرچاوەکان: Kactus.Media، فەرماندەیی هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا



**سەربازانی قرغستان لەگەڵ فڕۆکەوان و سەربازانی ناوەندی هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا و سوپای مۆنتانا و پاسەوانی نیشتمانیی ئاسمانی مۆنتانا لە میانی ئاک شومکاردا مەشق دەکەن.** فەرماندەیی هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا

# قەتەڕ پشتیوانی لە سەقامگیریی لوبنان دەکات

دەستەی یونیپاس

**دانانان** بە ڕۆڵی بەرچاوی قەتەڕ لە هێورکردنەوەی گرژییە ئاسایشییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەرۆک وەزیرانی لوبنان نەواف سەلام لە مانگی حوزەیرانی 2025، وەک سەرۆکی شاندێکی وەزاری سەردانی دۆحەی کرد.

سەرۆک وەزیر سەلام لەگەڵ خاوەن پایەی شاهانەی میری قەتەڕ شێخ تەمیم بن حەمەد ئال سانیی سەرۆک وەزیرانی و وەزیری دەرەوە شێخ محەمەد بن عەبدولرەحمان ئال سانی و بەرپرسانی باڵای دیکەی قەتەڕ کۆبووەوە.

کۆبوونەوەکان پرسەکانی بەرژەوەندیی هاوبەش و ڕێگاکانی بەرەوپێشبردنی هەماهەنگیی دوولایەنی نێوان هەردوو وڵاتی خستە بەر باس.

سەردانەکەی سەرۆک وەزیرانی لوبنان دەرفەتێک بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆژەی گەشەپێدانی هاوبەش و برەودان بە وەبەرهێنانەکانی قەتەڕ لە لوبنان، بەتایبەتی لە کەرتە گرنگەکانی وەک وزە، تەندروستی و ژێرخانی ئابووری دەخاتەڕوو.

بە هەمان شێوە گفتوگۆکان ڕێگاکانی فراوانکردنی پشتیوانیی کۆمەڵایەتی و بەرنامەکانی پەروەردەی پیشەییان لەخۆگرت، کە توانای لوبنان بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکان باشتر دەکات. بەیروت هیوادارە ئەم سەردانە بۆ نوێکردنەوەی پشتیوانیی عەرەبی و نێودەوڵەتی بۆ لوبنان هەنگاوێک بێت بۆ کەمکردنەوەی ناسەقامگیریی ئابووری.

قەتەڕ کاریگەریی سیاسی و مرۆیی بەرچاوی لە لوبناندا هەیە. هەمیشە لەلایەن لایەنە جیاوازەکانی لوبنان ناوبژیوانێکی پێشوازی لێکراو بووە و ڕۆڵی باڵای گێڕاوە، دیارترینیان لە سەرپەرشتیکردنی ڕێککەوتنی دۆحەی 2008، کە ڕێککەوتنێکی دابەشکردنی دەسەڵات بوو لە نێوان لایەنە ڕکابەرەکانی لوبنان کە کۆتایی بە قەیرانێکی سیاسیی 18 مانگە هێنا.

دەوڵەتەکەی کەنداوی عەرەبی لە ڕێگەی پاڵپشتی ڕاستەوخۆی ئابوری و مرۆییەوە، بە هەمان شێوە لە ڕێگەی بەشداریی چالاکانەی خۆی لە گروپی کرداریی کوینتێت (میسر، فەرەنسا، قەتەڕ، سعودیە و ئەمریکا) کە دۆخی سیاسی لوبنان چارەسەر دەکات و هانی چاکسازیی سیاسی و ئابووری دەدات، پابەندبوونی خۆی بۆ یارمەتیدانی لوبنان دووپاتکردەوە.

لوبنان و قەتەڕ لە چەندین بەرەدا پەیوەندییەکی دوولایەنەی بەهێزیان هەیە، وە دۆحەش وەک نموونەیەک بۆ هاودەنگیی عەرەبی کاری کردووە، بەتایبەتی لە میانی قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکان لە لوبنان.

لە ماوەی شەڕی نێوان ئیسرائیل و حزبوڵڵا لە ساڵی 2024، دۆحە پردێکی ئاسمانی بۆ گەیاندنی زیاتر لە 150 تەن یارمەتی پزیشکی و خۆراک بە لوبنان، دروستکرد. بە هەمان شێوە لە هەوڵەکانی کەمکردنەوەی توندوتیژی کە لە مانگی تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا بە ڕێککەوتنی ئاگربەست لە نێوان لایەنە شەڕکەرەکاندا دوایی هات، ڕۆڵێکی سەرەکیی گێڕا.

سەرچاوەکان: ئەلجەزیرە، ئاژانسی هەواڵی قەتەڕ



ئەندامانی پاسەوانی سەرۆکایەتی ئیماڕات و هێزی دەریایی ئەمریکا لە میانی مەشقکردندا لە کالیفۆرنیا لە ئەمریکا، سەیری هێلیکۆپتەرەکانی UH-1Y ڤینەم و AH-1Zی ڤایپەر دەکەن.

سەربازی یەکەم ڕیکاردۆ ڕامیرێز/ هێزی دەریایی ئەمریکا

# ئیماڕات و ئەمریکا هاوبەشيی سەربازی بەرەوپێش دەبەن

دەستەی یونیپاس

**ئیماڕات** یەکێکە لە هاوبەشە ئاسایشی و سەربازییە دیارەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە لە چەندین بواردا، لەوانە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، ئاسایشی دەریایی، ئاسایشی ئەلیکترۆنی و تەکنەلۆژیای بەرگری هەماهەنگی دەکات.

بۆ بەهێزکردنی ئەم جۆرە هەماهەنگییە، هەردوو وڵات لە مانگی ئاياری 2025ـدا نامەیەکی نیازخوازی (LOI)ـیان بۆ دامەزراندنی هاوبەشییەکی تۆکمەی گەورەی بەرگری لە نێوان ئەمریکا و ئیماڕات واژۆ کرد. واژۆکەرانی ئەبوزەبی بریتی بوون لە محەمەد موبارەک ئەل مەزروعی، وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری بەرگریی ئیماڕات و پیت هێگسێس، وەزیری جەنگی ئەمریکا.

بە مەبەستی پەرەپێدانی نەخشەڕێگایەک کە هەماهەنگیی سەربازی دوولایەنە بەڕێوەببات، نامەی نیازخوازی (LOI)ـەکە بە هەمان شێوە نوێنەرایەتی پابەندبوونێکی هاوبەشی بەرزکردنەوەی توانای بەرگری و هەماهەنگی دەکات.

لە ئەنجامدا، دەستپێشخەرییەکی ستراتیژی نوێ لە نێوان یەکەی داهێنانی بەرگریی ئەمریکا و ئەنجومەنی تەوازون، دامەزراوەیەکی سەربەخۆی حکومەتی ئیماڕاتە کە لە نزیکەوە لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی ئیماڕات و دەزگا ئاسایشییەکان کار بۆ پتەوکردنی بەرگری دەکات، وەک بەشێک لە هاوبەشییەکە دەستپێکرد. ئەم هەماهەنگییە هانی توێژینەوە و پەرەپێدانی هاوبەش، داهێنان و وەبەرهێنان لە پیشەسازییەکانی بەرگریی هەردوو وڵاتدا دەدات.

هەروەها ئیماڕات بەشداری لە بەرنامەی هاوبەشی پاسەوانی نیشتمانیی ویلایەتیی ئەمریکادا کردووە، کە یەکەکانی پاسەوانی نیشتمانی لە ویلایەتە جیاوازەکانی ئەمریکا لەگەڵ سەربازییەکانی وڵاتانی تر کۆدەکاتەوە. ئیماڕات لەگەڵ پاسەوانی نیشتمانیی تەکساس یەکخراوە.

کۆکردنەوەکە "پاڵپشتیی هەوڵەکانی هاوچەرخکردنی سەربازی دەکات و هەماهەنگی لە بوارەکانی بەرگریی ئاسمانی و مووشەکیی یەکگرتوو، ئاسایشی ئەلیکترۆنی، وەڵامدانەوەی کارەسات و پلاندانانی ئۆپەراسیۆنەکان بەرز دەکاتەوە،" وەزارەتی جەنگی ئەمریکا ڕایگەیاند.

جگە لەوەش، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە مانگی ئاياری 2025ـدا بە بڕی 1.5 ملیار دۆلار فرۆشتنی ئامرازی سەربازیی پەسەند کرد کە بەدەستهێنانی هێلیکۆپتەری چینهۆکی جۆری CH-47F و پێکهاتەکانی و پارچەی یەدەگی فڕۆکەی F-16 لەلایەن ئیماڕاتەوە لەخۆدەگرێت.

ئەم پەسەندکردنە ڕەنگدانەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە کە تیشک دەخاتە لەسەر هاوپەیمانە ستراتیژییەکانی لە ناوچەی کەنداوی عەرەبی و ئەمەیش هاوکاتە لەگەڵ پەرەسەندنی ئاڵنگارییە ئاسایشییەکان، دیارترینیان هەڕەشەکانی ئێران، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی بەکارهێنانی بەکرێگراوی ناوچەییەوە.

بە سەرنجدان بە پەرەسەندنی گرژییەکانی ناوچەکە، دوایین هەماهەنگییە سەربازییەکانی نێوان ئەبوزەبی و واشنتۆن بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیان کردووە. ئەبوزەبی شانبەشانی ئەمریکا لە چەندین ئۆپەراسیۆنی سەربازیدا وەک بەشێک لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش بەشداریی کردووە، بە هەمان شێوە بۆ بەرزکردنەوەی سەقامگیریی ناوچەکە، میوانداریی سەربازانی ئەمریکا و دامەزراوە سەربازییە ستراتیژییەکان دەکات.

هاوبەشیی بەهێزی دەیان ساڵە و متمانەی هاوبەشی نێوان هەردوو وڵات گەیشتە لوتکە و ئەمریکا لە مانگی ئەیلوولی 2024ـدا ئیماڕاتی وەک هاوبەشێکی سەرەکیی بەرگری دەستنیشان کرد، ئەمەش بۆ هاوبەشیکردن لەگەڵ ئەمریکا لە کەرتی بەرگریدا دەرفەتی بێهاوتای بە ئەبوزەبی بەخشی.

سەرچاوەکان: ناواندی ئیماڕاتی بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە ستراتیژییەکان، پاسەوانی نیشتمانیی ئەمریکا، وەزارەتی جەنگی ئەمریکا






# لوتکەی ئاسیای ناوەڕاست و یەکێتی ئەوروپا بەڵێنی هەماهەنگیی قووڵتر دەدات

دەستەی یونیپاس

**ولاتانی ئاسیای ناوەڕاست،** ڕێگایەکی گرنگ لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، هەوڵی فراوانکردنی هەماهەنگییە ئابووری و سیاسییەکان لە دەرەوەی ناوچەکە دەدەن.

سەرکردەکانی یەکێتی ئەوروپا و پێنج وڵاتی ئاسیای ناوەڕاستی دوای سۆڤیەت، کازاخستان، کۆماری قرغستان، تاجاکستان، تورکمانستان و ئۆزبەکستان، بۆ پێشخستنی ئەم پەیوەندییانە لە 3 بۆ 4ـی مانگی نیسانی 2025 لە سەمەرقەند، ئۆزبەکستان، کۆبوونەوە.

لە میانی لووتکەکەدا، سەرکردەکان چەند بابەتێکیان تاوتوێ کرد کە هەماهەنگیی فرەلایەنە و ناوچەیی، ئاڵنگاریی ئاسایشی، بازرگانی و وەبەرهێنان، وزە، مافەکانی مرۆڤ، و ئاڵوگۆڕ و هەماهەنگیی زانستی و پەروەردەیی لەخۆگرتبوو.

ئەم یەکەمین لوتکە ئاست باڵایەی یەکێتی ئەوروپا و ئاسیای ناوەڕاست سەرەتای ئەو هەوڵەیە کە سەرکردەکانی یەکێتی ئەوروپا ئومێدەوارن ببێت بە هاوبەشییەکی گەشەسەندوو. ئەمریکا لوتکەی هاوشێوەی خۆی لەگەڵ دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاستدا ئەنجامداوە.

”من لەو باوەڕەدام کە هێشتا هاوبەشییەکەمان نەگەیشتووەتە تەواوی تواناکانی خۆی،“ ئەنتۆنیۆ کۆستا، سەرۆکی ئەنجومەنی ئەوروپا، لەگەڵ ئۆرسولا ڤۆن دێر لاین سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئەوروپا بە هاوبەشی سەرۆکایەتی شاندی یەکێتی ئەوروپایان کرد، ئاماژەی پێدا. ”ئەم لوتکەیە دەستپێکی ڕەهەندێکی نوێیە لە پەیوەندییەکانمان، و تەنها جار نابێت.“

بە گونجاوبوون بە شاری میوانداری لوتکەکە سەمەرقەند، کە وێستگەیەکی مێژوویی بەناوبانگە لەسەر ڕێڕەوی بازرگانیی ڕێگای ئاوریشمی کۆن، بازرگانی و وەبەرهێنان بابەتی سەرەکی گفتوگۆکان بوون.

یەکێتی ئەوروپا گەورەترین وەبەرهێنەر و دووەم گەورەترین هاوبەشی بازرگانییە لە ئاسیای ناوەڕاست. لەکاتێکدا ئەوروپا کڕیارێکە بۆ سەرچاوە سروشتییەکانی ناوچەکە، ئاسیای ناوەڕاست هەوڵی دەستڕاگەیشتن بە تەکنەلۆژیای پیشەسازی پێشکەوتووی ئەورووپی دەدات.

**سەرکردەکانی ئاسیای ناوەڕاست و یەکێتی ئەوروپا لە سەمەرقەندی ئۆزبەکستان لە مانگی نیسانی 2025، بەشداری لە لوتکەی یەکێتی ئەوروپا و ئاسیای ناوەڕاستدا دەکەن.**

AFP/گێتی ئیمەیجس

بۆ ئاسانکاریکردنی ئەو بازرگانی و گەشتیارییەی لەزیادبووندایە ، ڤۆن دێر لاین دووپاتیکردەوە کە یەکێتی ئەوروپا بە 10 ملیار یۆرۆ وەبەرهێنان لە ڕێڕەوی گواستنەوەی نێودەوڵەتیی ترانس کاسپیاندا دەکات، کە ئەمەش کاتەکانی گەشتکردن لە نێوان ئاسیای ناوەڕاست و ئەوروپادا بە شێوەیەکی بەرچاو کەمدەکاتەوە و هاوکات ڕووسیای ناسەقامگیری جیۆپۆلیتیکی بەدەر دەکات.

ڕەزامەندی درا لەسەر ئەوەی هەماهەنگییەکانی داهاتوو لە چوارچێوەی یاسایی ڕێککەوتننامە بەرەوپێشبراوەکانی هاوبەشی و هەماهەنگیی دوولایەنەی ئێستا و داهاتوودا بێت (EPCA). کازاخستان و کۆماری قرغستان لە ڕابردوودا ڕێککەوتننامە بەرەوپێشبراوەکانی هاوبەشی و هەماهەنگی (EPCA)ـیان لەگەڵ یەکێتی ئەوروپادا هەبوو، وەکو دەرەنجامی دانوستانە دڵسۆزانەکانی دوای لوتکەکە، تاجاکستان لە مانگی تەمموزی 2025 ڕەزامەندی لەسەر EPCAـی خۆی لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا دەربڕی.

شەڤکەت میرزیۆیێڤی سەرۆکی ئۆزبەکستان کە میوانداری لوتکەکەی کردبوو، تیشکی خستە سەر ئەوەی کە ئاسیای ناوەڕاست لە ماوەی تەنها چەند ساڵێکدا دەستکەوتی بەدەستهێناوە بۆ کردنەوەی سنوورەکان و ئاسانکارکردنی باشترکردنی پەیوەندییەکان لە ناوخۆی ناوچەکە چەندێک هەنگاوی ناوە، ئەمەش وایکرد کە بتوانرێت لوتکەیەکی لەم چەشنە بەڕێوەببرێت.

”حەوت هەشت ساڵ لەمەوبەر، سنوورەکانی نێوان دەوڵەتەکان داخران. بازرگانی نەبوو، وەبەرهێنان نەبوو. ... پەیوەندییەکان بەستبوویان،“ سەرۆک میرزیۆیێڤ ئاماژەی پێدا. ”کەس پێشبینی ئەوەی نەدەکرد کە بتوانین بۆ نوێنەرایەتیکردنی ناوچەکە لە دانوستان لەگەڵ سەرکردەکانی ئەوروپا یەکگرتووبین.“

**سەرچاوەکان: ئەنجومەنی ئەوروپا، ڕادیۆی ئۆزۆدلیک، شاندی یەکێتی ئەوروپا بۆ تاجاکستان**

# سەربازەکان سەرنج دەخەنە سەر بوژانەوەی باشووری لوبنان

دەستەی یونیپاس

لە میانی مەراسیمێکی فەرمیدا لە بارەگای هێزە چەکدارەکانی لوبنان (LAF) لە یەرزە لە بەیروت، لوبنان، لە مانگی تەمموزی 2025، بۆ پشتیوانیکردنی هێزە چەکدارەکانی لوبنان (LAF) لە پێشەنگایەتیکردنی هەوڵەکانی بوژانەوە لە باشووری لوبنان، یەکێتی ئەوروپا پرۆژەیەکی نوێی بە بڕی 12.5 ملیۆن یۆرۆ ڕاگەیاند.

ئەم پرۆژەیە کە بڕیارە لەلایەن بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان (UNDP) جێبەجێ بکرێت، بەرزکردنەوەی ئاسایش و یارمەتیدانی کۆمەڵگاکانی بۆ ئاوەدانکردنەوە کردووەتە ئامانج.

"ئەم پرۆژەیە نوێنەرایەتی هەنگاوێکی گرنگ دەکات بۆ دامەزراوە سەربازییەکە کە لەسەر ئاستی نیشتمانی بەرپرسیارێتییەکی گەورە لەئەستۆ دەگرێت،" فەرماندەی سوپای لوبنان فەریقی یەکەم ڕۆدۆلف هەیکال ڕایگەیاند. "سوپا لە هەوڵە بەرچاوەکانی بۆ بەرزڕاگرتنی دەسەڵاتی دەوڵەت لە سەرانسەری خاکی لوبنان، جێبەجێکردنی بڕیارنامە نێودەوڵەتییەکان بەردەوامە، بە تایبەتی بڕیارنامەی 1701، و پاراستنی ئاسایشی وڵات و چاودێریکردنی سنوورەکانی بەردەوام دەبێت."

لە بڕیارنامەی 1701ـی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە کە ناوچەیەکی بەتاڵ لە چەک لە نێوان سنووری باشووری لوبنان و ڕووباری لیتانی لە باشووری لوبنان، بەدەر لە هێزە چەکدارەکانی لوبنان (LAF) و هێزی کاتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە لوبنان، دابمەزرێنرێت. لە ڕێککەوتنی ئاگربەستەکەدا هاتووە، هێزە چەکدارەکانی لوبنان (LAF) هێز بڵاودەکاتەوە، بە هەمان شێوە بەربەست و خاڵی پشکنین لەسەر هەموو ئەو ڕێگا و پردانەی بەدرێژایی ئەو هێڵەی کە ناوچەی باشووری لیتانی دیاری دەکات، دادەمەزرێنێت.

باڵیۆزی یەکێتیی ئەورووپا لە لوبنان ساندرا دی وال ڕایگەیاند کە پرۆژەکە ڕەنگدانەوەی پابەندبوونی نەگۆڕی یەکێتیی ئەورووپایە بەرامبەر لوبنان و بەرەوپێشبردنی ئاشتی و سەقامگیری لە سەرتاسەری وڵاتەکە.

"بەیەکەوە لەگەڵ وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا زیاتر لە 600 ملیۆن دۆلار وەک پشتیوانییەک پێشکەش بە ناوچە زیانلێکەوتووەکانی ململانێ لە لوبنان دەکەین، ئەمەش جەخت لەسەر ئەم پابەندبوونە دەکاتەوە،" ناوبراو ئاماژەی پێدا. "ئەم هەوڵانە تەواوکەری کارە دیپلۆماسییەکانمانن بۆ هەنگاونان بە ئاراستەی جێبەجێکردنی تەواوی بڕیارنامەی 1701ـی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و پابەندبوونی هەموو لایەنەکان بە ڕێککەوتنی ئاگربەستی مانگی تشرینی دووەمی 2024."

پرۆژە پارەدارکراوەکە لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە، بەشێکە لەو یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنە سێ قۆڵییەی لە مانگی ئایاری 2025 لەلایەن وەزارەتی بەرگریی لوبنان، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان (UNDP) و فەرمانگەی ڕێکخەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لوبنان ڕێککەوتنی لەسەر کراوە.

ئامانج لە یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنەکە هەماهەنگیکردنی هاوکارییە نێودەوڵەتییەکانە کە بە یارمەتی چەند وڵاتێکی هاوبەش و بەخشەر، لەوانە یەکێتی ئەوروپا، دانیمارک، فەرەنسا، ئەڵمانیا، نەرویج، هۆڵەندا و ئیسپانیا، پێشکەش بە هێزە چەکدارەکانی لوبنان (LAF) دەکرێت.

لەگەڵ بەرگریکردن لە سەربەخۆیی وڵات و پاراستنی هاوبەشیی سەربازی بەهێز لەگەڵ هاوتاکانیان لە وڵاتانی هاوبەش، هێزە چەکدارەکانی لوبنان (LAF) لەگەڵ ڕێکخراوە ئاسایشیی و مرۆییە نێودەوڵەتییەکان بۆ باشتر خزمەتکردنی وڵاتەکەیان کاردەکەن.

سەرچاوەکان: بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان، سوپای لوبنان

# پاکستان و سعودیە ڕێککەوتنی بەرگری واژۆ دەکەن

دەستەی یونیپاس

ڕێککەوتنی ستراتیژیی بەرگریی هاوبەش (SMDA) کە لەم دواییانەدا لە نێوان پاکستان و سعودیە واژۆ کراوە، پابەندبوونی ئاسایشیی درێژخایەنی هەردوو وڵات بەهێز دەکات.

بە پەسەندکردنی لە مانگی ئەیلوولی 2025، ڕێککەوتنەکە زیادکردنی مەشقی سەربازیی هاوبەش، هاوبەشپێکردنی هەواڵگری و هاوکارییە تەکنەلۆژییەکان لەخۆدەگرێت. لە ئەگەری دەستدرێژیی وڵاتانی تر، پاکستان و سعودیە ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی لە ڕووی سەربازییەوە پشتیوانیی یەکتر بکەن.

ئەم ڕێککەوتنە لە دوای کۆبوونەوەکەی مانگی تەمموزی 2025 لە کاراچی بەدیهات، کە تێیدا فەرماندەکانی هێزە دەریاییەکانی پاکستان و سعودیە بابەتەکانی ئاسایشی دەریایی ناوچەکە و بەرزکردنەوەی هەماهەنگیی بەرگریی دوولایەنەکان تاوتوێ کرد.

فەریقی یەکەم نەڤید ئەشرەف، سەرۆکی دەستەی ئەرکانی هێزی دەریایی پاکستان، ستایشی بەشدارییەکانی سعودیەی لەم هاوبەشییەدا کرد و داوای زیادکردنی هەماهەنگیی بەرگریی نێوان هەردوو هێزی دەریایی کرد کە "پەیوەندییەکی درێژخایەن و برایانە"ـیان لەنێوانداتە.

سەرۆکی دەستەی ئەرکانی دەریایی هێزی دەریایی شاهانەی سعودیە، فەریقی یەکەم محەمەد بن عەبدولڕەحمان ئەل غورەیبی بۆ پێشکەشکردنی مەشق بۆ کەرتەکانی هێزی دەریایی سعودیە لە ئەکادیمیای دەریایی پاکستان و لەسەر کەشتییەکانی هێزی دەریایی پاکستان، ستایشی پاکستانی کرد.

پێشتر لە مانگی تەمموز، شاندێکی پاکستان بە سەرۆکایەتیی وەزیری ناوخۆ موحسین نەقوی بۆ ئەو گفتوگۆیانەی کە تیشک خستە سەر بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر و قاچاخچێتیی مرۆڤ لە ناوچەکەدا، لەگەڵ وەزیری ناوخۆی بەحرەین، فەریقی یەکەم شێخ ڕەشید بن عەبدوڵڵا ئال خەلیفە، لە شاری مەنامای بەحرەین کۆبووەوە.

شاندەکان پابەندبوون بە باشترکردنی کاریگەریی لیژنەی ئاسایشی هاوبەشی پاکستان و بەحرەین و قووڵکردنەوەی پەیوەندییە دوو قۆڵییەکان. پاکستان بەشدارێکەرێکی سەرەکییە لە هێزە دەرباییە یەکخراوەکان، ئەو هێزە ئەرکییە دەرباییە فرەنەتەوەییەکانی لەلایەن ئەمریکا سەرۆکایەتی دەکرێن کە بنکەکانیان لە بەحرەینە و لە کەنداوی عەرەبییەوە تا دەریای سوور پاسەوانی دەکەن.

لە دەرەوەی ناوچەکە، پاکستان و یەکێتی ئەوروپا لە 10ـەهەمین گفتوگۆی سیاسیی پاکستان و یەکێتی ئەوروپا لە برۆکسل لە مانگی تەمموزی 2025 لەسەر قووڵکردنەوەی هەماهەنگییەکان سەبارەت بە ئاسایش و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ڕێککەوتن.

وەزارەتی دەرەوەی پاکستان ئاماژەی بەوەدا کە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە "دانیان بە گرنگیی هەماهەنگیی فرەلایەنە لە بابەتە ئاسایشییەکاندا ناوە، لەوانەش بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر."

سەرچاوەکان: داون، دەیلی تامز، ئەرەب نیوز

# بەحرەین پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەریتانیا قووڵتر دەکات

دەستەی یونیپاس

**داکۆکیکارێکی** سەرسەخت بۆ ئاشتی و سەقامگیری، شانشینی بەحرەین وەک بەشێک لە هەوڵێکی نیشتمانی بۆ کۆکردنەوەی وڵاتانی هاوبیر بۆ برەودان بە ئاسایش، گەشەسەندن و خۆشگوزەرانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەوڵیدا هاوبەشیی خۆی لەگەڵ بەریتانیا قووڵتر بکات.

شێخ عەبدوڵلا بن رەشید ئال خەلیفە، باڵیۆزی بەحرەین لە ئەمریکا؛ مۆرا نامداری نووسینگەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی نزیک؛ و لوسی فێرگسۆن، جێگری سەرۆکی ئەرکی بەریتانیا بە وەکالەت لە ئەمریکا، لە مانگی حوزەیرانی 2025ـدا لە واشنتۆن، بە بۆنەی پەیوەندیکردنی بەریتانیا بە رێککەوتنی یەکگرتنی گشتگیر و خۆشگوزەرانیی ئاسایشی گشتگیر (C-SIPA)، رێککەوتنێکیان واژۆ کرد.

"ئەمریکا، شانشینی بەحرەین و بەریتانیا خۆشحاڵن بە پەیوەندیکردنی بەریتانیا بە رێککەوتنی یەکگرتنی گشتگیر و خۆشگوزەرانیی ئاسایشی گشتگیرەوە، چوارچێوەیەکی کارە کە پەرەپێدانی یەکخستنی فراوانتر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەهێزکردنی خۆپاراستنی هاوبەش لە بەرامبەر هەڕەشە دەرەکییەکان و فراوانکردنی هەماهەنگییەکان بۆ بەرەوپێشبردنی ئاسایش، سەقامگیری و خۆشگوزەرانی لە ناوچەکەدا دەکاتە ئامانج،" وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند.

لایەنەکان بەنیازن بۆ بەرزکردنەوەی هەماهەنگیی ستراتیژی بەگوێرەی ئامانجەکانی رێککەوتنی یەکگرتنی گشتگیر و خۆشگوزەرانیی ئاسایشی گشتگیر (C-SIPA) لە برەودان بە سەقامگیری، داهێنانی تەکنەلۆژی، خۆشگوزەرانی و هاوبەشیی ئابووری و ئاسایشی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، گروپی کار دابمەزرێنن.

شێخ عەبدوڵلا رایگەیاند کە رێککەوتنی یەکگرتنی گشتگیر و خۆشگوزەرانیی ئاسایشی گشتگیر (C-SIPA) بناغەی بنیاتنانی چوارچێوەیەکی گشتگیر بۆ یەکخستنی ئاسایشی و خۆشگوزەرانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنێت. روانگە و رێنماییەکانی خاوەن شکۆ شا حەمەد بن عیسا ئەلخەلیفەی بەحرەین و دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا کە ئامانجی دەستەبەرکردنی ئاشتی، سەقامگیری و خۆشگوزەرانییە بۆ وڵاتان و گەلانی ناوچەکە و بە درێژایی جیهان بەرجەستە دەکات، شێخ ئاماژەی پێدا.

پەیوەندیی نێوان بەحرەین و بەریتانیا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1861، کاتێک دوورگەی کەنداوی عەرەبی پەیمانی ئاشتی و دۆستایەتی هەمیشەیی لەگەڵ بەریتانیا واژۆ کرد. بەحرەین لە ساڵی 1971 سەربەخۆیی خۆی راگەیاند، بەڵام لەگەڵ بەریتانیا، بەتایبەتی لە کاروباری هێزی دەریایی دا هاوبەشییەکی بەهێزی پاراستووە.

سەرچاوەکان: دەزگای هەواڵی بەحرەین، alayam.com، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا



خاوەن شکۆ پاشا عەبدوڵلای دووەمی ئەردەن، ناوەڕاست، و خاوەن پایەی شاهانە شازادەیی جێنشین حوسێن بن عەبدوڵلا لە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی ناتۆ لە برۆکسل لەگەڵ مارک رۆتە سکرتێری گشتیی ناتۆ، راست، ئامادەبوون. AFP/گێتی ئیمەیجس

# ئەردەن هاوبەشی لەگەڵ ناتۆ بەهێز دەکات

دەستەی یونیپاس

بە پشتبەستن بە هاوبەشییەکی سێ دەیەیی، ئەردەن و ناتۆ لە مانگی حوزەیرانی 2025، بە واژۆکردنی رێککەوتنێکی یاسایی دوولایەنە بۆ دامەزراندنی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی ناتۆ (NLO) لە عەممانی پایتەختی ئەردەن، هەنگاوێکی گرنگیان نا.

رێککەوتنەکە لەلایەن باڵیۆز یوسف باتاینە، بەرپرسی ئەرکی شانشینی هاشمیی ئەردەن لە ناتۆ و خافێر کۆلۆمینا، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی ناتۆ بۆ ناوچی باشوورییەکان، واژۆ کراوە.

"ئەم رێککەوتنە هەنگاوێکی گەورەیە لە هاوبەشیی ستراتیژیمان لەگەڵ ناتۆ،" باتاینە رایگەیاند. "هەڵبژاردنی عەممان وەک بارەگای سەرەکی بۆ یەکەم فەرمانگەی ناتۆ لە ناوچەکەدا، رەنگدانەوەی رۆڵی گرنگی ئەردەنە لە برەودان بە ئاشتی، ئاسایش و سەقامگیری لە سەرانسەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا."

بڕیاری کردنەوەی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی ناتۆ (NLO) لە عەممان لە جارنامەی کۆتایی لوتکەی ناتۆ لە لیتوانیا لە مانگی تەمموزی 2023 راگەیەندرا، و لە میانی کۆبوونەوەی لوتکەی ناتۆ لە واشنتۆن لە مانگی تەمموزی 2024ـدا دووپاتکرایەوە.

"ئەو پەیوەندییەی ئەمڕۆ لەگەڵ ئەردەندا هەمانە لە ئێستاوە زۆر تەندروستە. ئێمە بوارێکی زۆرمان بۆ هەماهەنگیکردن هەیە. ئێمە زۆربەی ئامرازەکانی هاوبەشیمان بەکاردەهێنین" کۆلۆمینا ئاماژەی پێدا. "کردنەوەی فەرمانگەکە گۆڕانکارییەکی گەورە دەبێت لە چۆنیەتی هەماهەنگیکردنمان لەگەڵ ئەردەن. ئەمەش ئاسۆ بۆ هەماهەنگی لە بواری زیاتر دەکاتەوە، ئامادەیی فیزیکیمان لە عەممان بۆ دابین دەکات کە بۆ خێراتر گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکانمان یارمەتیدەرمان دەبێت. فەرمانگەکە گرنگیی سیاسی هەیە، ئامادەیە بۆ بەهێزکردنی ئەو پەیوەندییە نایابەی کە هەیە و پشتیوانی لەو هەماهەنگییە پراکتیکییە دەکات کە لەگەڵ ئەردەن هەمانە."

خاوەن شکۆ پاشا عەبدوڵلای دووەم بن ئەلحوسەینی ئەردەن رۆڵێکی گرنگی لە زیادکردنی هەماهەنگی لەگەڵ ناتۆدا هەبوو. لە بەیاننامەیەکی بڵاوکراودا لەلایەن وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەردەن ئاماژە بەوە کراوە کە بڕیارەکە دان بە رۆڵی سەرەکیی ئەردەن لە برەودان بە سەقامگیریی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا دەنێت، وە هەروەها لە بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە سنووربەزێنەرەکانی هاوشێوەی تیرۆر و توندڕەوی توندوتیژ، ستایشی دەستکەوتە درێژخایەنەکانی دەکات.

سەرچاوەکان: ئەل جەزیرە، ناتۆ، ز جۆردەن تایمز

# ڕێککەوتنەکانی تاجاکستان و OSCE سوود بە ئاسایشی سنووری ناوچەیی دەگەیەنن

دەستەی یونیپاس

فەرمانگەی بەرنامەی ڕێکخراوی ئاسایش و هەماهەنگی لە ئەوروپا (OSCE) لە دوشەنبێ، تاجاکستان، چوار کامێرای چاودێریی ڤیدیۆیی بۆ بەکارهێنان لە سنووری ناوچەی پەنجی وڵاتەکە لەگەڵ ئەفغانستان، گەیاندە دەزگای سنووریی تاجاکستان.

ئامێرە ڤیدیۆییەکان بەشێکن لە قۆناغی سێهەمی پرۆژەیەک کە بۆ سەقامگیرکردنی سنووری باشووری تاجاکستان لەگەڵ ئەفغانستان لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە دارایی بۆ دابینکراوە. عەقید ڕوکن ڕەجەبالی ڕەحمۆنالی، فەرماندەی سەربازە سنوورییەکانی لیژنەی دەوڵەت بۆ ئاسایشی نیشتمانی، جەختی لە گرنگیی هاوکارییەکانی یەکێتی ئەوروپا لە بەهێزکردنی ئاسایشی سنووری تاجاکستان و ئەفغانستان، وە سەرتاسەری سنوورەکانی ناوچەکە کردەوە و داوای فراوانکردنی بەرنامەکەی کرد.

بە گەیاندنی لە مانگی تەمموزی 2025، ئامێرە ڤیدیۆییە لە دوورەوە بەڕێوەبراوەکان بوار بۆ سەربازانی سنوور دەڕەخسێنێت لە هەموو بارودۆخێکی کەشوهەوادا چاودێریی زەوییە سەختەکان بکەن، ئەمەش وەڵامدانەوەی خێرا بۆ دۆخە پەرەسەندووەکان چالاک دەکات. لەم دواییانەدا بەهای خۆی پیشاندا کاتێک ماسیگرێک لە نارەحەتیدا بوو لەسەر ڕووباری پەنج بە یارمەتی چاودێریی ڤیدیۆیی ڕزگار کرا.

جگە لە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو، پرۆژەکە کە لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە دارایی بۆ دابین دەکرێت، مەشقی تایبەتمەندیش بۆ ئەندامانی دەزگا سنوورییەکان دابین دەکات. لە ساڵی 2009، OSCE "بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاریی بەرپرسانی باڵای ئاسایش و بەڕێوەبردنی سنوورەکان لە هەمان کاتدا پەرەپێدانی هەماهەنگیی زیاتر و ئاڵوگۆڕی زانیاری،" کۆلێژی دەستەی بەڕێوەبردنی سنوور (BMSC)ـی لە دوشەنبێ دامەزراند.



ئەفسەرانی سەربازانی سنووری تاجاکستان لە مانگی ئازاری 2025دا، لە میانی خولێکی بنیاتنانی توانای تاکتیکیی مەیدانی لە شاری پەنج، ناوچەی خەتلۆن لە تاجاکستان، کارامەییەکانیان پەرەپێدەدەن. OSCE

کۆلێژی دەستەی بەڕێوەبردنی سنوور (BMSC) ناوەندێکی باڵای OSCEـیە و زیاتر لە 100 خول و بۆنەی تایبەتی بۆ زیاتر لە 2200 بەرپرس لە پاسەوانی سنوور، پۆلیسی سنوور، گومرگ، کۆنترۆڵکردنی ماددەی هۆشبەر و دەزگاکانی تر وڵاتانی ئەندام و هاوبەشی OSCE ئەنجامداوە.

لە مانگی ئاياری 2025، ئەفسەرانی سەربازیی سنووری تاجاکستان خولێکی مەشقی OSCEـیان لە خورۆگ، لە هەرێمی خۆسەری گۆرنۆ باداخشانی وڵاتەکە تەواو کرد. خولی بنیاتنانی توانای تاکتیکیی مەیدانی، کە تیشکی خستبووە سەر وەڵامدانەوەی تاکتیکی، لێهاتوویی مانەوە لە ژیان، تۆپۆگرافی و فریاگوزاریی سەرەتایی، لەلایەن ڕاهێنەرانی تاجیکییەوە کە دەرچووی قۆناغێکی پێشووتری مەشقەکانن، ئەنجامدرا. سەرچاوە: OSCE

# کوەیت هێزە چەکدارەکانی هاوچەرخ دەکات

دەستەی یونیپاس

بە یارمەتیی وڵاتانی هاوبەش، کوەیت لە دوای بەدەستهێنانەوەی سەروەری و سەربەخۆیی خۆی، لە مانگی شوباتی 1991ـەوە سەرقاڵی بنیاتنانەوەی هێزە چەکدارەکانی بووە.

ئەمریکا هاوبەشێکی باڵای کوەیت بووە، کە هاوپەیمانێکی سەرەکیی دەرەوەی ناتۆیە. بۆ نموونە، لە مانگی حوزەیرانی 2025، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەگەری فرۆشتنی سەربازیی بیانی (FMS)ـی بە فرۆشتنی سیستەمی پشتیوانیی بەردەوامی تانکی شەڕی سەرەکیی M1A2 Abrams و ئامێرە پەیوەندیدارەکان بە حکومەتی کوەیت پەسەند کرد. بەهای گرێبەستەکە 325 ملیۆن دۆلارە، کە پارچەی یەدەگ و دەستەی چاککردنەوەش لەخۆدەگرێت. بەنامەی FMS بڕی 28 ملیار دۆلاری لە فرۆشتنی بەردەوامی نێوان ئەمریکا و کوەیتدا بەدەستهێناوە، باشترکردنی توانای کوەیت بۆ بەرگریکردن لە سنوورەکانی، بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، پێشخستنی ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە مسۆگەردەکات.

بە هەمان شێوە، بۆ مانەوەی هاوشان لەگەڵ پەرەسەندنی ئاڵنگارییە ئاسایشییەکان لە ناوچەکەدا، سەرکردایەتیی کوەیت هەوڵی داوە دابینکارانی چەک و تەقەمەنی هەمەچەشن بکات. لە ساڵی 2016، گرێبەستێکی کرین بە بەهای 8.7 ملیار دۆلار لەگەڵ لیۆناردۆی ئیتاڵی بۆ 28 فڕۆکەی جەنگیی یۆرۆفایتەر تایفون واژۆ کرد. تا مانگی تەمموزی 2025، هێزی ئاسمانیی کوەیت 15 فڕۆکە لە کۆی 28 فڕۆکەی بەدەست گەیشت.

کاتێک کوەیت فڕۆکە نوێیەکانی تایفون و فڕۆکەی F/A-18 Super Hornets دروستکراوی ئەمریکای بەدەست دەگات، پلانیان بۆ لابردن و فرۆشتنی ڕێژەیەکی بەرچاو لە قافڵەی F/A-18 Hornetـی خۆیان داناوە.

هێزە چەکدارەکانی کوەیت لە دوای ئازادکردنی لە ساڵی 1991 لەلایەن هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا، بە پرۆسەیەکی گەورەی پێکهێنانەوەدا تێپەڕی. سەرکردە سەربازییەکانی کوەیت پلانێکی گشتگیر و درێژخایەنیان بۆ دارشتنەوەی سەربازی پەرەپێدا. بە ڕەنگدانەوەی وانەکانی داگیرکاری و ڕزگاری، پلانەکە زیادکردنی دامەزراندن، مەشق و هاوچەرخکردنی ئامێرەکانی لەخۆگرتبوو.

سەرچاوەکان: CNBC، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، alert5.com، overtdefense.com، turdef.com

# سعودیە بەرگریی ئاسمانی باشتر دەکات

دەستەی یونیپاس

**به** هاوچەرخکردنی بەرگریی موشەکیی بالیستیی خۆی، هێزەکانی بەرگریی ئاسمانی شاهانەی سعودیە (RSADF) یەکەم یەکەی خۆی لە سیستەمی بەرگریی کۆتای ناوچەی زۆر بەرز (THAAD)ـی دروستکراو لەلایەن ئەمریکاوە، خستووەتە کار.

لە مەراسیمی بەگەڕخستندا لە دامەزراوەی هێزەکانی بەرگریی ئاسمانیی سعودیە لە جەددە لە مانگی تەمموزی 2025، فەرماندەی هێزەکانی بەرگریی ئاسمانیی شاهانەی سعودیە (RSADF) فەریق مەزیاد بن سلێمان ئەلعەمرو ئاڵای یەکەکەی پێشکەش بە ئەفسەری فەرماندەی یەکە تازە پێکهاتووەکە کرد.

بۆ بەگەڕخستنی سیستەمی بەرگریی کۆتای ناوچەی زۆر بەرز (THAAD)، تیمێک لە ئەفسەرانی سعودی خولێکی مەشقی دوو قۆناغییان لە ئەمریکا تەواو کرد. قۆناغی یەکەم پێکهاتبوو لە 20 هەفتە لە مەشقی تاکەکەسی لە فۆرت بلیس، تەکساس. دەبوو هەر فێرخوازێک لە تاقیکردنەوەی زمانی ئینگلیزی دەربچێت و مەرجەکانی دیکەی تێدابێت. قۆناغی دووەم بریتی بوو لە مەشقی مەیدانی لە سعودیە خۆیدا.

97 ئەفسەری سعودی لە مانگی تشرینی دووەمی 2024 لە فۆرت بلیس مەشقی تاکەکەسیان تەواو کرد، بەڵام ئامانجەکە بریتییە لە مەشقپێکردنی زیاتر لە 760 ئەندامی سعودیە بۆ بەگەڕخستنی حەوت یەکەی



**ئەفسەرانی سعودیە لەسەر بەڕێوەبردنی سیستەمی بەرگریی کۆتای ناوچەی زۆر بەرز (THAAD) لە ویلایەتی تەکساس لە وانەیەکدا ئامادە دەبن.**
پاتریک ئەدێلمان/فەیلەقی ئەندازیاری سوپای ئەمریکا

سیستەمی بەرگریی کۆتای ناوچەی زۆر بەرز (THAAD). لە مانگی تشرینی دووەمی 2018، بەرپرسانی ئەمریکا و سعودیە بۆ کڕینی 44 مووشەکهاوێژی سیستەمی بەرگریی کۆتای ناوچەی زۆر بەرز (THAAD 360)، مووشەکی ڕێگریکەری سیستەمی بەرگریی کۆتای ناوچەی زۆر بەرز (THAAD) و ئامێری تر، گرێبەستێکی 15 ملیار دۆلارییان بۆ شانشینی سعودیە واژۆ کرد.

یەکەیەکی سیستەمی بەرگریی کۆتای ناوچەی زۆر بەرز (THAAD) پێکدێت لە شەش بارهەڵگری هاوێژەری M1120 کە هەریەکەیان هەشت مووشەکی ڕێگریکەری لەخۆدەگرێت، دوو ناوەندی ئۆپەراسیۆنی تاکتیکی گەڕۆک و ڕاداری زەمینی کە مەودای چاودێریکردنی دەگات بە 966 کیلۆمەتر.

سیستەمی بەرگریی کۆتای ناوچەی زۆر بەرز (THAAD) کە بۆ شکستپێهێنانی موشەکی بالیستی مەودای کورت، مامناوەند و نێوەندی لە کۆتا قۆناغی فڕینیاندا داڕێژراوە، لەو کاتەوەی بۆ یەکەمجار لە ساڵی 2008ـدا خراوەتە کار ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پاراستنی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیدا بینیووە.

”ئەمە تواناکانی بەرگریی ئاسمانی سعودیە بۆ ڕێگریکردن لە مووشەکەکانی بالیستی لە بۆشایی ئاسمانەوە بەرز دەکاتەوە،“ دکتۆر ئەحمەد ئەل شەهری، سەرۆکی سەکۆی شارەزایانی سعودیە ئاماژەی پێدا.

سعودیە پێکەوەبەستنی هەندێک پێکهاتەی سیستەمی بەرگریی کۆتای ناوچەی زۆر بەرز (THAAD) لە ناوخۆ بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانی بەرهەمهێنان و تەکنەلۆژیی سعودیە وەک بەشێک لە پلانی بە نیشتمانیکردنی دابینکارییەکانی بەرگری کە لە ڕوانگەی 2030ـی سعودیەدا هاتووە، مسۆگەرکرد.

سعودیە و ئەمریکا هاوبەشی پابەندن و بۆ باشترکردنی هەماهەنگیی و بەرزکردنەوەی توانای بەرگریی ئاسمانی بەشێوەیەکی بەردەوام لە مەشق و ڕاهێنانی سەربازی دوولایەنە و فرەلایەنەدا، لەوانە ئاڵای سوور، پێداگریی هەڵۆ و لمی سووردا بەشداری دەکەن.

سەرچاوەکان: ئەل جەزیرە، پێزانینی سوپا، centcomcitadel.com

# تورکمانستان بۆ وەستاندنی تیرۆر پەرە بە هەماهەنگیی نێودەزگایی دەدات

دەستەی یونیپاس

هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر قوتابخانە، ناوەندی بازرگانی و پەرستگاکان کێشەیەکی جیهانییە کە لە پەرەسەندندایە.

چەسپێنەرانی ئاسایش لە زیاتر لە 20 دەزگای حکومیی تورکمانستان بۆ بەرگریکردن دژ بە توندڕەوی توندوتیژ کە هاوڵاتیانی مەدەنی لاواز دەکەنە ئامانج، بەشدارییان لە مەشقێکی دوو ڕۆژەدا کرد کە لەلایەن ڕێکخراوی ئاسایش و هەماهەنگی لە ئەوروپا (OSCE) لە مانگی نیسانی 2025 لە ئەشقئابادی پایتەخت بەڕێوەچوو.

”سروشتی جیهانیی مەترسییەکانی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، یەکخستنی هەوڵە نێودەوڵەتییەکانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی پێویست کردووە،“ گێلدیمیرات هالدوردییێف، سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتیی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی تورکمانستان ڕایگەیاند.

ئەمە ”بەتایبەت پەیوەندیدار بە پاشخانی بارودۆخی ئاڵنگاریی جیهانی، ململانێ چەکدارییەکان لە ناوچە جیاوازەکانی جیهان سەرهەڵدەدەن و مەترسییەکی ڕاستەقینە بۆ هەموو مرۆڤایەتی دروست دەکەن،“ هالدوردییێف ڕایگەیاند.

پسپۆڕانی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی بەرلین و فەرماندەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری نەتەوە یەکگرتووەکان لەڕێگەی گفتوگۆکان لەسەر ئاسۆی هەڕەشە هەنووکەییەکان، بەڕێوەبردنی مەترسی و قەیرانەکان و ڕەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ، ئەزموونەکانیان لەگەڵ ئەو بەشداربووانەی کە ڕێوشوێنی ئاسایشی فیزیکی، دەستنیشانکردنی هەواڵگریی دوژمنکارانە و ڕێکارەکانی چۆڵکردنیان وەرگرتووە، هاوبەشیپێکرد.

”بۆ باشتر پاراستنی ئامانجە نەرمەکان، زۆر گرنگە تێگەیشتنێکی باشت هەبێت لە چۆنیەتی ڕەفتاری هێرشبەران و دەرکردنی بڕیار، ئەو مەترسییانەی لە ئارادان و دەکرێت چ ڕێوشوێنێکی ئەگەریی کەمکردنەوە زیان پێویست بێت،“ جۆن مەکگریگەر، سەرۆکی ناوەندی OSCE لە ئەشقئاباد ڕایگەیاند.

سەرچاوە: OSCE

# حوسییەکان برەو بە بێیاسایی دەدەن

دەستەی یونیپاس

## حوسییەکان بەردەوامن لە پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان

لەڕێگەی زەوتکردنی مافە مرۆییەکانی خەڵکی یەمەن و هێرشکردنە سەر کەشتییە بازرگانییەکان کە بە گەرووی باب ئەل مەندەب و دەریای سووردا تێدەپەڕن.

گرووپی تیرۆریستی حوسی لە مانگی تەمموزی ساڵی 2025ـدا لە دەریای سووردا هێرشی کردە سەر کەشتی بارهەڵگری ئیتێرنتی سی کە ئاڵای لیبریای لەسەر بوو و نوقمیان کرد، بەهۆیەوە چوار دەریاوان کوژران و 15ـی دیکەش بێسەروشوێن بوون. حوسییەکان 11 ئەندامی ڕزگاربووی تیمەکەیان بە بارمتە گرت. بە هەوڵەکانی حکومەتی عومان لە مانگی کانوونی دووەمی 2025 ئازاد کران.

ژووری نێودەوڵەتیی کەشتیوانی و ئەنجومەنی دەریایی باڵتیک و نێودەوڵەتی، کۆمەڵەیەکی جیهانی کەشتیوانییە و نوێنەرایەتی خاوەن کەشتی، بەگەڕخە و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تری پیشەسازیی دەریایی دەکات، سەرکۆنەی هێرشەکەیان کرد و داوای زیادکردنی ئاسایشی دەرییایان لە ناوچەکەدا کرد.

”بە بێ بایەخییەکی بێبەزەییانە بۆ ژیانی دەریاوانە مەدەنییە بێتاوانەکان هێرشیان کراوەتە سەر ئەم کەشتییانە،“ ئاماژەیان بە ئەوە کرد.

”ئەم کارەساتە تیشک دەخاتە سەر پێویستیی وڵاتان بۆ پشتیوانکردنی بەهێزی بەردەوام لە پاراستنی کەشتیوانی و ڕێڕەوی دەریایی گرنگدا.“

لە نێوان مانگی تشرینی دووەمی 2023 و کانونی دووەم 2025، حوسییەکان زیاتر لە 100 هێرشیان ئەنجامداوە کە کەشتییە بازرگانییەکانیان کردە ئامانج، دوو کەشتییان نوقم کرد و دەستیان بەسەر کەشتییەکی تردا گرت و دەریاوانەکانیان کوشت.

لە ئەنجامی ململانێی بەردەوام و دڕندەیی حوکمڕانیی حوسییەکان، گەلی یەمەن تووشی دابڕاندن، ئاوارەبوون، سنووردارکردنی جووڵە و پێشێلکارییەکانی تری مافەکانی مرۆڤ بوون.

تا مانگی ئازاری 2025، زیاتر لە 4.5 ملیۆن هاوڵاتیی یەمەنی، واتە 14%ـی دانیشتووانی یەمەن، لە ناوخۆی وڵاتدا ئاوارە بوون. بە وتەی کۆمسیاری باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ماوەی چەند ساڵێکدا زۆربەیان چەندین جار ئاوارە بوون. زیاتر لە 18.2 ملیۆن کەس، زیاتر لە نیوەی دانیشتووان، پێویستییەکی زۆریان بە هاوکاریی مرۆیی هەیە. زیاتر لە 5 ملیۆن یەمەنی بە تووشی بەدخۆراکی توند بوون.

حوسییەکانی هاوپەیمانی ئێران، کە لەلایەن ئەمریکاوە بە گرووپێکی تیرۆریستی دەستنیشانکراون، لە ساڵی 1990 لە ژێر ناوی ئەنسار الله لە باکووری یەمەن سەریان هەڵدا. لە دوای ئەنجامدانی کودەتایەک لە دژی حکومەتی دەستووریی یەمەن و کۆنترۆڵکردنەوەی سەنعای پایتەخت لە مانگی ئەیلوولی 2014، حوسییەکان جەنگێکی ناوخۆیی وێرانکەریان لە یەمەن بەرپاکردووە و وەک بەکرێگیراوێکی ئێران لە ناوچەکەدا کاری کردووە.

سەرچاوەکان: ئەل جەزیرە، UNCHR، BBC

**کەشتیی بارهەڵگری روبیمار کە لەلایەن بەریتانیاوە تۆمارکراوە، دوای ئەوەی لە مانگی ئازاری 2024 لە ئاوە نێودەوڵەتییەکانی دەریای سووردا لەلایەن گروپی حوسییەکانەوە هێرشی کرایە سەر، نوقم دەبێت.** گێتی ئیمەیجس





گۆڤاری یونیپاس بەخۆڕایی بۆ ئەو لایەنانە دابین دەکرێت کە پەیوەستن بە پرسەکانی ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشوری ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاست.

# هاوبەشیپێکردنی زانیاری

## بیبەخشە بە یونیپاس

هەر بیرۆکەی چیرۆکێك، نامە بۆ سەرنووسەر، وتاری هزری، وێنە و ناوەڕۆکی تر بنێرە بۆ دەستەی سەرنووسەرانی یونیپاس لەCENTCOM.UNIPATH@MAIL.MIL

## ئامۆژگاریی پێشکەشکردن

- وا پەسەندترە بابەتی پێشکەشکراو بە زمانی ڕەسەنی خۆت بێت. یونیپاس خۆی وەرگێڕان دابیندەکات.
- نابێت وتار لە 1,500 وشە زیاتربێت.
- تکایە با هەر پێشکەشکردنێک ژیاننامەیەکی کورت و زانیارییەکانی پەیوەندیکردن لەخۆبگرێت.
- پێویستە قەبارەی فایلی وێنە بە لایەنی کەمەوە 1 مێگابایت بێت.

## مافەکان

نووسەرەکان خاوەنی هەموو مافەکانی کەرەستە ڕەسەنەکانی خۆیانن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە مافی پێداچوونەوەمان هەیە بە وتارەکاندا بۆ ئەوەی پێویستییەکانی شێواز و پانتاییان تێدا بەرجەستە ببێت. پێشکەشکردنی وتار زامنی بڵاوکردنەوەی ناکات. بە بەشداریکردن لە یونیپاس، ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ ڕازیت بەو مەرجانە.



بۆ بەشداریکردنی **بێبەرامبەر** ئیمەیڵمان بۆ بنێرە بۆ CENTCOM.UNIPATH@MAIL.MIL

یاخود نامەمان بۆ بنێرە بۆ:
Unipath
U.S. Central Command
7115 S. Boundary Blvd.
MacDill AFB, FL 33621 USA

تکایە با ئەمە ناوی خۆت، پیشەکەت، ناونیشان و پلەکەت، ناونیشانی پۆستە و ناونیشانی ئیمەیڵەکەت لەخۆبگرێت.

HTTPS://UNIPATH-MAGAZINE.COM/KU